جەمال نەبەز

# بیری زانستانە

## یان

## لێهانی بالۆرەی
## تر...م- پر... م- پف



هەواڵنامەی کتێب

وێنەی بەرگ
هونەرمەند برایان

پێشکێش

بــــەو

کوڕی ڕۆژ و خوێژێن و هەڵپەرستانە

بـــێ

کە هەڵمەتەکاسەیی و مارئاسمانێتی یان کردووە

بـــــــە

ڕێبازی ژیانیـــــــان

پێشکێش

بــە

لێدەرانـــــی

بالـــۆرەی

"تڕڕم ... پڕڕم ... پـــــف"

بــــێ

## سەرەتایەکی پێویست

لە پارەوە ، و بە پشتگیری و یارمەتیی مالیی حکوومەتی بەریتانیا،گۆڤارێك بە زمانی کوردی بە نێوی ( پەیڤ ) ە وە لە لەندەن دەردەچێ • ئەم گۆڤارە کە بە تیپی عەرەبی و شێوەی کرمانجیی نێوەراست (سورانی ) چاپ دەکرێ ، بووەتە زورنای ئەو دەزگەیەی کە نێوی نراوە ( ئینستیتووتی کولتووری کورد ) لە لەندەن • ئەم ئینستیتووتە ، کە لەم چەند ساڵەی دواییدا بە دەست پێشکەریی کاربەدەستانی ئینگلیز دامەزرا ، هەر لە سەرەتاوە ، و بە نیازی دەست بە سەرداگرتن و سوود لێ وەرگرتن ، بووە مەیدانی پێشبڕکێ و رکەبەرایەتی و شەڕەزرتانیّی ئەو کۆمەڵە و دەستە و پارتی و رێکخراوە کوردییانەی کە لە بەریتانیا ئەندام و لایەنگریان هەیە • هەروەها بووە گۆڕەپانی هەڵمەتەکاسەیی و خۆپێشخەریی هێندێك لەو کوڕی رۆژ و خۆبژێتانەی کە لە نێو خەڵکیدا بۆیاخی ( بی لایەنی ) یان لە خۆیان هەڵسووە ، کەچی لە لای هەموو لایەکیش بە دڵی ئەو لایە قسە دەکەن ، و وا خۆیان پێشان دەدەن کە سەر بەو لایەنەن • لە ئەنجامی ئەم حەنەحەبەشێ و گوریس کێشەکێیەدا ، و بۆ ئەوەی هەموو لایەك لەژێر ( کڵاوێك ) دا کۆبکرێنەوە ، سەرپەرشتیی گۆڤارەکە درایە دەست گوایە ( بێ لایەن ) کەمال میراودەلی ، کە ئەویش بەپێی ( فەرمانی مفتی ) و بۆ راگرتنی دڵی ( هەموو لایەك ) ، لیستەیەکی بیست سەریی لە ژێر نێوی خۆیەوە ، بە نێوی ( دەستەی پشتگیری ) - یەوە رەش کردووەتەوە ، کە هەر یەك و دوویان لە ئاوازێك دەخوێنن ، و لە نێو ئەوانەشدا هێندێك هەن کە باوەڕ ناکەم هەر بتوانن گۆڤارەکە بەو تیپ و شێوە کوردییە بخوێننەوە و تێ بگەن چی تێدایە • ئەم ئەم پێکهاتە کۆکتێلانەیەی کارگێڕانی گۆڤارەکە ، و جۆری بابەتی

نووسینەکانی ، بەڵگەیەکی بەهێزن بۆ ئامانجی شاراوەی ئـــــەو ( ئینستیتووتە ) ، و وێنەیەکی بالآ نوێنی ئەو گێژاو و ئاژاوەیەیە کە هوردە بۆرژوای خوێندەواری کوردی دەربەدەری ئەورووپای تێکەو - تووە ، بەتایبەتی لە پاش هەرەسەکەی مارتی ١٩٧٥ ەوە ٠

ئەوانەی بە چاوێکی هەق خوازانەوە دەڕواننە مێژوو و بە- سەرهاتەکانی شۆرشی ئەیلوول، هەر لە سەرەتای هەڵگیرسانی یەوە لە ١٩٦١/٩/١١ دا تا هەرەسهێنانی لە ١٩٧٥/٣/٢٦ دا ، دەزانن کە هوردە بۆرژوای خوێندەواری کورد لە هەرەسهێنانی شۆرشـــدا دەورێکی زۆر کارای گێڕاوە ، ئەگەرچی تاقە دەستەیەکی کورد بووە کە سوودی ماددیی گەورە گەورەی لە شۆرش وەرگرتووە ٠ جا لەبەر ئەوەی لە گەلێك شوێنی دیکەدا سروشت و تایبەتکارەکانی هوردە بۆرژوای خوێندەواری کوردم بە خەستی باس کردووە ، نامـــــەوێ لێرەدا بە تانوپۆی ئەو باسەدا بچمەوە خوارێ ٠ خوێنەرەوە دەتوا- نێ بگەڕێتەوە بۆ ئەو بەرهەمانەم کە پێوەندییان بەم بابەتەوە هەیە ، وەك کتێبی : گۆڤاری نیشتمان - تەمووزی ١٩٤٣ تا مایسی ١٩٤٤ ، زمانی حاڵی ( کۆمەڵەی ژێکاف ) ( ژ ٠ ك ) و ئیدیۆلۆژیی هوردە بۆرژوای رۆشنبیری ناسیۆنالیست لە کوردستاندا - بە بۆنەی تێپەڕ بوونی چل ساڵ بە سەر دەرچوونی ( گۆڤاری نیشتمان ) دا لە تەمووزی ١٩٨٣ دا ، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی بۆ زانـــست و هونەر / ستۆکهۆڵم ، بنکەی چاپەمەنی ئازاد - سوێد ٢٥٩٧ ك / ١٩٨٥ ف ٠ هەروەها کتێبی : بیری نەتەوەییی کوردی نە بیـــری ( قەومیەت )ی رۆژهەڵاتی و نە بیری ( ناسیۆنالیزم )ی رۆژاواییە ٠ وتارێکی سەمینارییە لە ١٩٨٤/٨/١٨ دا لە ستۆکهۆڵم / سویـــد پێشکێش کرا ، بنکەی چاپەمەنی ی ئازاد / سوید ، ٢٥٩٦ ك / ١٩٨٤ف٠ هەروەها : (دۆزی ناسیۆنالی کورد : ئۆتۆنۆمی ، یا کوردستانێکـــی

سەربەخۆ ، یا بریاری چارەنووس لە ئازادیدا و بۆ ئازادی - ووتاریکی سەمیناریەیە لە رۆژی ١٩٨٥/٥/١١ دا لە ستۆکهۆلم خوێندرایەوە ، بنکەی چاپەمەنیی ئازاد - سوید ، ٢٥٩٧ ك/ ١٩٨٥ ف ) • بەلام ئەوەی لیرەدا بە کورتی دەمەوێ بیهێنمەوە بیر ئەوەیە ، هوردە بۆرژوای خوێندەوار لە پاڵ سەرکردەیەتیی کلاسیکی کورددا شۆرشی ئەیلوولی دەبرد بەرێوە • بیگومان راستە کە دەستەی کلاسیك نیشانە ( رمز )ی ریبەریتی و چەقی قورسایی شۆرشەکەبوو ، بەلام داوودەزگەی بیرۆکراتی و رۆشنبیری و پروپاگەندەیی و کارگیریتیی سیاسەتی دەرەوەی شۆرش هەمووی بە دەست ئەم تۆیکە هوردە بورژوا خوێندەوارە بوو • جا چونکە هوردە بۆرژوای خوێندەواری کورد لە پاش جەنگی جیهانیی دووەمەوە ، و لە بەر ئەو هۆیانەی کە لە بەرهەمە نێوبراوەکانمدا باسم کردوون ، بیری مارکسێتیی ریفۆرمیستانەی کردووە بە ئێدیۆلۆژیی خۆی ، هەروەها لە نێو رەشورووتی کوردەواریدا جەماوەری نەبووە ، ناچار بوو بۆ جێکردنەوەی پێی خۆی ، وەك بەردەستێك و بنکەدار ( وکیل )ێکی سەرکردەیەتیی کلاسیك بکەوێتە کار • جا لەبەر ئەوەی کولتووری هوردە بۆرژوای خوێندەواری کورد ، لە بنەرەتدا ، کولتووریکی کوردانە نییە ، بەلکوو خڵتەی رۆشنبیریی ئەو دەزگە و قوتابخانانەیە کە داگیرکەرانی کوردستان بو ئاوەگی کردنی کورد دایان ناوە ، و تەنانەت ئەو مارکسێتییە دەسکاری کراوەی خۆیانی پێوە بادەدەن ، لە ریی هوردە بۆرژوای عەرەب و تورك و فارسەوە وەریان گرتووە ، نەك یەکسەر لە سەرچاوە رەسەنە راستەقینەکەی خوێ ، چونکە مارکسزیم خۆی لە خۆیدا بەرهەمێکی کولتووری سیاسی و کۆمەلایەتیی ئەورووپاییە ، نەك رۆژهەلاتی ، دیارە ئەم راستییە و ئەوەی لە سەرەوە پەنجەم خستە سەری لە لاوازی و دەستەووستانی هوردە بۆرژواکە خۆی ، گەلێك خۆماڵی وەك ریزێبی و بێ بەروپشتی و

دووڕوویی و باوەڕ بە خۆ نەکردن و هەلپەرستی و خۆ بە زل گرتن و ٠٠٠ هتد پێ پەیدا کردووە ، و ئەوە بوو کە شۆڕش هەرەسی هێنا ، بە هەموو فرتوفێڵێك و هەڵوێستێکی نامەردانەوە هەوڵی ئەوەی دەدا کە تەواوی گوناهەکەی بخاتە ئەستۆی بەهەشتی بارزانی و خۆی بە هەزار درۆ و بڕوبیانوو بپەرێنێتەوە ٠

پاش هەرەسهێنان و ئەو کوێرەوەرییە مەزنەی تووشی ڕەشوڕووتی کوردستان هات کە ئێستەش لە ژێریدا دەناڵێنێ ، دەستەی هوردە بۆرژوای خوێندەواری شارنشین ، تاکە تاقمێکی کورد بوو کە پرپشکی ماڵوێرانەکەری هەرەسی بەرنەکەوت ٠ گەلێك لەو خوێندەوارانەی بە نیازی پاشە ڕۆژێکی باشتر بۆ خۆیان ، و بە هیوای ئەوەی کە شۆڕش پاش تازە بوونەوەی لە مارتی ١٩٧٤ دا هەمووی چەند هەفتەیەك دەخایەنێ و بە وتووێژیکی دی و بەیاننامەیەکی دی و دەسکەوتێکی چێتر کۆتایی دێ ، بێ ئەوەی هیچ مەترسییەکی گرتن و کوشتنیان لە سەر بێ ، رایان کردبووە نێو ریزەکانی شۆڕش و بووبوونە کۆڵ و بار بەسەر لادیی و پێشمەرگەی کوردەوە ٠ ئەوجا پاش هەرەسەکە هێندێکیان چووبوونە ئیران ، و پاش گەڕانەوەشیان بۆ عێراق ، یا یەکسەر بوونە نۆکەر و چڵکاوخۆری بەعسییەکان ، بە تایبەتی هێندیك لەوانەی دەستی نووسین و ئەدەبیاتیان هەبوو ، یا چوونەوە سەر کارە کۆنەکانی خۆیان و زەرەر و زیانی لێ نەکەوتوویان بۆ بژێررایەوە ، و ئەوانەی کە رووشیان کردە ئەوروپا ، سا پاش هەرەسەکە و لە ئێرانەوە بووبێ ، یا دووای گەڕانەوەیان بۆ عێراق بووبێ ، ئەوا بە نێوی ئەوەوە کە (زیان)یان لێ کەوتووە ، بوونە پەنابەر ، و زۆریان بوونە خاوەنی خوێندن و پارە و ژن و ماڵ و منداڵ ٠جا لە کاتێکدا باری گرانی شۆڕش لە سەر شانی لادیی و هەژاران و نەخوێندەوارانی کوردستان چۆکی دادابوو و داداوە ، و هەزاران گوندی

کوردستان هەتەر و پەتەر و شوێنەواریشیان نەماوە ، ٩٩٪ ی ئــەو کوردانەی بە پەنابەری هاتنە ئەوروپا سەر بە هوردە بۆرژوای خوێندە- واری شارنشینی کورد بوون ، کە وەنەبێ ئەمانە هەمووشیان پێوەندی- یان ، لە دوورەوە یا لە نێزیکەوە ، بە شۆرشەوە بووبێ ، یا بە هـۆی شۆرشەوە زەرەرێکیان دیبێ . نەخێر . هی وا هەبوو هیچ بەردێکـــی نەنابووە سەر بەردێك و هیچ مەترسی یەکی لە سەر نەبووە . ئەوەش دە- بێ بخەینە بەر چاو کە هی وا هەبوو و هەیە زۆر خزمەتی شۆرش و بز- ووتنەوەی کوردایەتی کردبوو و کردووە ،وسا لانی سالێش چاوەڕوانــی کردووە تا ڕێی هاتنە دەرەوەیان داوە ، و هی واش هەیە هەتا ئێستەش هەر چاوەڕوان دەکات و ڕێی نادرێتی بێتە دەرێ.

شایانی باسە کە هەرچەندە هەر لە سەرەتای هەڵگیرسانـــی شۆرشەوە تا هەرەسەکە گەلێك کوردی خوێندەوار بە نێوی پەنابەرێتی- یەوە ڕوویان کردە ئەوروپا ، بەلام لە هەرەسەکە بەدوواوە و تا ئەورۆ چەند کارەساتێکی وا ڕوویان دا کە تینی بە لێشاوی کۆچ و ڕەوی هور- دە بۆرژوای خوێندەواری کورد دا ، لەمانە تازە بوونەوەی بزووتنەوەی چەکدارانە لە خوارووی کوردستاندا ( لە ١٩٧٦ دا ) و پەلاماردانـی کوردستان لە لایەن بەعسی یەکانەوە بەسانی شەلوکوێرم ناپارێزم . هەروەها دەست پێ کردنی بزووتنەوەی چەکدارانە لە ڕۆژهەلاتـــی کوردستاندا هەر پاش دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ی ئێران بـــە ماوەیەکی کورت ، و سەخت بوون وئالۆزکانی مەسەلەکە لەگەڵکاتدا ، و دووای ئەوەش هەڵگیرسانی جەنگی عێراق و ئێران لە ئەیلولـــی ١٩٨٠ دا و ڕاکردنی ژمارەیەکی زۆر لە گەنجی خوێنـدەواری کورد لە دەست سەربازی ، و پاش ئەمانەش پەیدابوونی بزووتنەوەی چەکد- ارانە لە ژوورووی کوردستاندا لە هاوینی ١٩٨٥ دا بە سەرۆکایەتـی ( پێ - کێ - کێ ) ، و دەست وەشاندنی درندانەی داگیر کەرانـــی

تورك لە خەڵكی ژوورووی كوردستان ، كە لە نێو ئەم جوڵانەوانەی دوواییدا ژمارەیەك جۆتكار و سەپان و گوندی و نەخوێندەوار و پەك كەوتە دەكەونە بەر چاو ٠

لێرەدا پێویستە دەست بۆ ئەو راستییە رابكێشم كە ژمارەیەك لەو پەنابەرە هوردە بۆرژوا خوێندەوارانەی پاش هەرەسەكە لە كوردستانەوە روویان كردە ئەورووپای رۆژاوا ، یان پاش تەواو كردنی خوێندن لە وو ڵاتەكانی بەرەی رۆژهەڵات ؛ نەگەڕانەوە كوردستان و هاتنە ئەمبەر ، هەر لە سەرەتاوە پێڕەوی ئەو حیزب و كۆمەڵانەیان دەكرد كە لە كوردستاندا پێوەندییان لە گەڵیان هەبوو یان لە ئەورووپای رۆژهەڵات پێوەندییان پێوە كردبوون ، بەلام ژمارەیەكی دیكە ، بەتایبەتی هێندێك لەوانەی خەریكی شیعر و نووسین بوون ، و ماوەیەك لە كوردستاندا لە سەر رێ و شوێنی هەلپەرستانە ، سەریان بە كۆشی ئەم حیزب و ئەو حیزبدا كردبوو ، و لە هیچ لایەك جێیان نەبووبووەوە ، كە هاتنە ئەورووپا و لە بار و دۆخی ئەورووپا گەیشتن ، كەوتنە بانگاشەی ( بێ لایەنی ) ئەگەرچی لە قسە فەریكە ماركسییانە كەی خۆیان هەر نەكەوتن ، نەبا بۆیاخی ( پێشكەوتنخوازی ) یە درۆزنەكەیان كاڵ ببێتەوە ، چونكە دەیانزانی ئەو جۆرە قسانە لە ئەورووپا هیچ گوومرگێكی لەسەر نییە خۆ بە تایبەتی ئەگەر كەسێك هاتوو و گوتی : ( بێ لایەنم و سەر بە هیچ حیزب و كۆمەڵێك نیم ، و مرۆڤێكی دیمۆكراتم و رێزی هەموو لایەك دەگرم و ئاشتی خوازم ، و هەر دەمەوێ خزمەتی كولتوور بكەم و نامەوێ خەریكی سیاسەت بم ) ، ئەوا ئەو كەسە هیچ سەریەشەیەك بۆ خۆی دروست ناكات و دەتوانێ خۆشی بژینێ ، بەڵكوو ئەگەر بێ ویژدانیش بوو ، ئەوا دەتوانێ بازرگانیشی پێوە بكات ٠ جا ئەم ( بێ لایەنی ) یە ساختەیە ، و ئەم خۆبژینییە ، لە پاڵ گوایە خزمەتی

کولتووری کورددا ، ڕێبازێکی تازەیە لە لای هوردە بۆرژوای خوێندە-
واری کورد • چونکە ٢٠ ساڵێك لەمەوبەر کوردێکی زۆریش لە ئەورووپا
هەبوو - بەڵێ بەقەد ئەوڕۆ نا ، بەلاّم هەبوو - کەچی هەر ئێمە بـــووین
کە لەچارچێوەی ڕێکخراوی ( یەکێتیی نەتەوەییی خوێندکارانی کورد
لە ئەورووپا ) - نوکسە - دا بە تەنگ کولتووری کوردەوە دەهاتین ، و بە
ئەورووپاییەکانمان دەناساندن • بۆ وێنە : لە سەر زمانی کوردیمان
دەنووسی ، و هۆنراوە و پەندی پێشینان و مێژووی کوردمان بە زمانی
ئەورووپایی بڵاو دەکردەوە ، و سەدان و بگرە هەزاران کۆبوونەوەی سە-
ميناریمان دەگرت بۆ باسی مەسەلەی کورد • لێرەدا ئامادەم پەنجـــە
بکەم بە چاوی هەموو کەسێکدا کە یەکێکی دی بهێنێ بۆم بێجگە لـــە
هاوبیرانی ( نوکسە ) کە ئەو زەمانە لەم وولاّتانەدا،و لە پاڵ سیاسەت
کردندا ، باسی کولتووری کوردی کردبێ و ڕەنجی لەگەڵ دابێ • هۆی
ئەوەش ئەوە بوو کە ئەو دەمە بە کولتووری کورد نان پەیدا نەدەکـــرا •
ئێمە کە ئەو حەلە خوێندکار بووین ، بە کرێکاری نانی ڕۆژانەمـــان
پەیدا دەکرد ، و لە دەمی خۆمانمان دەگێڕایەوە و دەرخواردی ڕۆشنبیر-
یی کوردیمان دەدا ، و ئێمە لەم ڕووەوە دەستپێشکەر و سەردەق شکێـن
بووین ، و شوێنەواری هەموو ئەو خزمەتانەمان ماون و کوێر بە کوێری
خۆیەوە دەیان بینێ • بەلاّم ئەوڕۆ باکە لە لایەکی دیکەوە دێ ، تەنا -
نەت بە ( کولتوور )ی بڕوێش و پیرخەنیلە و چەندسووتەکەش ( کورد-
ایەتی ) دەکرێ ، ببورن ••• پارە پەیدا دەکرێ • تاقیکردنەوەشمـــان
لەگەڵ ئەوانەی کە بە نیوّی خزمەتی کولتووری کوردەوە دەستی ئێمە و
گەلێکی وەك ئێمەیان بڕیوە ، هێندە زۆرە چەند ڕۆمانێکیان لەســەر
دەنووسرێ • چونکە پاش ئەوەی بە هەموو دڵێکەوە و لە پێنــــاوی
بووژاندنەوەی فۆلکلوری کوردیدا یارمەتی دامەزراندنی ( چێشتخانەی
کوردستان ) مان لە بەرلین دا ، بێ ئەوەی هێندەی سەرە دەرزییــەك

سوودی تایبەتی خۆمانی تێدا بێ ، بە چاوی خۆمان دیمان کە هەر ئەو هوردە بۆرژوا کوردە زانستگەیی‌یەی بە چوار چاو بۆ کورد دەگریا و بە هەزار دەم بەڵێنی دەدا ، ئەگەر بێتو پشتگیری بکەین و چێشتخانەکەی بۆ بخەینە سەر پێ ، ئەوا قازانجی چێشتخانەکە دەبێتە ماڵی ئەو خێزانە کوردە هەژارانەی لە بەرلین و ئەورووپادا دەژین ، کەچی ئەو کەسە هەر ئەو کەسەیە کە نەك دەستگیرۆیی یەك کوردی هەژار ناکات و بەس ، بەڵکوو دەگەڕێ بزانێ کێ کوردێکی هەژارە ، دەچێ بە بەڵێنی پارەی نانەسکی رای دەگرێ و کاری کوێلەیەکی پێ دەکا و کەچی مزی نانەسکی‌یەکەشی لێ دەگرێتەوە و نایداتێ . جا لە کاتێکدا هیچی نەبوو ، لە ئێمە زێتر کەسی لە دەور نەبوو ، ئێستە کە بەم جۆرە دەوڵەمەند بووە ، ( بێ تەرەف ) و ( مێ تەرەف ) دەوریان داوە . ئەمەش هەر یەك نموونەیە ، یەك نموونە و بەس !

بە کورتی ، هوردە بۆرژوای خوێندەواری کورد ماوەیەکی کەمە زوڕنای ( بێ تەرەفی ) و ( مێ تەرەفی ) و خزمەتی ( کولتوور و ملتوور ) لێ دەدات . بێگومان خزمەتی کولتووری کورد لە ئەورووپا کارێکی زۆر باش و پێویستە ، بەڵام هونەر ئەوەیە خزمەتی کولتوور بەڕاستی خزمەتی کولتوور بێ ، نەك خزمەتی ئامانجی تایبەتیی ئەم و ئەو . دەبێ بەر لە هەموو شتێك رێ نەدرێ کە مەسەلەی کولتوور بکەوێتە دەست هەلپەرست و بازرگان و کولتوورچی . چونکە هی وا پەیدا بووە باسی کولتوور دەکات کە فڕی بە سەر کولتووری کوردەوە نی‌یە ، و بە نێوی رازەی کولتووری کوردەوە دەست لەم دەزگە و ئەو دەزگەی ئەورووپایی پان دەکاتەوە بۆ پڕکردنی گیرفانی خۆی . کوردچی و کولتوورچی واش پەیدا بوون کە تەنانەت منداڵەکانیان زمانی کوردی نازانن و خۆشیان بە کورد نادەنە قەڵەم . چونکە بەکوردی لەگەڵ منداڵەکانیان قسە ناکەن . بەڵام هیچ شەرمیش ناکەن ، هێندێکیان

تری پاراستنی کولتووری کورد و هێندێکیشیان لافی سەرکردەیەتی ئەم حیزب و ئەو حیزبی کوردی لێ دەدەن ، و داوا لە حکومەتەکانی ئەورووپا دەکەن پارەیان بدەنێ بۆ گوایە خزمەتی کولتووری کورد و قوتابخانە بکەنەوە بۆ فێر کردنی زمانی کوردی و خۆیان پێشکێش دەکەن بۆ ماموٚستایەتی کردن لەو قوتابخانانەدا • جا یەکێك ئەوەی لە دەست نەیەت منالەکەی خۆی کە شەو و ڕۆژ لە گەلێ دەژی ، زمانەکەی خۆی فێر بکات ، ئایە ئەوەی لە دەست دێ خزمەتی کولتووری نەتەوەیەك و مەسەلەی رزگار کردنی وولاتەکەی بکات ؟ بێگومان نە••
بەلام نموونەی ئەم کولتوورچی‌یانە لەریزی ( ئینستیتووتی کولتووری کورد لە لەندەن ) و دارودەستەی ( پشتگیری ) گۆڤاری دەستندە خۆری ( پەیڤ ) دا زۆرن ، ئەگەر دەفەرموون : وانی‌یە ، ئەوا کەرەم کەن قسە بکەن ، با سەروبۆر بخەمە سەر ووشەکان •

خراپەکاریی ئەم کوردچی و کولتوورچی‌یانە هەر لەوەدا نەوەستاوە کە کولتووریان کردووە بە هۆیەك بۆ هەلمەتەکاسەیی ، بەلکوو بووشنەتە مشتووی هەمانەکە و دەکێشرێن بە تەپلی سەری هەموو هەولێکی راستەقینەی خزمەت خوازاندا • بۆ وێنە : هەمووی چەند سالێك لەمەوبەر بوو کە لە سوید و بۆ یەکەمجار لە ئەورووپا بە هیمەتی کوردێکی مەرد و لێ بڕاو ( بنکەی چاپەمەنی ئازاد ) دامەزرا ، بەلام هەر پاش ئەوە بە ( فەرمانی مفتی ) لە لایەن کولتوورفرۆشانەوە چەند چاپخانەیەك لە سوێد دانران • هەرچەندە بە تەواوی نازانین پارەکەیان لە کوێوە بۆ دەهات ، بەلام ئەوە دەزانین کە هێندێکیان دەچوون **بەخۆڕایی** شتیان بو ئەم و ئەو چاپ دەکرد ، تا ( بنکەی چاپەمەنی ی ئازاد )ماوەی ژیانی نەمێنێ و لە کار بکەوێ • لە کاتێکدا ( بنکەی چاپەمەنی ی ئازاد ) بۆ بازرگانی کردن دانەمەزرابوو •

ئا ئەمەحاڵی کولتووری کوردە بە دەست کوردچی - کولتوورچی یەوە لە ئەورووپا • جا لەبەر ئەوەی ئامانجی کارەکە هەمووی خزمەت نی‌یە و لە ناخی دڵەوە هەڵنەقوڵاوە ، و بەشی هەرە زۆری بە مێشك و دەستی مرۆڤی لێ وەشاوە نارِوا بە رِێوە ، و بە پارە و پشتگیری‌ی کوردە پاکەکە خۆی نەکەوتووەتە سەر پێ ، دیارە ئەو دەزگە کولتووری‌یانەی کە بە یارمەتی‌ی کاربەدەستانی دەوڵەتە ئەورووپایی یەکان پێك دێن ، تەنانەت ئەگەر لەپاڵ کوردچی و کولتوورچیشدا مرۆڤی پاك و دڵسۆز و ژێ‌هاتیشیان تێ بکەوی ، ئەوا هەر هەتا سەر برِناکەن • چونکە کاربەدەستانی ئەورووپا بە پێی بەرژەوەندی دەوڵەتەکانی خۆیان هەر بۆ ماوەیەکی دیاریکراو یارمە- تی یان دەدەن ، و کە یارمەتی‌یەکەشیان لێ کێشاوە ، ئەوا بۆ خۆیان دەتلێسێنەوە • چونکە ئەو دەمە کە پارەی تێدا نەما ، هەلپەرست و خۆبژێنەکان دیشکەمی لێ دەکەن ، و ئەوی بەتەنگ ناموسی خۆی و کولتووری کوردیشەوە دێ ، ئەوا دەستی لە گونان درێژ تر •

( ئینستیتوتی کورد لە پاریس ) وێنەیەکی زەقی ئەم قسەیەمانە • ئەوە بوو ئەم ئینستیتووتە لە دەورانی حکوومەتی سۆسیال دیموکراتدا و بە یارمەتی‌ی میری‌ی ئەو دەمەی فەرەنسا و بۆ بەرژەوەندی خۆی ، دامەزرێنرا ، بەڵام کە شیراك هاتە سەر کار - وەك لەم دووایی‌یەدا بیستم - یارمەتیی مالی‌ی لە ئینستیتووتەکە برِی ، و ئینستیتووت کەوتە هاوار • بێگومان ئەوانەی ئاگاداری بەسەرهاتی ئەم چەند ساڵەی ئینستیتووتی پاریسن ، دەزانن کە هەر لە سەرەتاوە چەند دەستە کوردچی و کولتوورچی پوورەیان لێ دا و سوودی تایبەتی‌یان لێ وەرگرت ، و کە بە ئامانجی خۆیان گەیشتن ، ئەوجا خۆیان لێ دوور خستەوە و هەزار جنێوی سارد و سووکیشیان پێ دا • دیارە ئەم رەوشتەش جۆرە کولتوور- یکە بۆ خۆی و ئێمە سەرمان لێ‌ی دەرناچێ •

جا ( ئینستیتووتی کولتووری کورد له لەندەن ) و گۆڤاری دەستندەخۆری ( پەیڤ ) نموونەیەکی روونن بۆ ئەمەی له سەرەوە باسم کرد . چونکه ئەوەته خزمەتی کولتووری کورد به بەردەفرکێ بۆ ئەملاو ئەولای خۆی دەزانێ . ئەگەنا ئەگەر وا نییه ، باشتر وا نەبوو کابرایەکی گوایه ( بێ تەرەف )ی وەك کەمال میراودەلی ، بو خۆبردنه پێشەوە له لای بەخێو کەران و مووچه دەرانی ( پەیڤ ) و داگیرکەرانی کوردستان ، گۆڤارەکەی به بوختان‌کردن و درۆ و دەلەسه هەڵبەستن بۆ من پڕ نەکردایەتەوە ، تا لەوەدا ناچار نەبوایه بکەوێته قسەی هەلەقومەلەق و لێدانی بالۆرەی ( تڕرم - پڕرم - پفف ) بۆ زۆرداران ؟ باشتر نەبوو بۆی که هیچ نەبێ جارێ بچووایه و هەوڵی بدایه بەڕاستی خۆی شارەزای کولتووری کورد و ئاشنای کولتووری سیاسی ئەورووپا - یی بکات ، تا ناچار نەبووایه له پێناوی خۆنواندن‌دا ئەو ووتاره ساویلکانەیه له سەر ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم بنووسێ ؟ چونکه که باس دێته سەر کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم ، هونەر ئەوە نییه چەند فاکتێك که له هەزاران کتێبدا نووسراون جارێکی دی بنووسرێنەوە ، بەڵکوو هونەر ئەوەیه مەسەلەی ناسیۆنالی کورد به یارمەتیی ئەو زانیاری و هیپۆتێز و تیۆرییانەی که تا ئێسته له بارەی ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزمەوە هەن ،بخرێته چارچێوەیەکی خۆیی یەوە و شتێکی تازەی لەگەڵ باری کورددا گونجاوی لێ دەربهێنری . لێکۆڵینەوەی زانستانەش هەر ئەوەیه . ئەگەنا کاوێژ کردنەوەی قسەی ئەفلاتوون و لێنین و ئیبن خەلدوون ( ابن خلدون ) ۆ کێ و کێ ، چ نرخێکی هەیه ئەگەر نەتوانین تیپی کۆلۆنیالیستەکانی کوردستان و دووری یە ژیارییەکانیان دەست نیشان بکەین . چونکه کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم دوو دیاردەی بیری مەتریالیستانەی ئەورووپایین ، لەبەر ئەوە بزووتنەوەی ئاینیی دیانی ( مەسیحی ) و ئیسلام که دوو دیاردەی غەیبی و ڕۆژهەلاتی-

یانەن ، هەروا بە سادەیی و ( لە ناوەرۆکدا ) بە ( بزووتنەوەی ئیمپریالی ) لە قەڵەم نادرێن وەك میراودەلی بە نووکە قەڵەمێك جێ بەجێی کردووە ( ل ٣٥٨ ) جارێ ئیسلامەتی و دیانەتی دوو ئاینی ( لە ناوەرۆکدا ) زۆر لە یەك جیاوازن • خۆ ئەگەر ئیسلامەتی ( لە نێوەرۆکدا ) باوەڕی بە ( جیهاد ) هەیە ( لەپێناوی خودێدا ) ئەوا دیانەتی ( لە نێوەرۆکدا ) باوەڕی بە ( جیهاد ) و بەکارهێنانی زۆر نییە و لەم رووەوە هەڵوێستێکی نەرێتانە ( پاسیف )ی هەیە • ڕاستە ، سەرکردە دیانەکانی ئەورووپا لە سەدەکانی نێوەڕاستدا دیانەتییان بۆ پەلاماردان و دەستدرێژی بەکار هێناوە ، بەڵام دیانەتی لە نێوەرۆکدا باوەڕی بە پەلاماردان و دەستدرێژی نییە • دووایی لێرەدا ئەو مەسەلە گرنگە دێتە پێشەوە کە ئایا ، هەر ئیدۆلۆژییەکی لە بنەڕەتدا جیهانگرەوە ، سا غەیبی بێ وەك ئیسلامەتی و دیانەتی ، یان ماددی بێ وەك مارکسزیم ، تا چ ئەندازەیەك و لە چ سنوورێکدا لە گەڵ ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزمی سەرمایەدارانەی ئەورووپایی یانەدا شێوای بەراورد کردنە • دووایی داگیرکەرانی کوردستان ، لە تورك و عەرەب و فارس ، هیچ کاتێك ، نە لە کۆندا و نە لە ئێستەدا، لە کۆلۆنیالیستەکان و ئیمپریالیستەکانی ئەورووپا نەچوون و ناچن، بەڵکوو تایبەتکاری خۆیانیان هەیە ، واتا کۆلۆنیالیستن لە چەشنێکی تایبەتی و ئیمپریالیستن لە چەشنێکی تایبەتی ، و دەبێ بزانرێ ئەو چەشنە تایبەتییە چۆنە و چییە • زانستانە کارکردن مانای بابەتانە کارکردنە • بابەتانە کارکردنیش مانای جیاکردنەوەی بابەتەکانە لە یەك ، و هەریەکەش بەپێی پێناسە و دووری یە ژیارییەکانی خۆی • ئەگەنا هەزار جۆرە بابەت تێکەڵی یەك بکەیت ، ناتوانیت پێی بڵێیت زانست ، بەڵکوو ( چێشتی مجێور ) • ئەوجا ئاینی ئیسلامیش بەو سادەیەتی یە نییە کەوا دارودەستەی گۆڤاری دەستندە خۆری

( پەیڤ ) خۆی تەرخان کردووە بۆ پەلاماردانی ، خوا بکا ئەمەیــــان لەبەر راگرتنی دڵی ئەوانە نەبێ کە گۆڤارەکە بەخێودەکەن ·بێجگــە لەمەش تەنانەت لە گواستنەوەی فاکتەکاندا کەمال میراودەلـــــــی ئەمانەتی وەرگرتنی نەپاراستووە · بۆ وێنە : لە نووسینەکانی منەوە هێندێك شتی وەرگرتووە و کردوویەتی بە ماڵی خۆی · ئێستە جـــاری با لەوە بگەڕێین کە نێوبراو لە باسی ئەمەوی‌یەکان و عەباسی‌یەکـان و مەوالی و عوسمانی‌یەکان و سەفەوی‌یەکان و شعووبی‌یەکان ( کە ئـــەو بە " گەلچی " کردوویەتی بە کوردی ل ( ٣٦١ ) ئەمەش شتێکـــــــی رێکەوت نی‌یە ، کە ئەو ووشەی " گەلچی " بەکاربهێنێ ، چونکــە کاتی خۆی ئەوانەی کوردایەتی‌یان دەکرد ، فەریکە مارکسی‌یەکـــــان پێیان دەگوتن " کوردچی " کەچی هەر ئەوانە ئەورۆ خۆیان بوونەتــە " کوردچی " و " کولتوورچی " ی راستەقینە ) سوودێکی زۆری لــە سەمیناری " بیری نەتەوەیی‌ی کوردی " ی منەوە وەرگرتووە ، تەماشای ل ٣٦٠ ـ ٣٦٦ ی نووسینەکەی کەمال میراودەلی ،و لاپەڕەکانـــــی ١٨ ـ ٣١ ی " بیری نەتەوەیی‌ی کوردی " بکەن و لە گەڵ یەك بەراورد- یان بکەن ،بێجگە لەوەش کە هاتووەتە سەر باسی " دەسەڵاتـــــی ئیمپریالی‌یەکانی رۆژهەڵاتی کۆن " دەڵێ کە ئەمانە " بنە ماڵەیـــی و میرنشین بوون و بە ناوی بنەماڵەشەوە نێو نراون ··· ئەو دەسەڵاتــە ئیمپریالی‌یە لە شێوەی **دەسەڵاتی نەتەوەییدا** خۆیان نەنواندووە ··هتد ل ( ٣٦٧ ) · ئەوەشی هەر لە منەوە وەرگرتووە ، چونکە من بـــــۆ یەکەمینجار لە باسی ناسیۆنالیزمی کورد و پێوەندی‌ی بە دەوڵەتـــی **ناسیۆنالەوە** دەستم بۆ ئەوە راکێشاوە کە دەوڵەتە کۆنەکانی رۆژهەڵات هیچیان دەوڵەتی **ناسیۆنالی** عەرەب و تورك و فارس نەبوون کە ( کەمال میراودەلی ووشەی " ناسیۆنالەکەی بە " نەتەوەیی " تەرجەمە کردووە ) ، بەڵکوو دەوڵەتی **تێریتۆریال** بوون ، واتە ئەرزی بوون ( تەماشـــای

ل ۳۵ ی " بیری نەتەوەیی‌ی کوردی " بکەن ) • هەر ئەوەشم جارێکی دی لە " دۆزی ناسیۆنالی کورد " دا دووپات کردووەتەوە ( تەماشای ل ۳۱ ی " دۆزی ناسیۆنالی کورد " بکەن • شایانی باسە کە " بیـــــری نەتەوەیی‌ی کوردی " سەمینارێك بوو لە ستۆکهۆڵم لە ۱۹۸٤/۸/۱۸ دا گیرا ، و سەمینارەکە هەر لە ۱۹۸٤ دا چاپکرا • " دۆزی ناسیۆنالی کورد " یش سەمینارێکی دیکە بوو کە هەر لە ستۆکهۆڵم لە ۹۸۵/۵/۱۱ دا گیرا ، و سەمینارەکە هەر لە ساڵی ۱۹۸۵ دا چاپکرا • هەر ئـــەم شتانەشم جارێکی دی لە " گۆڤاری نیشتمان ۰۰۰هتد " دا بڵاوکردەوە کە لە ۱۹۸۵ دا چاپکراوە • شایانی باسە کە ئەم ژمارەیەی " پەیڤ " کە ووتارەکەی کەمال میراودەلی تێدایە ، لە مانگی دووانزەی۱۹۸٦دا بڵاوکراوەتەوە • پاش ئەم هەمووەش هەر قەیناکات " نۆشی گیـــان " زۆر کەس۔شتیان لە من‌وەرگرتووە ، و چاویشم لێ پۆشیون • بـــەڵام پێویست ناکات بۆ شوێنەوونی هەر لەو ژمارەیەدا و لەلایەکی دی‌یەوە ، بە بوختان و درۆ و دەلەسە مەبەستەکانم ئاوەژوو بکرێنەوە • وا دیارە ئەمەش بەشێکە لە کولتوورچێتی‌ی " بێ تەرەفانە " و بالــــــۆرەی تررم ۰۰۰ پررم ۰۰۰ پفف ، و ئەوەش خا ڵنەی ئەوەیە لە لایەکـــــەوە گۆڤاری " پەیڤ " بە پارەی دەوڵەتی ئینگلیز دەردەچێ ، و کەچـــی لە لایەکی دی‌یەوە و لە لاپەرە ٤۸۷ ـە وە تا ٤۸۸ ی ، بۆ شوینەوونـــی ، بە گەلێك جنێوی پیس پیس بە ئیمپریالیزمی ئینگلیزی رەش دەکاتەوە • کاتی خۆشی هوردە بۆرژوای خوێندەواری سەر بە سەرکردەیەتی‌ی شۆرش دەچوون بۆ ئیسرائیل و لای شای ئێران و ئەمەریکا و پارەیان وەردەگرت لێیان و ماستاویان ساردەکردەوە بۆیان ، کەچی رۆژنامەکەیان بـــە قسەی مارکسیانە و بە جنێو دان بە سەهیۆنێتی و سی ئای ئەی و ساواك پردەکردەوە • کاك دکتۆر شەفیق قەزاز کە لە بەرێوەبەرێتی ئینستیتوو- تی کولتووری کورد " ی لەندەن دایە ، کاتی خۆی نوێنەری بارزانـــی

بوو لە لای دەوڵەتی ئێران ، بێگومان ئاگای لە گەلێك لەم شتانەیە ، هیوام وایە بیرەوەرییەکانی خۆی بنووسێتەوە و نەیانباتە بن گڵ ٠

جا ئێستا با واز لە نێوەرۆکی نووسینەکانیان بهێنین و بچینە سەر رادەی زمانزانینی ئەمانە ، تا بزانین ئەمەیان چۆنە ٠ لێرەدا نامەوێ بە دوور و درێژی ئەو کوردییە شی بکەمەوە کە کەمال میراودەلی گۆڤارەکەی پێ رەش دەکاتەوە ٠ بەڵام با هەر بۆ نموونە تەماشای ووشەی " دراوە " بکەین کە لە ل ٣٥٤ دا لەجیاتی ووشەی ( أُطروحَه ) ی عەرەبی و THESIS ی ئینگلیزی بەکاری هێناوە٠ " اطروحه " خۆی ووشەیەکی عەرەبی یە کە لە ( طَرْحْ ) هاتووە ، وەك چۆن ( أُرجوزة ) لە ( رجز ) ـەوە هاتووە ٠ ( طرح ) لە زمانی عەرەبی دا بە مانای راختن و " خستنەبەردەست " و " هێنانەپێشەوە " و " خستنەسەربەری شتێك " و " لێدەرکردنیش " بەکاردی ٠ کە گوترا " طَرِحَ الموضوعُ " مانای وایە " باسەکە خرایە بەردەست " یا " هێنرایە پێشەوە " ٠ کەواتە " أُطروحه " ئەو شتەیە کە " دەخرێتە بەردەست " یان " دەهێنرێتە پێشەوە " ٠ جا وا دیارە کەمالی میراودەلی کە لە عێراق بووە بیستوویەتی شتێك هەیە پێی دەڵێن " أُطروحه "ی دوکتورا یا دیپلۆم ــ کە بۆ بەرامبەرەکەی لە زمانی کوردیدا چەند ساڵێك لەمەوبەر "دوکتۆرنامە " و " دیپلۆمنامە" م دانا بوو ــ ، دیارە ئەوەشی بیستووە کە گوتوویانە " شاگردەکە ( أُطروحه ) کەی دا بە زانستگەکە " ٠ لە بەر ئەوە پێی وا بووە کە ( أُطروحه ) لە " دان " ـەوە هاتووە ، بۆیە بە " دراوە "ی داوەتە قەڵەم ٠ ئەمەیان لە بارەی مانای ووشەکەوە ٠ ئەوجا با بێین لە باری رێزمانەوە سەیری بکەین ، با بزانین تا چ ئەندازەیەك جەنابی سەرنووسەری گۆڤاری دەستندەخۆری " پەیڤ " شارەزای زمانە ٠ " دراو " لە کوردی داناوێ ( اسم ) ـە ، یان نێوی تێپەڕێنراو ( اسم

المفعول ) ـه ، كه به زمانی لاتینی Nomen Patientis ی
پیْ دەڵێن ٠ كه دراو نێو ( اسم ) بوو ، ئەوا به مانای " پاره " دێ ٠
جا دەبێ ئەوەش بزانین كه به كوردی به " پاره " ناگوترێ " دراو "
چونكه " دەدرێ " واتا ( دفع ) دەكرێ ، بەڵكو له بەر ئەوەیه كه
ووشەی " دراو " ی كوردی له " درهم " ی عەرەبی یەوه هاتووه ، كه
" درهم " یش له ووشەی " دراخما " ی وێنانی یەوه هاتووه ٠ بەلاّم
كه **دراو** نێوی تێپەڕێنراو ( اسم المفعول ) بوو ، ئەوا دیاره ئەو حەله
پاشگری ( ه e ) ی ناچێته سەر ، واتا ناكرێ به " دراوه ) ٠ چونكه
ئەو دەمه " دراو " وەك " خوراو" و " براو " و " گوشراو "ی لێ
دێ ٠جا چون له كوردی دا دەگوترێ " نانەكه خوراوه " و " كتێبەكه
براوه " و " تەماتەكه گوشراوه " و " خوراوه " و " براوه "
و " گوشراوه " نابنه " نێو " و ئەو ( ه ) ی كۆتایی یه دەیكاته
كارێكی پاسیڤ ٠ هەروەها " دراوه " ش نابیته نێو ٠ كاتێك دەڵێیت
" بەڵێنەكه دراوه " ، ئەوا لێره دا " دراوه " كاری رابوردووی پا-
سیڤه ٠ چۆن له كوردی دا ناگوترێ " نەختێك گوشراوەی تەماتەكه
بهێنه بۆم " ٠ هەروەهاش " دراوەی دكتوراكەی روستەم " له كوردی دا
نی یه ٠ بەلاّم لێرەدا دەتوانین ووشەی " تێز " بەكاربهێنین كه كوردی
ئێران وەك فارسەكان بەكاری دەهێنن ، و ووشەكەش ووشەیەكی
فەرەنسی یه و هاومانای Thesis ی ئینگلیزیه كه ئەویش له
بنەڕەتتدا وێنانی یه ، و ووشەیەكی جوانه و له جێی خۆیایەتی ٠

جا ئێسته ناهەقمه كه بڵێم ئەم كولتوورەی هورده بۆرژوای
خوێندەواری كورد كولتوورێكی كوردیی رەسەن نی یه ، بەڵكوو كولتوو-
رێكی نارەسەنی ساختەیه ٠ چونكه ئەوەته جۆری بیركردنەوەی ئەمانه
تەنانەت له گۆڕەپانی زمان و ووشه دارشتنیشدا بیركردنەوەیەكی
كوردانه نی یه ٠ لەم دۆخەی سەرەوەدا ، لاسایی یەكی ناشی یانەی

زمانی عەرەبی‌یە ٠ چێتر نی‌یە جارێ بچن خۆیان فێرکەن ، ئەوجا ورگ و گیرفانیان تێر کەن ٠

بەم جۆرە داروودەستەی کولتوورچی‌ی گۆڤاری دەستندەخۆری " پەیڤ " بە مەبەستی بازاڕ پەیداکردن بۆ کوتاڵی قرچۆکی خۆیان ، و خزمەتی رێبازی هەلپەرستانەیان و پشتگیریی بەرەی زۆرداران و ملهوڕان ، کەوتوونەتە بەردەفڕکێ و بوختان کردن بە من و بە بیروڕای زانستانەی مرۆڤدۆستانەی **ئازادی و یەکسانی** ٠ بۆ وێنە لە ژمارە ( ٣ ) ی سالی ( ١ ) ی کانوونی دووەمی ١٩٨٦ دا ناسری حەفید کە ئەویش یەکێکە لە داروودەستەی کولتوورچی گۆڤاری دەستندەخۆری " پەیڤ " لە ژێر نێوی " سەرەتایەك دەربارەی فەلسەفەی هەڵە " دا ، لە سەر رێوشوێنی دەرەبەگانەی هەلپەرستانەی خۆی ، بەلام بە شێوەیەکی زۆر نەفامانە و بێ وەجانە ، بە نێوی "بیری زانستانەوە"! کەوتووەتە لێدانی بالۆرەی " تررم ٠٠٠ پررم ٠٠٠ پف‌ف " بۆ زورداران ، و ئاوەژووکردنی چەند راستی‌یەکی رەق و زەق و هێنانە پێشەوەی چەند بابەتێك کە پێوەندیان بەیەکەوە نی‌یە ، هەر بە مەبەستی ئەوەی لە لایەکەوە داخی دلی خۆیان بە من بڕێژن ، بە منی ڕابوردوو پاکی ، ئێستە پاکی ، خۆ بە هیچ لایەك نەفرۆشتووی دژ بە هەموو هەلپەرست و کوڕی رۆژ و چلکاوخۆر و بازرگانێکی سیاسەت ، و لە پال ئەوەشدا پەلاماری بیری بەرز و رەسەنی ئازادی و یەکسانی بدەن، ئەو بیرەی کە بووەتە وناقێکی سێ چوکلە و لە بەربینی خویان و دارودەستەی هەلمەتەکاسەیان دەرهاتووە ، و لە لایەکی دیکەشەوە ماستاوێك بۆ دەسەلاتداران و ملهوڕان و داگیرکەرانی کوردستان بکەن ٠

بەڕاستی تاوانێکی گەورەیە یەکێك هەول بدات ئاوا بێ‌شەرمانە بکەوێتە درۆ و دەلەسە و هەلبەستنی قسە و هەلگێڕانەوەی وتە و نووسینی خەلك ، لە کاتێکدا نووسەرەکە خۆی هێشتا سپوزیند-

وو بیٚ و مەرەکەبی نووسینەکەشی جاریٚ هێشتا هیشك نەبووبێتـــەوە ٠ بەڵێ کابرایەك بێت و خۆی سەرەواوی زانستی لە وورگدا نەبــــێ ، و رابوردووش و ئێستەشی لە هەموو کەس دیارٮێ ، کەچی بە بوختـــان لافی تاوتۆکردنی بیری زانستانە لیٚ بدات و تاقمێك قسەی هەلەق و مەلەق و سەرخۆشانە بکات ، و بالۆرەی " ترِرِم ٠٠٠ پرِرِم ٠٠٠پفف " بە نرخی بیری زانستانە بفروشێت و پێشی وابیٚ خەڵکەکە هێنـــــدە نەفامن ، بۆنی گوڵ و بۆنی پیڤاز لەیەك جیا ناکەنەوە ٠

بەرلەوەی گوتایی بەم سەرەتایە بهێنم دەمەوی ئەوە جەختبکەمکەلە پاکانەی پاشەرِۆژی هیچ ئەندامێکی داررودەستەی گۆڤاری دەستندەخۆری " پەیڤ " گویٚ ناگرم ، ئەگەر بێتو سبەینیٚ بێن و بێژن " گوناهـی ئێمەی تێدا نی‌یە ، لەسەر پەرِەی گۆڤارەکە نووسراوە : هەر نووسینێك بڵاوبکرێتەوە ، بیروورای خاوەنەکەی دەردەبرِیٚ " ٠ لە وەرامدا دەبێژم : ئەمە برِوبیانوویەکی هەلپەرستانەی ترسنۆکانەیە ٠ چونکە هەمـــوو گۆڤارێك کە رێزی خۆی بگریٚ ، لە سنووری بەرپرسیارێتی‌ی زانستانە ، یا ئەدەبی‌یانە ، یا هونەرانە ی تاکە تاکەی نووسەرەکانی‌دا ، دەبـــێ چارچێوەیەکی گشتیشی هەبیٚ کە لەو کەوشە نە دەرنەچیٚ ٠ جا ئێستا ئەگەر ئەو ووتارە پرِ لە بوختان و درۆودەلەسەیەی شێخ ناسری حەفید لە چارچێوەی گشتی‌ی سیاسەتی گۆڤارەکەدایە ، ئەوا دیارە " دەستەی پشتگیری " هەموویان بەرپرسیارن لیٚی ٠ خۆ ئەگەر لەو سنـــــوورە چووەتە دەرەوە ، و ئەوان لیٚی نارِازین و بە رِاستی نازانن ، ئـــەوا دەبیٚ بەرِەی ژێر خۆیان لە بەرِەی گۆڤاری دەستندەخۆری " پەیـــڤ " جیا بکەنەوە ٠ خۆ ئەگەر ئەوە نەکەن و تا ئێستەش ئەوە چەند مانـــگ تێپەرِیوە و نەیانکردووە ، ئەوا دیارە هەق بە خۆم دەدەم کە لە ســـەر خۆم بکـــەمـــەوە ٠

شایانی باسە کە تا ئێستا زۆر بوختان بە من کراوە، و گەلێك درۆودەلەسە بۆ من هەڵبەستراوە ، بە تایبەتی لە لایەن داردەستەی هەلپەرست و کوری رۆژ و چڵکاوخۆر و خۆفرۆش و هیچ لە دەست نەهاتووانەوە ، بە نیازی خۆ زل کردن و خۆ نێزیکردنەوە لە بەرەی زۆرداران و خوێنمژان و ماستاو ساردکردنەوە بۆ داگیرکەرانی کوردستان . تەنانەت لە خوارووی کوردستاندا وا باوە ، هەر کەسێك بیەوێ خۆی لە رژێمی بەعسی نێزیك بکاتەوە ، دەچێ جارێ بیانوویەك دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی چەند دێرێك لە دژی من بنووسێ ، یا چەند جنێوێك بدات بە من . لە بەر ئەوە هیوام وایە ئەم ووتارەی گۆڤاری دەستندەخۆری " پەیڤ " پێوەندییەکی راستەوخۆ و لەوەپێش باسکراوی لەگەڵ سەردانی ئەم دووایی یەی هێندێك لە هاوکارە کوردەکانی رژێمی بەعس لە بەریتانیا و سوێد نەبێ . هەرچەندە هێندێك کەس کە شارەزای کارەکەن و هیچ دوژمنایەتی یەکیشیان لە گەڵ شێخ ناسر و " پەیڤ "ی دەستندەخۆر نی یە ، لەو باوەڕەدان ئەم پێوەندییە هەیە . هەرچی چونێك بێ شێوەی ووتارەکە لە هەڵبژاردنی ئەو لایانانەدا کە بە خشکەیی لە پاڵ مندا پەلاماریان دراوە ، وەك وتووێژی جەلال تاڵەبانی و رژێمی بەعس،و بارزانی و ئاشبەتاڵ وها وکاری لەگەڵ ئەمەریکا و ئێران ، هەروەها هەڵکوتانە سەر ئاینی ئیسلام و هێندێك بەڵگەی دیکە کە لەم وەرامەدا دەیخوێنینەوە ، گومان لەوەدا ناهێڵێتەوە کە ئەم کاسەیە بێ ژێرکاسە بێ ، ئەگەرچی وتارەکە سەرتاپا خوار بە گیانێکی هەلپەرستانەی وا نووسراوە کە حسێبی پاشەڕۆژیش کراوە .

جا وەك لە سەرەوە باسم کرد ، تا ئێستە زۆر ناهەقی لەگەڵ من کراوە ، بێ ئەوەی هیچ خراپەیەکم بۆ هیچ کەسێك بووبێ ، ئەوە نەبێ کە خۆفرۆش و دەست پاکەرەوە نەبووم و هەر دەمە لە ئاشێکم نەکردووە . سەرەرای ئەوەش بەرامبەر بە هەموو بوختان و ناماقوولی-

یەك تا ئێستە هەر بێ دەنگ بووم و گوێم نەداوەتێ ، و هەر لە سەر تێکۆشانی خۆم بەردەوام بووم • بەلاّم لەم دوواییەدا هاتوومەتە سەر ئەو باوەڕەی کە لە سەرخۆکردنەوە ، نەك هەر شتێکی راستە و بەس، بەڵکوو کارێکی پێویستیشە • چونکە رێ نەدان بە بوختانکەر و درۆزن و قومارباز و پاشڵپیس و دەستبڕ و هەلپەرست ، بکەونە بازرگانی کردن بە درۆوە ، خزمەتێکی گەورەیە بۆ مەسەلەی بەشخوراوان و زۆرلێکراوان لەم جیهانەدا • لە بەر ئەوە لەمەولا بە پێی دەرفەت ، بەرەنگاری ئەو بوختان و درۆودەلەسانە دەبمەوە • ئەوانەی بە قەڵەم کەوتوونەتە بوختان ، ئەگەر مەردایەتیان تێدایە پێویستە بەرپرسیاری شەڕە قەڵەمی خۆیان بن • چونکە خۆیان دەستیان پێ کردووە • ئەوجا گوناهی منی تێدا نییە ئەگەر لەو بوارەدا هێندێك کەس پلەی لێ وەشاوەیی زانستانە و ئەدیبانەیان بۆ خەڵك دەربکەوێ و دەستەکەی سیاسەتیشیان بکەوێتە ڕوو • ئەوە گوناهی منی تێدا نییە • ئۆباڵی خۆیان بە ئەستۆی خۆیان • ئەگەر دەشفەرموون ، با خۆیان تاقی بکەنەوە تا بزانین ئەوانە کەللەی بۆشیان بە چ کەلێکی سەختی دیکەدا دەدەن ، و تێ بگەن چنگوپەلی کاممان بۆ پلار تێ گرتن دوورهاوێژترە • ئەوەی بژی دەبینێ •

بەرلین ١٩٨٧/٤/١٤ جەمال نەبەز

## ١ـ گۆڤاری دەستندەخۆری " پەیڤ " و روونکردنەوەی وەجاخەکەی ئەحە سڕایلی :

ئەحە سڕایلی ، بەرەحمەت بێ ، کابرایەك بوو لـــــــە پەنجاکاندا لە سلەیمانی دەژیا . کە چاوی پێت بکەوتایە ، دەستبەجێ ریزێ قسەی دەکرد بۆت ، هیچی پێوەندی لە گەڵ ئەوەی دی نەبـــــوو . بۆ وێنە ، دەیگوت : " ئەرێ دەزانیت ژنەکەی حەمەی کوڕم منالـــــی لە بارچووە . بەخوا ئەم حکومەتە بێناموسە ، ئەوە چەند سالـــــە بە تەمایە ئەم جاددەیە قیرتاو بکا و کەچی ناشی کا . بەڕاستــــــی فلانە کەس ، بامێ زۆر گرانە ، لە کرین نایەت . خۆ ئەوە دەڵێـــــن مەلای مزگەوتی حاجی حان نەخۆشە .... هتد .

شێخ ناسری حەفید و گۆڤاری دەستندەخۆری " پەیڤ " بــێ- چاوێنی بن ، بەندێکیان لە نامیلکەی " هێندێك لە کێشە بنەڕەتــی- یەکانی قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم " ـە وە وەرگرتووە ، کە لــە ژێر سەرنێوی " ئازادی و دەسەلات " دا نووسیومە ، هەروەها چـــوار دێڕیش لە نامیلکەی " دۆزی ناسیۆنالی کورد " و کەوتوونەتـــــە پەلامار دان و قسەی هەلەق و مەلەق ، بەلام بە جۆرێك کە وەجاخــــــی ئەحە سڕایلی یان روون کردووەتەوە . شێخ ناسر جارێ لە پێشـــــەوە بە " ماتماتیك " بۆمان هاتووەتە مەیدان ، و بۆی سەلماندوویـــــن کە ئەلف و بێی ماتماتیك نازانێ . ئەوجا هاتووەتە سەر باســــی " ئازادی " و بە روونی دەری خستووە کە " ئازادی و " ئازادیخوازی" لە یەك جیا ناکاتەوە ، و لەوێشەوە بازی داوەتە سەر ئیسلام و بــــێ بۆنە ( مناسبە ) و پێ بە پێی کەمال میراودەلی و بە پیڕەوی سیاسەتــی گۆڤاری دەستندەخۆری " پەیڤ " ، گەلێك پەلاماری ئیسلامەتــــــی داوە ،وکۆپلەیەکی لە قسەکانی ئیمام مووسای سەدر ( امام موســـی

الصدر ) ـەوە وەرگرتووە ، و ئیسپاتی کردووە بۆمان کە نە کــــوردی دەزانێ و نە عەرەبێ ، و لەوێشەوە چووەتە سەر مافی ژنان و ، خــۆی وا پێشان داوە کە بۆیە ئیسلامەتی بە دڵ نی یە چونکە ئیسلامەتــــی " هەر لە سەرەتاوە دەستنیشانی ئەوە دەکات کە ئافرەت دەبـــــێ چۆن بژی " ( ل ٤٤٣ ) و لەم بوارەشدا گوتوویەتی ، بە پێی ئیسلامە- تی دەبێ کیژولان پۆشتە و مل کەچی فەرمانی ئیسلام بن ٠ مەیخۆری و زۆر لە چا لاکییە هونەرییەکان قەدەغەبن " ( ل ٤٤٢ ) ٠ ئا ئەمەندە لە زمانی کوردی دەزانێ و هێندەش لە ئیسلامەتی گەیشتووە ٠ ئەوجا هاتووەتە سەر باسی زانست ، و جەوهەری ئەوەی من لە بارەی زانستە- وە لە نامیلکەی " هێندێك لە کێشە بنەڕەتی یەکانی قوتابخانــــەی کوردیی سۆسیالیزم " "دا نووسیومە ، لە منی وەرگرتووە و بـــــە کەمێك دەسکاری و لێتێکچوونەوە نووسیویەتی یەوە ، هێشتـــــا هەر منیشی قەرزاربار کردووە ٠ دووای ئەمەش هاتووەتە سەر بەیانــی ١١ ی مارت و ڕێکەوتنی سەرکردەکانی شۆڕشی ئەیلول لەگەل بەعسی- یەکان و مەتح کردنی ئەو ڕێککەوتنە و ئەو چوار ساڵ شەڕ وەستاندنە ، و لەوێ دا تاقە کۆپلەیەکی لە نامیلکەیەکی دیکەی من کە بە نیــــوی " دۆزی ناسیۆنالی کورد " ـە وە نووسیومە و لە سەرەتای ئــــــەم وەرامەدا باسم کردووە ،وەرگرتووە ،و هەرلەوێدا گوتوویەتی "بیرکردنەوەی زانستیانە بە چاوی دوێنێ سەیری ئەمڕۆ و سبەینێ ناکات ٠ هەمـــوو شتێك لە زەمەنی خۆیدا دەبینێت " ( ل ٤٤٧ ) ، لە کاتێکدا ئــەم قسەیە سەرنجێکی کۆنی منە ، و هەر لە بەر ئەوەشە ئەو ڕەئی یـــەی لە نامیلکەی " دۆزی ناسیۆنالی کورد " دا لە ١٩٨٥ دا لە بــــارەی ١١ی مارتەوە دەربڕیوە ، هەر پاش ڕێککەوتنی ١١ی مارت بــــــە چەند ڕۆژێکی کەم ، بڵاوم کردووەتەوە ٠ بەڵام ئەو پاش ١١ ســـــاڵ و چەندین گێڕ گۆڕین و ئەمبەر و ئەوبەر ، تازە هەناسە هەڵ دەکێشی ی

بۆ ئەو چوار ساڵ " ئاشتی " یە . شێخ ناسر دووای ئەمانەش هاتووەتە سەر بەیتێکی دی بالۆرەکەی ، کە ئەوەش رەخنە گرتنە لە " گفتوگۆ " ی جەلال تالەبانی لەگەڵ رژێمی بەعس . جا دەبێ ئەوە بزانین کاتێك کە جەلال لەگەڵ بەعسییەکان وتووێژی دەکرد و لێیان نیزیك بوو،من بە نووسین رەخنەم لەو هەڵویستە گرت ، بەلاّم شێخ ناسر و دارودەستەی گۆڤاری دەستندەخۆری " پەیڤ " ورتەیان لێوە نەدەهات ، چونکە ئەو کارەیان بە دڵ بوو و چاوەڕوانی دەستکەوت بوون . بەلاّم ئێستە و پاش ئەوەی جەلال پشتی کردە بەعسییەکان و رووی کردە مەلاکان ، ئەوا شێخ ناسریش کەوتووەتە جووڵە جووڵ و دەستی کردووە بەوەی وتووێژەکەیان بە " هەڵە " بۆ حسێب بکات، و بەشێك کە کەمێك لە " ناپاکی " گەڕابێتەوە.ئەمەش وەك هەموو هەڵویستەکانی دیکەی هەلپەرستانەیە و بۆ خزمەت کردنی رژێمی بەعسەبەلاّم بە وێنەیەك کە دەستەکەی نەکەوێتە روو . پاش ئەمانەش هەولّی داوە بە چەند قسەیەکی هەلەق و مەلەق ، وەك ئەوەی کورد دەبی " ناوەوەیی بجوولێتەوە " و " خۆی نەخاتە بەر شەپۆلی جەماوەریی داگیرکەرانی " و " وەك هیندییە سوورەکانی ئەمریکا لە خۆی نەکات" (ل ٤٤٩ ) ئامانجی شاراوەی خۆی بە خشکەیی بهێنێتە دی ، بەلاّم هەولەکەی ناشییانەیە ، و هەر زوو دەزانرێ کە ئەم قسانەی هەموو بالۆرەکەیە و بۆ رژێمی بەعسی لێ دەدا ، وەك لە شوێنی خۆیدا دێینەوە سەری،چونکە نە هێندۆکە سوورەکان شەڕیان بە داگیرکەرانی و لاّتەکەیان دەفرۆشت ، و نە کوردیش شەڕی بە کەس فرۆشتووە. بەڵکوو داگیرکەرانی وولاّتەکەی دەیانەوێ لە نێوی ببەن .

ئەوجا ، گوێ لە ناسری حەفید بگرین ، بزانین لە گۆڤاری دەستندەخۆری " پەیڤ " دا چ دۆودۆشاوێکی تێکەڵ کردووە بۆ خزمەتی بو رژێمی بەعسی و داگیرکەرانی کوردستان،

و چۆن وەك هەموو هەلپەرستێك بۆ پاشە ڕۆژیشی تێدا هێشتووەتەوە ، ئەگەر هاتوو بەعس دۆڕاندی و ئێران سەرکەوت ٠

## ٢ـ سەردەرنەچوون لە ئەلفوبێی ماتماتیك

ناسری حەفید نەك بە پێی پێویست ، بەڵکوو بۆ خۆنواندن و خۆدەرخستن ، بەلام خۆنواندن و خۆدەرخستنێك کە لێی نایەت و لێی نازانێ ، هاتووە لاسایی‌یەکی ناشی‌یانەی منی کردووەتەوە ٠ ئەوانەی شارەزای بەرهەمەکانی منن ، دەزانن کە من لە نووسینەکانمدا جاروبار ناچار دەبم هێندێك شت بە زمانی ماتماتیك روون بکەمەوە ٠ ئەمەش تا ئەو ئەندازەیەی لە جێی خۆیدا بێ ، ڕەوایە و یارمەتی‌ی ڕەواندنەوەی تەمومژی دەوروبەری مەبەست دەدات ، بەلام ئەم کردەوەیەی ناسری حەفید لاسایی‌یەکی بێ وەجانەیە ، چونکە شوێنەکە شوێنی ئەوە نی‌یە ، کەچی ئەو بە زۆرە ملی ویستوویەتی ماتماتیکی تێ بترینجێنێ ، و لەم رووەشەوە ئەوەی بە جەبر پێشانی داوە ئیسپاتێکە بۆ ئەوەی سەری لە ئەلفوبێی ماتماتیك دەرناچێ ٠ جا خەڵکینە وەرن گوێ بگرن بزانن گۆڤاری دەستندەخۆری " پەیڤ " و ناسری حەفید چ ماتماتیکێکی تازەیان داهێناوە ٠

ناسری حەفید دەنووسێ :

" ئەوانەی زانستیانە بیر دەکەنەوە دەبێت ئەوە بزانن کە آ + ب یەکسان نییە بە آ + ج یاخود آ × ب یەکسانی آ × ج نییە " ( ل ٤٤٨ ) ٠

ئێستە لێرەدا پێویستە ئەوە بهێنمەوە یاد کە خۆم سالانی سال مامۆستای ماتماتیك و فیزیك بووم لە قوتابخانە نێوەندی‌یەکانی

کوردستان و عێراقدا ، و ئەو شەرەفەشم پێ براوە کە یەکەمیـــــــن کتێبی جەبر و فیزیکم لە نێوەڕاستی پەنجاکاندا بە زمانی کـــوردی داناوە • گەلێك قوتابیم بووە زۆر زیرەك و هێندێك نێوەڕاســــت و هێندێکی دیش خوارتر ، بەلام بەڕاستی ئەم نەزانی‌یەی کاك ناســر لە ماتماتیکدا ئابڕووی هەموو قوتابی‌یەکی پۆلی یەکەمی قوتابخانەی نێوەندی دەبات • چونکە هەرکاتێك نرخی ( ب ) و ( جـ ) وەك یەك بوون ، ئەوا زۆر چاك نرخی ( آ + ب ) لەگەڵ نرخی ( آ + جـ ) یەکسان دەبێ • دیسانەوە نرخی ( آ × ب ) لەگەل نرخی ( آ × جـ ) یەکسان دەبێ • هەروەها لە باری دووەمدا ، هەرکاتێك نرخـــــی آ هیچ ( صفر ) بوو ، ئەوا نرخی آ × ب دەکاتە نرخی آ × جـ ، چونکە ( • × ب ) دەکاتە = • ، و ( • × جـ ) یش هەر دەکاتە = • ئەوجا هەزاران هاوکێشە ( معادلة ) ی لەم بابەتەش هەیە •

ئا ئەمەش ماتماتیکەکەی کاك ناسر و دارودەستـــــــەی کولتوورچی گۆڤاری دەستندەخۆری " پەیڤ " • سەیر ئەوەیە هیــچ شەرمیش ناکەن ئەم هەڵبزرکاندنە نێو دەنێن " بیری زانستانە " و لەپاڵ ئەوەشدا دەکەونە بوختان و درۆودەلەسە هەڵبەستـــــــن و ١٠ ــ ١٥ لاپەڕەیەك بە قسەی هەلەق و مەلەق رەش دەکەنەوە • هـــەی قوڕ بە سەر زانست و قوڕ بە سەر بیری زانستانە ! دەبێ بڵێیـــن : ئایزاك نیووتن گۆڕ هەڵتەکێنە ! لە شارەکەی تۆ دا جەبرەمارانـــە سەری هەڵداوە •

## ٣ـ جیانەکردنەوەی " ئازادی " لە " ئازادیخوازی " و پاکانە کردن بۆ داگیرکەران

لە بەشی یەکەمی نامیلکەی " هێندێك لە کێشە بنەڕەتییەکانی قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم " دا و لەژێر سەرنێوی " ئازادی و دەسەڵات " دا باسی " ئازادی " م کردووە وەك **هاوسەنگێك** بۆ " دەسەڵات " ٠ جارێکی دی دووپاتی دەکەمەوە : من لەو شوێنەدا باسی " ئازادی "م کردووە ، نەك " ئازادیخوازی" " ئازادی " و " ئازادیخوازی " دوو شتی زۆر لە یەك جیاوازن وەك ناسر ( ناصر ) و ناسرییە ( ناصریە ) ٠ هەر کەسێك کەمێك شارەزای زمانی کوردی بێ ، ئەوە دەزانێ ٠ بەڵام یەکێك کە سێرە ( مستوی ) ی نووسینەکانی بگاتە ئەو سێرە " بەرزە " ی گۆڤاری کولتوورچییەکان پێیگەیشتووە ، و کوردییەکەشی ئەو کوردییە جوانە بێ کە ناسری حەفید رازاندوویەتەوە ، و کە لە شوێنی خۆیدا دیێنەوە سەری ، دیارە کەری لێ دەبێ بە رمووزن ٠

" ئازادی " ووشەیەکی کوردیی ئێرانییە کە ماناکەی " سەربەستی " دەگرێتەوە ٠ کە گوترا یەکێك **لە روویەکی تایبەتییەوە** " ئازاد "ـە مانای وایە ئەو کەسە **لەو رووەوە** گوشار ( ضغط ) ی لە سەر نییە و سەربەستە ، کە ووشەی " سەربەستی "ش لە بنەڕەتدا لە نەبوونی ئیشوکار و دەستبەتاڵییەوە هاتووە ٠ زمانی تورکی ووشەی " سەربەست " ی لە کوردییەوە وەرگرتووە ، و بە مانای ( تعطیل ) بەکاری دەهێنێ ٠ بۆ وێنە : ئەگەر یەکێك رۆژێك کاری نەبێ ، ئەوا دەگوترێ فیسارەکەس ئەو رۆژە "سەربەستە". کەواتە " ئازادی " بە مانای " نەبوونی گوشار " بەکار دێ ٠ بۆ وێنە دەگوترێ " بازاڕی ئازاد " ، واتە : بازاڕێك کە گوشاری گوومرگی لە سەر نەبێ ٠ هەروەها کورد لە کاتێکدا قەرزێکی

بەسەر یەکێکەوە بێ ، و بیەوێ لێی ببووڕێ ، دەبێژێ : " گەردنت خۆش و **ئازاد** بێ " ، واتە : ئەو بارەی لە سەر شانت بوو ، ئەوا هەڵمگرت و لام برد " .

ئەوجا ئەگەر یەکێك لە کات و شوێن و سنوورێکی دیاریکراودا **ئازاد** بوو ، واتە،سەربەست بوو ، ئەوا هیچ مەرج نییە ئەو کەسە " ئازادیخواز " بێ ، واتە ئەو **ئازادی** یەی کە خۆی هەیەتی بە خەڵکی دیکەشی ڕەوا ببینێ . گۆڤاری دەستندەخۆری " پەیڤ " و ناسری حەفید دەیانەوێ بە بوختان وا لە خەڵك بگەیەنن کە گوایە من لە " ئازادی " مەبەستم " ئازادیخوازی " بووە ، و ئەم دوو شتەیان بە یەك شت داوەتە قەڵەم . بەڵێ ... **ئازادی** ئەوە بوو کە باسم کرد ، بەلام **ئازادیخوازی** دوخێکی ویژدانی و هەستێکی دەروونی و پلەیەکی بەرزی ڕۆشنبیرییە ، و پێوەندیی بە بۆچوونی مرۆڤدۆستانەی ئادەمزادەوە هەیە ، کە بە کردەوە خۆی لە هەوڵداندا بۆ یەکسانکردنی دەسەلات ، واتە گەیشتن بە ئازادیی وەك یەك بۆ هەموو تاکە تاکە و کۆمەڵگەڵ و نەتەوەکانی ئەم جیهانە ، پێشان دەدات ، کە لە نامیلکەی نێوبراودا زۆر بە روونی و بێ پێچوپەنا باسم کردووە . بەلام گۆڤاری کولتوورچییەکان و ناسری حەفید هاتوون مەبەستەکانیان بە ئەنقەست و ساختەبازی ئاوەژوو کردووە . جا وەك کوردەکە دەڵێ لە پاش مردن درۆ بە دەم مردووەوە دەکرێ ، لە کاتێکدا بە کوێرایی چاوی جەنابی هەموو لایەکیان هێشتا ماوم.

جا چونکە داروودەستەی " پەیڤ " هەروا بە ڕواڵەت و بۆ بازرگانی/بۆیاخی مارکسێتی لە خۆیان دەسوون ، ناسری حەفید چووە قسەکەی فردریك ئەنگلزی وەك تووتی دووبارە کردووەتەوە ، کە گوتویەتی " ئەو گەلەی گەلێکی تر بچەوسێنێتەوە هەرگیز ئازاد نییە " ( ل ٤٣٥ ) . ئاشکرایە ئەوانەی لە فەلسەفەی

مارکسیزم گەیشتوون و کاسپی پێوە ناکەن، دەزانن کە ئـــەم قسەیەی ئەنگلز لە باری سەرنجی مەتریالیستانەوە سەری هەڵنەداوە ، بەڵکوو لە باری سەرنجی ئیدیالیستانەوە سەری هەڵداوە . ئەوانەی شارەزای مێژووی ژیانی ئەنگلزن ، زۆر بە لایەنەوە روونە کە ئەنگلز هەرچەندە ئەو فەلسەفەیەی خەریکی بووە فەلسەفەیەکی مەتریالیستانەیە ، بەڵام خۆی وەك مرۆڤ ، زۆر ئیدیالیست و مرۆڤدۆســـت و بەرچاو تێر بووە . ئەوەتە ئەو پیاوە دەوڵەمەندە سامانەکـــەی خۆی دەخستە بەر دەست کارل مارکس تا پێی بژی و بتوانێ بنووسێ و بەرهەم بهێنێ . خۆ ئەگەر یارمەتیی ئەنگلز نەبوایە ، ئـــەوا بە دڵنیاییەوە کارل مارکسی بێ پارە و بێ ئیشوکار ، ئـــەو بەرهەمانەی پێ ئەنجام نەدەدران . ئەوجا بەپێی بیروبـــاوەڕی مارکسێتی کە ناسری حەفید و دارودەستە کولتوورچییەکـــەی گۆڤاری دەستندەخۆری " پەیڤ " لافی لێ دەدەن ، بەڵام فریـــان بە سەریەوە نییە ، هیچ گەلێك نییە لە جیهاندا ، **وەك گـــەل ، "ئازاد " یان " نائازاد " ( دیل ) بێ** . گەل لە چاوچێوەی سەرنجی مارکسێتی دا وەك **کۆمەڵگەیەکی یەك توخم و هاوئاهەنگ ( متجانس ) تەماشا ناکرێ** ، بەڵکوو لە گۆشەی بەرژەوەندی چینایەتـــیی ئابووریەوە تێی دەڕوانرێ . بەپێی ئەم سەرنجە چینێکی ئەو گەلــە فەرمانڕەوایەو دەزگەی دەسەڵاتی بە دەستەوەیە ، و چینێکی دیکەش فەرمانی بە سەردا کراوە و دەزگەی دەسەڵاتی لە دەست سەندراوەتە-وە . لە بەر ئەوە بە پێی بیری مارکسێتی،کەس ناتوانێ بڵـــێ فیسارە گەل " ئازاد " ـە یان فیسارە گەل " نائازاد " ( دیل)" ـە تەنانەت کە لینین سەری لە بەریتانیا دابوو ، و جیاوازیی ژیانـــی ئابووری کرێکاران و ئەرستۆکراتەکانی ئەوێی بە چاوی خۆی دیبوو ، پڕ بە دەم هاواری کردبوو : " ئەمانە دوو نەتەوەن "two nations"

له بەر ئەوە هیچ گەلێك نی‌یە ـ وەك گەل ـ گەلێكی دی دیل بكات ، بەڵكوو تەنێ سەرمایەداری گەلێكن كە گەلێكی دی دیل دەكەن • پرۆلیتاریای هیچ گەلێك ، گەلێكی دی دیل ناكات • و ئەمەش ئەلفوبێی ئەو ماركسێتی‌یە كە جەنابتان بۆیاخەكەیتان لە خۆتان هەڵسووە و زۆریش روونە كە ئەنگلز مەبەستی لە گەلێكی ئازاد گەلێكە كە هیچ گوشارێكی چینایەتی و دەروونی و رەوانی ( پسیكۆلۆژی ) ی لە سەر نەمابێ ، و لە هەموو كۆت و پێوەندێكی خەیاڵ و وەهم و خۆ بە زل گرتن رزگاری بووبێ ـ كە ئەمانە بەلای ماركسیستەكانەوە رەوشتی سەرمایەدارین ـ و هەست بەوە بكات كە ئازادی مافی هەموو مرۆڤێك و گەلێكە ، نەك هەر هی چەند مرۆڤێك و چەند گەلێك ، و ئازادی بە هەموو كەسێك و گەلێك رەوا ببینێ • ئەمەش دیارە لە هەستی مرۆڤ‌دۆستی‌ی ئیریالیستانەوە دێ ، نەك بیری مەتریالیستانە ،وزۆرتر لە بیری قوتابخانەی ئازادی و یەكسانی‌ی كوردی و قسەكانی منەوە نێزێكن ، نەك لە بیری ماركسێتی‌ی مەتریالیستانە • چونكە ئەگەر بیری ماركسیستا- نەی مەتریالیستانە باوەڕی بە بوونی تاقە كۆمەڵگەیەك و تاقە گەلێكی ئازادی لەو بابەتە لە هەموو جیهاندا ببوایە ، ئەوا پەنای نەدەبردە بەر بەكارهێنانی زۆر و هەڵگیرساندنی شۆرشی جیهانی بۆ دامەزراندنی ئەو دیكتاتۆرێتی‌یەی كە بە " دیكتاتۆرێتی‌ی پرۆلیتاریا " نێوی دەبەن ، و ئەوەتا ئەورۆ یەكێكی وەكوو جەنابتان و دارودەستەی كولتوورچی " پەیڤ " لە سوێد و بەریتانیا و وولاتەكانی ئەورووپای رۆژاوا پرۆپاگەندەی بۆ دەكەن و دەتانەوێ گوایە بەخێری گەلانی سوێد و بەریتانیا و كوێ و كوێ‌ی پێ " بەختیار " بكەن • بەلام چۆن و بە چی ؟ بە دەست پان كردنەوە لەوانەی كە خۆتان بە ئیمپریالیست و سەرمایەدار دایان دەنێن ،

و بۆ کاڵ نەبوونەوەی بۆیاخەکەی لچولێوتان جنێوی پیس پیسیان لە گۆڤارەکەتاندا پێ دەدەن •

جا گەلێکی ئاوا " ئازاد " بە پێی بیری مارکسیستانە ، گوایە لە پلەی کۆمۆنیزمدا ، کە تا ئیستا ئادەمزاد نەی گەیشتووەتێ ، دێتە کایەوە • خۆ ئەگەر ئەنگلز مەبەستی ئاوا نەبوایە ، دیارە هەر خۆی خۆی دەخستە ناکۆکییەوە لەگەڵ فەلسەفەکەی خۆی •

ئەوجا هەموو ئازادییەك ، واتە هەموو سەربەستییەك ، وەك گوتوومە و جارێکی دیش دووپاتی دەکەمەوە ، هەر لە **دەسەڵاتەوە** دێ ، و دەسەڵاتەکەش پڕ بە پڕی سەربەستییەکەیە • بەڵام ئەو سەربەستییە ، واتە ئەو دەسەڵاتە چۆن بەکار دەهێنرێ ، ئەوە بەپێی ئەو دەسەڵاتدارە و بە پێی ئەو یاسا و پێوەندی و نەریتانە دەگۆڕێ ، کە لە کۆمەڵگەدا باون و فەرمانڕەوان • بۆ وێنە : ئێوەیەك کە گۆڤارێکتان بە دەستە ، کە نەك بە پارە و رەنجی شانی خۆتان ، بەڵکوو بە یارمەتیی مالیی دەوڵەتی ئینگلیز دەردەچێ ، تەنێ دەسەڵاتی ئەوەتان هەیە ، واتە سەربەستیی ئەوەتان هەیە ، لە چارچێوەیەکی تایبەتیدا ووتار بنووسن ، و ئەوەتە دەسەڵاتەکەتان ، بێ ویژدانانە بۆ ئەوە بەکار دەهێنن کە بوختان بە من بکەن و درۆودەلەسە بۆ من هەڵبەستن و خزمەتی ئامانجی هەلپەرستانەی داروودەستەی خۆتانی پێ بکەن و بە خشکەیی بالۆرەی ترڕم ••• پرڕم ••• پفف بۆ رژێمی بەعس و زۆرداران لێ بدەن ، لەم رووەشەوە ئێوە سەربەستن ( ئازادن ) • بەڵام هەرداروودەستەی ئێوە ، هێندە دەسەڵاتتان نییە کە بچن فەلاقەم بکەن ، یا گوللەیەك بنێن بە سنگمەوە ، ئێرە ئەورووپایە و لێرە هێندە دەستان ناڕوا ، و شێخ ناسری حەفیدیش دەروێش و مەروێشی زەرگ بە دەستی لە دەورووپشت نییە تا بیانهێنێتە حاڵ و بیان کاتە گیانم ، خزمە نێزیکەکانیشی

که داروده‌سته‌ی به‌عسن لێره ده‌ستیان نا‌ڕوا . به‌ڵی ئێوه هه‌ر هێنده‌-
تان له ده‌ست دێ و ئه‌وه‌ته ده‌سه‌ڵاته‌که‌تان ، واته سه‌ربه‌ستی‌یه‌که‌تان
به‌و جۆره بێ ویژدانانه به‌کار ده‌به‌ن . به‌ڵام کابرایه‌کی وه‌ك ستالین
که به پێی ئه‌و یاساو نه‌ریتانه‌ی له کۆمه‌ڵگه‌ی سۆڤێتدا باون ، تاکه
فه‌رمانڕه‌وای هه‌موو وولاتی سۆڤێت بوو ، واته ده‌سه‌ڵاتداری یه‌که‌می
ئه‌و وولاته بوو ، سه‌ربه‌ستی ئه‌وه‌ی هه‌بوو هه‌ر که‌سێکی بوێ بیکوژێ.
جا له‌به‌ر ئه‌وه‌ی بێویژدان بوو ، ده‌چوو ده‌سه‌ڵاته‌که‌ی بۆ کوشتن
و له‌نێوبردنی هه‌زاران هاووڵاتی خۆی به‌کار ده‌برد ، ئه‌و بێویژدانی-
یه‌ی که ته‌نانه‌ت لێنین هه‌ستی پێ کردبوو ، و له نێو کادره پێشکه‌-
وتووه‌کانیشدا مه‌ترسی خۆی له‌و باره‌یه‌وه ده‌رب‌ڕیبوو . به‌ڵی ،
ستالین له کوشتنی خه‌ڵکی وولاته‌که‌ی خۆی‌دا سه‌ربه‌ست بوو ، به‌ڵام
له به‌رئه‌وه‌ی ده‌رهه‌قه‌تی ئه‌ڵمانیای نازی و ملهوڕێکی وه‌ك هیتله‌ر ،
نه‌ده‌هات ، هات له‌گه‌ڵ هیتله‌ری نازی‌دا په‌یمانێکی دووقۆڵی به‌ست
و بوو به هاوپه‌یمانی . وه‌ك چۆن رژێمی به‌عسی عێراق له
بێ ده‌سه‌ڵاتی‌یه‌وه ناچار بوو له ١٩٧٥ دا ببێ به هاوپه‌یمانی
رژێمی شای ئێران . دوای ئه‌مه‌ش ، ئێوه هیچ دوور مه‌ڕۆن ته‌ماشای
کابرایه‌کی وه‌کو رێگه‌ن بکه‌ن که سه‌رۆکی ده‌وڵه‌تی ئه‌مریکا و
فه‌رمانڕه‌وای یه‌کێکه له دوو زلهێزه‌که‌ی جیهان . رێگه‌ن سه‌ربه‌ستی‌ی
ئه‌وه‌ی هه‌بوو که ساڵێك له‌مه‌وبه‌ر ، واته له ١٩٨٦/٤/١٥ دا چه‌ند
فڕۆکه‌یه‌ك بنێری بۆ وولاتێکی عه‌ره‌ب و بۆمباباران بکات و ژن و
منداڵیان له خه‌وی شیریندا بکوژێ ، بۆچی ؟ چونکه ده‌سه‌ڵاتی
ئه‌وه‌ی هه‌یه و ده‌ستی به‌سه‌ر عه‌ره‌بدا ده‌ڕوا .به‌ڵام هه‌ر ئه‌و رێگه‌نه
پێی ناکرێ مۆسکۆ بۆمباباران بکات ـ ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر نیازێکی
واشی هه‌بێ ـ بۆچی ؟ چونکه فه‌رمانڕه‌وایانی مۆسکۆش خاوه‌نی
ده‌زگه‌یه‌کی زلهێزن ، وه‌ك ئه‌و ملهوڕن ، و ده‌ستی به سه‌ریاندا

ناڕوا ، و دەست بکاتەوە لێیان خاکی بە تووڕکە دەبێژن • ئـــا لەمەیاندا ڕێگەن سەربەست نییە • چاکە : دەبێ بگوترێ ڕێگــەن کابرایەکە لە بۆمباباران‌کردنی وولاتێکی عەرەبدا سەربەســت ( ئازاد ) نییە ؟ باشە ، ئەگەر ئازاد نییە ، دەبێ دیل بــێ ، باشە ، دیلی کێیە ؟ دیلی کەس نییە ، بەلام بێ ویژدانە‌کــە بێ پەروا پەلاماری وولاتی عەرەب دەدا و پەلاماری جێیەکــی دی نادات ، بەلگەیەکە بو ئەوەی سەربەستی ( ئازادی ) و دەســەلات شان بە شانی یەك دەڕۆن وهاوسەنگی یەکن بێ کەموزیاد • ئەوجــا ئێستە وەرن تەماشای زلهێزەکەی دیکە بکەن : یەکێتی سۆڤێــت ئەمە چەند ساڵە بەزۆری چەك وولاتێکی بێ‌دەسەلاتی بێ پشتیوانــــی وەك ئەفغانستان داگیر کردووە ، لە کاتێکدا کە گەلی ئەفغانستان دوژ-منی یەکێتی سۆڤێت نییە ، و بنکەی سوپاییی بەرەی ڕۆژاوای دژ بـــە یەکێتی سۆڤێت لە وولاتەکەیدا نییە • بەلام هەر ئەو یەکێتی سۆڤێتــە هەزار ماستاو بۆ ئەمریکا دەکات و دەیەوێ پەیمانێك ببەستێ لەگەڵــی بۆ دامالینی چەکی ئەتۆم و هەر ئەو یەکێتی سۆڤێتەشە کە ناتوانــــێ پەلاماری تورکیا بدات ، ئەگەرچی تورکیا وولاتێکە بنکەی سوپایـــی دژ بە سۆڤێتی تێدایە • بۆچی ؟ : چونکە سۆڤێت دەزانێ پەلاماردانــی تورکیا دەبێتە هۆی بەرەنگاری لەگەڵ هێزەکانی ناتۆ • ئایە ئەمە مانای ئەوە نییە کە سۆڤێت لە پەلاماردانی ئەفغانستاندا سەربەستەو لـــە پەلاماردانی تورکیادا سەربەست نییە ؟ بۆ یەکەمیان دەسەلاتــــی هەیەو بـــۆ دووەمیـــــــــــــان نـیـەتـــــــــی ؟

وەرن وێنـەیـەکـــــــــــــی دیکەتان پیشان بدەم : کـــە دەولەتی تورکیا لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا دوو جار بە پۆڵــە فڕۆکەوە پەلاماری خوارووی کوردستانی دا و سەدان کوردی کوشــت و کەسیش نەیگوت " کەرت بە چەند " ، ئایە ئەم کارەی دەولەتـــی

تورکیا لەوەوە نەهاتووە کە کاربەدەستانی تورکیا ئازادی ، واتە ( سەربەستی ) یان هەیە بۆ کوردکوشتن ، چونکە دەسەلاتی سوپایی و سیاسییان هەیە و کورد ئازادی ، واتە ( سەربەستی ) یان نییە ، چونکە دەسەلاتی سوپایی و سیاسیی کورد لە رادەی هی دەولەتی تورکیادا نییە . بەلێ ... کاربەدەستانی تورکیا لە قەلاچۆ کردنی کورددا سەربەستن ( ئازاد ) ن ، بەلام بێ ویژدانن . لە کاتێکدا هەر ئەو کاربەدەستە تورکانە بوون کە چەند رۆژێك لەمەوبەر کەشتی-گەلیان ناردە زەریای ئیجەوە و دەستیان کرد بە فشوهوور و هەرەشە-کردن لە یۆنان ، بەلام کە زانیان سوپای یۆنان لێیان راپەڕی و ئاسنەکە داخ بوو ، و هێزی هەردوو لا وەك یەك دەرچوون ، کەسیان نەیتوانی ، پەلاماری ئەوی دی بدات . کەچی لەشکری تورك هەر ئەو لەشکرەیە کە لە سالی ١٩٧٤ دا و بە هانەهانە و پشتگیری ئەمریکای نیکسن هەلی کوتایە سەر قوبرس بە بیانووی ئەوەوە کە گوایە کەمایەتی تورك لەوێ خراپە دەکرێ لەگەلی ، و هەتا ئێستەش لێی نەهاتووەتە دەرێ . بۆچی ؟ : چونکە قوبرس لەشکری بەهێز و رێکو-پێکی نەبوو ، واتە دەسەلاتی نەبوو بەرگری لە خۆی بکات . دەفەرموو با دەولەتی تورکیا بوێرێ پەلاماری بولگارستان بدات . ئەو بولگارستانەی بە رۆژی نیوەڕۆ هەولی تواندنەوەی تورکەکانی خۆی دەدات . **کەواتە پلەی سەربەستیی کارکردن و ئازادیی هەلسوکەوت بەستراوە بە پلەی دەسەلاتەوە** . واتە **ئازادی و دەسەلات هاوسەنگی یەکن** . ئەوەش هێندە روونە دەمەتەقێی پێ ناوێ ، مەگەر یەکێك راگیرابێ و بیەوێ بۆ کات بردنەسەر دەوەن بە ئاش بکات ، یا بالۆرەی ترڕم ... پرڕم ... پفف بۆ زۆرداران و ملهوڕان لێ بدات .

ئەوجا با گوێ بگرین بزانین ناسری حەفید و گۆڤاری دەستندەخۆری " پەیڤ " چ شەکرێکی دیکەیان شکاندووە : ناسری حەفید دەنووسێ :

" ئەگەر دەسەڵات ئازادی بێت ، ئەوا رزگاری کورد کەم بوونەوەی دەسەڵاتی داگیرکەرەکانێتی و سەرئەنجام کەم بوونەوەی ئازادیانە ، کەواتە ئەوان دەبێت ماف بە کورد نەدەن و ئەم مافنەدانەش خەباتێکی رەوایە چونکە خەباتی دەسەڵات خەباتی ئازادییە و ئازادیش شتێکە کە مرۆڤ دەبێت هەیبێت " ( ل ٤٣٧ – ٤٣٨ )

بەڵێ ... رزگاری کورد کەمبوونەوەی دەسەڵاتی داگیرکەرەکانێتی و سەرئەنجام کەم بوونەوەی ئازادیيانە . کە کورد رزگاری بوو ، ئەو حەلە لە وڵاتەکەی خۆیدا دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبردنی دەبێ ، واتە لە خۆبەڕێوەبردندا ئازاد دەبێ،دیارە ئەوساکە داگیرکەرەکانی وڵاتەکەی ئەم دەسەڵاتەی ئێستەیان بە سەر کوردستاندا نامێنی و ئەو سەربەستی‌یەی ئێستەیان نابێ . جا ئەمە کوێی ناتەواوە و کوێی خراپە و بۆچی ناسری حەفید لەوە دەترسێ کە داگیرکەرانی کوردستان سەربەستی‌ی کوشتن و برینی کوردیان نەمێنێ ، ئەگەر خۆی لە خزمەتی ئامانجی ئەم داگیرکەرانەدا نی‌یە ؟ ئەمە وایە . بەڵام هەڵگێڕاندنەوەی مەبەست بە ئەنقەست و بوختانکردن لەمەی خوارەوەدایە :

" .... کەواتە ( داگیرکەران ) دەبێت ماف بە کورد نەدەن و ئەم مافنەدانەش خەباتێکی رەوایە ، چونکە خەباتی دەسەڵات خەباتی ئازادییە و ئازادیش شتێکە کە مرۆڤ دەبێت هەیبێت " ( هەرئەوێ ) .

ئا لێرەدا با سەرنجی دوو شت بدەین :
یەکەم ـ داگیرکەرانی کوردستان هیچ کاتێك ئامادە نەبوون و نین " ماف " ! بە کورد بدەن ، مەگەر ناچار بکرێن · ئەوەش لە ئەنجامی دەسەڵات پەیداکردنی بزووتنەوەی کوردایەتییەوە · ئەم قسەیەی سەرەوەی ناسری حەفید لەوە دەچێ کە گوایە داگیرکەران حازرن ماف بە کورد بدەن ، بەڵام ئەگەر کورد داوای ئازادی بکات و بڵێ ئازادی شتێکە هەموو مرۆڤێك دەبێ بیبێ و ئازادیی خۆشی لە دەسەڵات بەسەر وڵاتەکەی خۆیدا ببینێ ، ئەوا نایدەنێ · کەواتە دەبێ کورد بێ دەسەڵات و بێ ئازادی بمێننەوە ، هەتا داگیرکەرانی کوردستان رەحمیان ـ ببزوێ و خێر بە کورد بکەن هێندێ مافی بدەنێ ـ ئەمەش ئامانجی شاراوەی ئەم هەموو بوختانەیە کە ناسری حەفید بە منی دەکات ، وەك لە شوێنی خویدا زۆرتر روونی دەکەینەوە ·
دووەم : من لە هیچ جێیەکی نووسینەکانمدا نەمگوتووە کە " مافی ئازادی " شتێکە یەکێك یا لایەك دەتوانێ بیدا بە یەکێکی دی یا بە لایەکی دی بەڵکوو " ئازادی "م بە مافێکی سروشتی هەموو بوویەکی ژیر داناوە · هیچ کاتێکیش دانم بەوەدا نەناوە کە ئازادی شێوا ( قابل )ی پلەپلە کرن ، واتە کەموزۆر کردن ، یا بەرزکردنەوە و نزمکردنەوە یە · هەر کەسێك بەرهەمەکانم بخوێنێتەوە و بە کرێ نەگیرابێ ، دان بەوەدا دەنێ کە بە درێژایی و پانایی باسەکانم باسی یەکسانیم کردووە لە دەسەڵاتدا ، واتە یەکسانی لە ئازادیدا ·
جا کە دەسەڵاتیەکسان کرا مانای وایە ئازادی وەك یەکی لێ دێ ، و ئەمەش مانای وایە کە نە زۆردار دەمێنی و نە زۆرلێکراو ، نە بەشخۆر دەمێنێ و نە بەشخوراو ، نە داگیرکراو دەمێنێ و نە داگیرکەر · ئەوجا هەموو خەباتێك بۆ نا یەکسانکردنی دەسەڵات، خەباتێکی نارەوایە؛واتە ئەم ئازادی ( دەسەڵات )ە زێدەیەی کە

داگیرکەرانی کوردستان هەیانە شتێکی ناڕەوایە و دەبێ نەمێنێ ·
وەرن گوێ بگرن بزانن من چیم نووسیوە ، و گۆڤاری دەستندەخۆری
" پەیڤ " چون هەڵیگێڕاوەتەوە · لە نامیلکەی هێندێك لە کێشە
بنەڕەتی‌یەکانی قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزمدا ( ل ٨٧ ) نووسیومە
" جا لەبەر ئەوەی ئازادی تایبەتکارێکی مرۆڤە ، واتە بەشێکە لە
مرۆڤ خۆی · لەبەر ئەوە شیێوای کڕین و فرۆشتن و بەدیاریدان و بە-
میراتبردن نی‌یە · جا لەبەر ئەوەی " مرۆڤایەتی " خۆی یەکەیەکە
( وحدة ) شیێوای کەرت کەرت کردن نی‌یە ، دیارە ئازادی وەك تایبە-
تکارێکی مرۆڤ ، واتە بەشێك لە مرۆڤ خۆی ، ئەویش شیێوای کەرت
کەرت کردن نی‌یە · بە کورتی : **ئازادیی مرۆڤ زۆر و کەمی و پلە
بۆ دانان هەڵناگرێ** " ·

جا کە ئاوا بە ئاشکرا گوتبێتم " ئازادیی مرۆڤ زۆر و کە-
می و پلە بۆ دانان هەڵناگرێ " ، دیارە ئازادی ڕەوایەتی ( شەرعیەت )
ی خۆی هەر لە یەکسانی‌دا دەبینێ و ئەو حەلە دیارە داگیرکەرانی
کوردستان مافی ئەوەیان نی‌یە و نابێ ئازادیيان لە کورد زۆرتر بێ ·
شتێکی روونە کە داگیرکەرانی کوردستان هەر هێندە بە داگیرکەر
دەمێننەوە تا ئازادیيان ، واتە دەسەڵاتیان لە وولاتەکەی خۆیان
تێپەڕ دەکات و دەگاتە کوردستان · کە ئەو ئازادیيە زێدەیە ، واتە
ئەو دەسەڵاتە زێدەیەیان نەما ، ئەوساکە لە دۆخی داگیرکەری‌دا نا-
مێننەوە و کوردیش لە دۆخی داگیرکراوی‌دا نامێنێتەوە · چونکە
ئەو دەمە ئازادیی هەردوولا ، واتە دەسەڵاتی هەردوولا یەکسان دەبێ ·
جا کە ئازادیش شیێوا ( قابل ) ی پلە پلە کردن و زۆر و کەمی نەبوو ،
دیارە هەموو هەوڵدانێك بۆ نایەکسان کردنی،هەوڵدانێکی ناڕەوایە ·
لەبەر ئەوە لە نامیلکەی " دۆزی ناسیۆنالی کورد "دا گوتوومە ·

ئەوجا " ئازادی " کە خۆی تایبەتکارێکی مرۆڤی ژیرە – مرۆڤی ژیریش هەر بەم پێیە ئەو مرۆڤەیە کە دژی ئازادی نەبێ – هەر کاتێك " ئازادی " کەوتە مەیدانی کردەوە لە کۆمەڵگەیەکدا ، ئەوا خۆی لە شێوەی یەکسانیدا دەنوێنێ • واتە یەکسانی بریتییە لە خستنەکاری تایبەتکاری ئازادیی مرۆڤ • یەکسانیش لە نێوان مرۆڤێك و مرۆڤێکی دیدا ، تەنێ دەتوانێ لە " یەکسانیی دەسەلات " دا خۆی بنوێنێ • چونکە یەکسانیی لە دەسەلاتدا هەموو جۆرە مافەکانی دی لە خۆیدا کۆ دەکاتەوە " ( ل ٨٧ ) •

بەمانەی سەرەوەدا دەردەکەوێ کە ئەوەی ئێوە بە دەم منەوە هەڵتان بەستووە هەڵگێڕانەوەی راستییە بو ئامانجێکی گلاو و گەمار کە دەتانەوێ بیشارنەوە ، بەلام ئەوەتە دەستەکەتان کەوتە روو • کە ئەم ساختەکارێتی و هەڵگێڕانەوەی مەبەستە لە تەواوی ووتارەکەی گۆڤاری دەستندەخۆری " پەیڤ " دا بەدی دەکرێ • بۆ وێنە من لە نامیلکەی " هێندێك لە کێشە بنەرەتییەکانی قوتابخانەی سۆسیالیزمدا " شتێکم نووسیوە ، کە ناسری حەفید و گۆڤاری دەستندەخۆری " پەیڤ " ئەم کۆپلەیەی خوارەوەیان لێ وەرگرتووە :

" هیتلەر و نازییەکانی هاورێی کە چەند ملیۆنێك جوولەکە و رووس و فەرەنسی و ئەڵمان و ئەورووپاییی دیکەیان لە نێوبرد ، بە ئاشکرا دەیانگوت " ئێمە بۆ ئازادیی رەگەزی ئاریایی هەول دەدەین کە پێشکەوتوترین رەگەزی جیهانە و لەبەر ئەوە دەبێ رەگەزە نزمەکان بە ژێردەستەیی بژین " • ئەوان نەیان دەگوت " ئێمە دژی ئازادین " و راستییەکەشی دژی ئازادیی خۆیان نەبوون ، دژی ئەوە بوون کە خەڵکی دی واتە ئەوانەی لەوان نەبوون " ئازاد "بن • سەددام و بەعسییەکانی هاورێی هیچ کاتێك نەیانگرتووە و نالێن " ئێمە دژی

ئازادین " و ئەوەتە یەکێك لە ستراتیژە سێ کوچکەکەیان " ئازادی " یە ( وحدة ـ حرية ـ اشتراكية ) • ئەوان کە " دەسەڵات " لە هەمــوو حیزب و دەستەیەك کە لە خۆیان نەبێ دەستێننەوە و " دەسەڵات " دەـ خەنە دەست خۆیان ، تەنێ لەبەر ئەوەیە کە ئەوان " ئازادی " یـــان هەر بۆ " خۆیان " دەوێ • جا وەك کورد گوتوویەتی : " سەگ لـــە کولێرە راناکات " ، دڕندەترین چوارپێ کە گۆشت ببینێ راناکـــا لێی و فرێی نادا ، بەڵکوو پەلاماری دەداو بۆ " خۆی " داگیرادەکا • " ئازادی " ش وایە ، دڕندەترین کۆمەڵە و حیزب و تاکی سیاســـی ئەم جیهانە راناکا لێی و دژی ناوەستی ، بەڵکوو بۆ " خۆ " یـــی دەوێ و دەیکا " بە ماڵی خۆی " •

بەڵام وەك هەموو ساختەبازێك چاویان لەو کۆپلەیەی خوارەوە پۆشیـوە ، کە دووا بە دووای ئەمەی سەرەوەدا دێ و ئا ئەمەیە :

" ئەمجا بۆ ئەوەی مرۆڤێکی ژیر لە دڕندەیەکی کێوی جیا بکەینـــەوە ، دەبێ ئەوە بهێنینە بەر چاومان کە مرۆڤی ژیر نابێ " ئازادی " هەر بۆ " خۆی " بوێ • واتە ئەو نانەی کە دێتە سەر " خوان " نابـــێ یەکێك بێ و وەك دڕندە قەپ بکا بە هەموویدا و لرفی بدا ، بەڵکـــوو دەبێ هەموو خێزانەکە لێی بخوا و بۆ تاکە " یەکێك " یا چەنـــد کەسێکی ئەو خێزانە نەبێ • کەواتە " ئازادی " کە " مڵکێکی گشتی " ی هەموو " مرۆڤایەتی "یە ، نابێ تەنێ بۆ یەك کەس و یەك کۆمـــەڵ و یەك حیزب و یەك دەوڵەت و یەك رەگەز و یەك ئاین و یەك نەتەوە بێ ، بەڵکوو دەبێ بۆ سەرجەمی تەواوی " کۆمەڵگەی ئادەمزاد " بێ و بـێ جیاوازی •

کوێرەوەری کۆمەڵگەی ئادەمزاد تا ئێستە لەوەدا بووە و لەوەدایە کە هەر بەشێك لەوانەی ئازادییان بۆ خۆیان ویستووە ، یا ئازادییان بۆ خۆیان دەوێ ، هاتوون بە نێوی شتێکەوە یا بە بیانووی شتێکەوە مافیان داوەتە دەست خۆیان کە هەر خۆیان ئازاد بن و رێی ئازادییان لەوانی دیکە گرتووە و دەیگرن • جا بۆ ئەوەی ئەم " ئازادی "یە بۆ " خۆیان " مسۆگەر بکەن و " ئازادی " لەوانەی دی بگرن ، دەچن رێۆشوێنێکی سیاسی دەگرن و لە ژێر ئالایەکی بە روالەت " ژیربێژانە " دا دەچن بە رێوە و وای پێشان دەدەن کە " هەق " هەر بە لای " خۆیان " ـەوەیە و بە لای کەسی دیکەوە نییە جا لەبەر ئەوەی " هەق " هەر بەلای ئەوانەوەیە ، دەبێ ئەوانەی لەسەر " ناهەق " ن نەمێنن و لە نێوبچن • جا هەر لەم بیرە تەسکوترووسك و دوژمن بە " ئازادیی کۆمەڵگە " یەوە ، بیری " حیزبی پێشڕەو " و " سەرکردەی تاقانەی گەل " و " رێبەری بێ هاوتا " و " وەکیلی خوا " و ئەم جۆرە بڕوبیانووانە دێنە کایەوە و کاریش دەکەنە سەر نەزان و بیرنەکەرەوە و تێنەگەیشتوو و لە هەمان کاتدا ئەوانەی خۆبژێن و هەلپەرست و کوڕی رۆژ و خوێڕی و چڵکاو خۆرن لە دەوری کۆدەبنەوە و گڕی ئاگرەکەی خۆش دەکەن و لە ئەنجامدا هەر بە نێوی " ئازادی "یەوە " ئازادی " سەردەبڕن • "

جا ئێستە ئەم قسانەی سەرەوە لە کوێ ، و ئەو بێ ئابڕوویەتییەی کۆڤاری دەستندەخۆری " پەیڤ " و ناسری حەفید لە کوێ ، کە ئەو ووتانەی سەرەوەی منیان لەبەر خاتری خۆ نێزیك کردنەوە لە داگیرکەرانی کوردستان بەم جۆرەی خوارەوە لێك داوەتەوە ، کەوا وەك هەموو کۆپلە وەرگێڕاوەکانی " پەیڤ " بە هەموو هەڵەیەکی رێنووس و رێزمانەوە وەك خۆی دەیخەمەوە بەرچاو :

"به گوێرەی ئەوەی کە هیتلەر و هەموو سەرانی ئەم سەنگەرە لە لاپەڕەی رەشی مرۆڤایەتی‌دان و مرۆڤ ناتوانێت تیۆری ئەم جولانەوە نامرۆڤییە بەرز بکاتەوە و بە ئاشکرا خەباتی بۆ بکات ، بۆیە کاك جەمال دەڵێت ئەمانە ئازادییان تەنها هەر بۆ خۆیان دەوێت : واتە ناوبراو ئازادی تەنها هەر بۆ خۆی ناویت • ئینجا نازانم بۆکێی تری دەوێت و ئەم دەسەلاتەی لە سەر شانی کێ دروست دەکات ؟

ناوبراو پێی بزانیت یان نا ، روانین لە روانگەی دەسەلاتەوە و ئازادی یەکسانکردن بە دەسەلات روو لە داگیرکردن و چەساندنەوە دەکات • وەکو ناوبراو خۆی دەربارەی عوسمانلیەکان دەڵێت : ئەمانە ئازادی خۆیان لە دیلیتی خەڵکی دا ئەدی ، ئەم بیرکردنەوەیەی کاك جەمالیش هەر ئەوە دەگەیەنێت " ( ل ٤٣٧ )

••• بەڵێ ، ئێوە لە لایەکەوە من بەوە کافر دەکەن کە گوتوومە : **عوسمانلی‌یەکان ئازادیی خۆیان لە دیلێتیی خەڵکی‌دا** دەدی ، کەچی هەر خۆتان لە ل ٤٤٠دا دەفەرموون :

" ئەو رژێمانەی کە حوکمی ئەو وڵاتانە دەکەن کە کوردی بە سەردا دابەشکراوە لەو بۆچوونە زانستییەوە سەر دەرناهێنن کە داگیرکردنی گەلان ژێردەستییە بەڵکو بە پێچەوانەوە ، **رزگاری گەلان و خەڵکی** بە رووخان و ژێرکەوتنی خۆیان دەزانن " •

جا باشە ! ئەگەر ئەم داگیرکەرانە ــ وەك جەنابتان دەفەرموون ، " **رزگاری گەلان و خەڵکی بە رووخان و ژێرکەوتنی خۆیان" بزانن** ، دیارە هەر بە پێی قسەکەی جەنابتان **رزگاریی خۆیان لە رووخان و ژێرکەوتنی گەلان و خەڵکی‌دا دەبینن** • ئەوجا ئێستە ئەمەی جەنابتان فەرمووتانە ، چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ ئەو قسەیەی سەرەوەی من کە گوتوومە : " **عوسمانلی‌یەکان ئازادی خۆیان لە دیلێتیی خەڵکی‌دا دەدی** " • واتە : **عوسمانلی‌یەکان لە ئازادی**

**خەڵکیدا دیلێتیی خۆیانیان دەدی** ، ئێوەش گوتووتانە : داگیرکە-رانی کوردستان " رزگاری گەلان و خەڵکی بە رووخان و ژێرکەوتنی خۆیان دەزانن " • فەرموون ئەمەش هەر قسەکەی منە • و ئەوەتە جەنابتان زەق زەق ئەمەتان لە منەوە وەرگرتووە ، و کەچی ئاوا بێشە-رمانە و بۆ شوێنەوونی هێشتا هەر پەلامارم دەدەن • راستییەکەی کورد باشی گوتووە : تا ماڵخۆ دزی گرت ، دز ماڵخۆی گرت !

راستە شتێکی سەیر نییە کە ناسری حەفید پێی وابێ دەسەڵات هەر دەبێ لە سەر شانی خەڵك دروست بکرێ و دابمەزرێ • چونکە ئاغا و دەرەبەگ دەسەڵاتی خۆیان هەر لە سەر شانی هەژار و چەوساوە دروست دەکەن ، ئەویش هەر لە چاویلکەی خۆیەوە دەڕوانێتە خەڵك • لەبەر ئەوەی ناتوانێ تێ بگات کە دەسەڵات بوون مانای شەق لە خەڵك هەڵدان نییە ، و مرۆڤی ئازادیخوازی یەکسانیخواز دەسەڵات لە سەر شانی هیچ کەسێك دروست ناکات ، بەڵکوو دەسەڵات بە مافی هەموو کەسێك دەزانێ • چونکە دەسەڵات ئازادییە و ئازادیش مافی هەموو مروڤێکی ژیرە ، وەك لە سەرەوە بە روونی دەستنیشانم کردووە • دووایی کە گوتوومە عوسمانلییەکان ئازادیی خویان لە دیلێتیی خەڵکیدا دەدی ، ئەوە شتێکی راستە • هەموو کەسێك کە ئازادی هەر بۆ خۆی بوێ و رێ لەوە بگرێ کە خەڵکی دی ئازاد بن ، ئەو کەسە ئازادیی خۆی لە دیلێتیی خەڵکیدا دەبینێ • بۆ وێنە کابرایەکی وەك ناسری حەفید کە سەرمایەیەکی زانستانەی نییە و لە سیاسەتیشدا رێبازێکی هەلپەرستانەی گرتووە ، دەیەوێ لە سەر حسێبی بوختان کردن بە من و خراپ کردنی نێوی من نێوێك بۆ خۆی پەیدا بکات ، کە پەیدای ناکات • ئەمەش هەر ئەو دەورەیە کە عوسمانلییەکان و نازی-یەکان دەیانگێڕا ، بەڵام ئەوان بە پێی دەسەڵاتی خۆیان و ناسری حەفیدیش بە پێی دەسەڵاتی خۆی و کا ڵاش لە قەد با ڵا • دووایی

ئەگەر من بمویستایە ئازادیی خۆم لە سەر شانی خەڵك دابمەزرێنم، نەدەبوو لە ژیانمدا ئەم رێیە بگرم کە بە درێژایی ژیانم گرتوومە ، بەڵکوو دەبوو رێیەکی وەك ئەو رێیەم بگرتایە کە ناسری حەفید و داروودەستەی گۆڤاری دەستندەخۆری " پەیڤ " گرتوویانە • بۆ وێنە دەبوو لە لایەکەوە بە پارەی دەوڵەتی ئینگلیز " ئینستیتیووتی کولتووری کورد " م دابنایە و گۆڤاری " پەیڤ " م دەربکردایە و لە لایەکی دیکەشەوە هەر لە گۆڤارەکەدا و بۆ شوێنەوونی دەستمبکر-دایە بە جنێو دان بە ئیمپریالیزمی بەریتانیا ( ل ٤٨٧ ـ ٤٨٨ ) ، یان لە لایەکەوە لە کوردستاندا بە ناوی شێخێتی و دەروێشێتی و نوشتە کردن و حەی ئەڵلاوە،بە ئاینەوە کاسپیم بکردایە و لە لایەکی دیکەشەوە لە ئەورووپا جنێوم بە ئیسلام بدایە ، یا لە لایەکەوە بچوومایە باسی مارکسێتی و پرۆلیتاریام بکردایە و مەتحی یەکێتیی سۆڤێتم بکردایە و تفونەحلەتی سەرمایە و سەرمایەدارانی ئەورووپام بکردایە و لە لایەکی دیکەشەوە لە ئەورووپای رۆژاوا دەستم هەر لەوانە پان بکردایەتەوە کە خۆم بە سەرمایەدار دامناون و لێیان بپاڕامایەوە بەخێوم بکەن • لە لایەکەوە بچوومایە ووتارم دژی سەددام و رژێمی بەعس بنووسیایە و لە لایەکی دیکەشەوە کە نوێنەرەکانی رژێمی بەعس هاتنە ئەورووپا هەر رۆژە بۆ لایەك دەعەوەتم بکردنایە • تێ گەیشتن جەنابینە ا باشە : ئەمەیان رێی منە یان رێی ئێوە یەکێك خۆی ماڵەکەی لە شووشە بێ ، نابێ بەردەفڕکێ بکات لەگەڵ یەکێك کە ماڵەکەی لە بەرد دروست کراوە •

کە جەنابتان فەرمووتانە : " بۆ بەرز بوونەوەی دەسەلاتیش دەبێت گەلان گەلان داگیر بکەن ، چین چینێکی تر ژێر خۆی بنێت " ( ل ٤٤٠ ) ، بە تەواوی هەستی نێو دەروونی خۆتان دەخەنە روو • چونکە من باسی یەکسانیم کردووە لە دەسەلاتدا • بەلام ئێوە جەنابتان

کە پەروەردەی بیر و ڕەوشتی دەرەبەگێتی و ئاغا و خزمەتکاریـــن ، دیارە زۆر دژی ئەوەن کە ئازادیی مرۆڤ بە دەسەڵاتەوە ببەسرێتـەوە • چونکە بە پێی لێکدانەوەی جەنابتان دەبێ دەسەلآت هەر بۆ ئـــەوە بەکار بێ شەق لە خەڵك هەڵبدرێ و وولاتی خەڵك داگیر بکرێ وخـەڵکی پێ ژێردەست بکرێ • ڕاستە ئەمە ئاوێنەی پەروەردەو بیـــــری خۆتانە و لەوە پتر هیچی دیتان بە خۆتانەوە نەدیوە • بەلآم وا مەزانن هەموو کەسێك دەسەلآت هەر بۆ دژایەتی و خراپەکاری بەکـــار دەهێنن • بۆ وێنە : ئایە ئەو ئەنگلزەی ئێوە قسەکانی بووەتە وێردی زمانتان و وەك تووتی دەیڵێن و دەیڵێنەوە ، کابرایەکی بێ دەسەلآت بوو ؟ نەخێر • مرۆڤێکی زۆر پارەدار بوو • پارەداری دەسەلآتـــە • بەلآم هەر ئەو ئەنگلزە پارەکەی خستە بەر دەست خزمەتی بیروباوەڕی خۆی و ئەو کەسانەی پێی وابوو خزمەتی ئەو بیرە دەکەن • دە خەڵکی دیکەش بووە کە پارەیان هەبووە و هەیە ، بەلآم پارەکەیان دەکەن بـە " مەی خۆری " و " قوبووڵی ڕبەنار " و ڕابواردن و چەوساندنـــەوەی خەڵك •

دووایی سەیرەکە لەوەدایە کە ئێوە لە لایەکەوە خۆتـــان بە مارکسیست دەدەنە قەڵەم و قسەکانی مارکس و ئەنگلز بـــــــە ئاووتاوەوە دەڵێنەوە و کەچی وەك لەو دێڕەی سەرەوە دەردەکەوی ڕازی نین بەوەی چینێك چینێکی دی " ژێر خۆی بنێت " • جا خۆ ئـــەوە ئەلفوبێی مارکسێتی‌یە کە چینی پرۆلیتاریا فەرمانی ئەوەی لە سەرە ، لە ڕێی شۆڕشەوە چینی سەرمایەدار " ژێر خۆی بنێت " و دەزگەی دەسەلآتی دەوڵەتی بخاتە دەست خۆی و لە ڕێی دیکتاتورێتـــــــی پرۆلیتارەوە بیچەوسێنێتەوە • ئا ئەمەیە مارکسێتی‌یەکەی جەنابتان؟ نەختێك لەمەوبەر باس باسی مارکسێتی بوو ، کەچی ئێستە جەنابتان باسی " یەكخستنی " چینەکان دەکەن و نابێ هیچ چینێك چینێکـی

دی " ژێر خۆی بنێت " ٠ ئەوجا نا هەقمە بڵێم " رەحمەت لە گۆرەکەی ئەحە سرایلی " ؟ ٠

جەنابتان سەرتان لەوە ئاوساوە کە ئازادی بە سروشتێکی خۆرسکی مرۆڤ بدرێتە قەڵەم ٠ من گوتوومە **ئازادی سروشتێکی خۆرسکی هەموو مرۆڤێکی ژیرە ، نەك هەموو مرۆڤێك** ٠ چونکە مرۆڤ کە لە دایك دەبێ ، وەك زارۆ ، بێ دەسەڵاتانە دێتە جیهان و کە دەشمرێ هەر بێ دەسەڵاتانە‌لێی دەردەچی ٠ واتە لە کاتی لە دایك بوون و مردنی دا ئازاد نییە ، و ئەمەش هەر لەوەدا دیارە کە لەم دوو دۆخەدا هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی نییە ٠ کاتێك مرۆڤ بیر لە ئازادی دەکاتەوە کە ژیرێتی پەیدا دەکات و هەر لەگەڵ پەیداکردنی ئازادیش دا دەسەڵاتیش پەیدا دەکات ٠ جا لەمەوبەر گوتم دەسەڵاتی کەم و دەسەڵاتی زۆر ، واتە ئازادیی کەم و ئازادیی زۆر شتێکی نا-سروشتییە ، نەك دەسەڵاتی وەك یەك ، واتە ئازادیی وەك یەك ٠ جا بۆ ئەوەی ئازادیی مرۆڤی ژیر لە باری هاوسەنگێتیی خۆیدا بمێنێ ، دەبێ دۆخێکی " بێ دەسەڵاتی " بێتە پێشەوە ٠ دۆخی بێ دەسەڵا-تیش هەر لە یەکسانکردنی دەسەڵاتدا دەبێ ٠ چونکە هەر لەم دۆخەدایە کە هاوسەنگێتی ( تعادل ) دروست دەبێ ٠ کە دوو کەس دەسەڵاتیان وەك یەك بوو ، ئەوا وەك ئەوەی هیچ کامێکیان بەرامبەر ئەوی دی دەسەڵاتی نەبێ وایە ٠ دووایی کە گوترا ئازادی سروشتی مرۆڤی ژیرە ، دیارە ئازادی نابێتە تایبەتکارێکی سروشتی‌هیچ مرۆڤێکی ناژیر ٠ هەر کەسێکیش دوژمنی ئازادیی خۆی یا خەڵکی بێ ، ناژیرە ، و ئەوەشم لە نامیلکەی " هێندێك لە کێشە بنەرەتییەکانی قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم" دا روون کردووەتەوە هەر لە بەر ئەوەشە کە پیاوانی وەك هیتلەر و ستالین و رەزا شا و ئەتاتورك و هەموو دیکتاتۆرێکی ملهوڕی دیکە مرۆڤی ناژیرن ، چونکە

دژی ئازادیی خەڵکی دیکەن • هەروەها هەموو نۆکەر و چڵکاوخـــۆر و سیخوڕ و بەکرێگیراو کاسەلێسێکیش نازێرن ، چونکە دوژمنی ئازادی و سەربەرزیی خۆیانن • فەرموو بچن جارێکی دی نامیلکەکــــــەم بخوێننەوە •

دووایی ئێوە پێم ناڵێن گەلانی ژێردەستە کە بۆ ئـــــازادی خەبات دەکەن ، بۆچی و لە پێناوی چیدا خەبات دەکەن ؟ ئایـــــا ئازادی شتێکی خەیاڵییە و لە ئاسماندا دەخولێتەوە ، یا نیوەرۆکێکی هەست پێکراو و بینراوی هەیە ؟ ئایە ئەم گەلانە کە بۆ ئـــــازادی خەبات دەکەن ، بۆ ئەوەی ناکەن کە لە وولاتەکانی خۆیاندا دەسەلا - تیان دەست بکەوێ و بتوانن سەربەخۆ کاربکەن ؟ ئایە کە لە وولاتێکی رژێم دیموکراسی دا چەند حیزبێك دەچنە مەیدانی هەڵبژاردنـــــــی پەرلەمانەوە ، و هەر یەکە دیعایە بۆ خۆی دەکات ، بۆ ئەوە نییـــە کە دەسەلاتی فەرمانڕەوایی بگرێتە دەست ، و ئەو حەلە پرۆگرامـــی حیزبەکەی خۆی بخاتە مەیدانی کارەوە ؟ ئایە کە ژنانـــی تێگەیشتووی رۆشنبیر هەوڵ دەدەن رێکخراوی ژنانە بۆ خۆیان دروست بکەن و داوای ئازادیی خستنەکاری مافەکانی خۆیان دەکەن ، بـــۆ ئەوە نییە دەسەلاتیان لە کۆمەڵگەدا وەك دەسەلاتی پیاو لێ بکەن ؟ ئایە کە کرێکاران مان لە کارگرتن دەگرن ، بۆ ئەوە نییە کە راددەی دەسەلاتیان بەرامبەر سەرمایەداران بەرەوژوور ببەن ؟

جا ئەگەر ئەم شتانە وا نەبن ، دەبێ جیهان جیهانێکـــی دیکە بێ و ئێمە تێی نەگەین و هەر شێخی کرپچنە سەری لێ دەربکات •

یەکێك لەو لایەنە نازانستانەیەی قسەکانی ناسری حەفیـد ئەوەیە کە لە لایەکەوە خۆیان بە فەلسەفەی **مار**کسیستانەی مەتریا - لیستانەوە با دەدەن ، کەچی لە لایەکی دیکەوە سادەکارانەو لــــە گۆشەی سەرنجێکی رۆمانتیکی زۆر تەسکوتروسکەوە دەڕواننـــــە

مەسەلەکان • هەر بۆ وێنە لە "پەیڤ " و لەو چەند لاپەڕەیەشدا کە بە نیێوی " لەدایكبوون "ـەوە دەریان کردووە ، هەر هەمان مەسەلەی " سێکس " یان دووبارە کردووەتەوە • وا دیارە نووسینەکانی کاك ناسر وەکو دۆشاوی تەماتە وانە و بۆ هەموو شلەیەك دەست دەدەن ، لەبەر ئەوە هەر ئەو شتانە لە هەموو لایەك بڵاو دەکاتەوە • لە بارەی مەسەلەی ( سێکس )ـەوە زۆر ساویلکانە دەنووسێ :

" ئەو پیاوەی سێکس بە پارە دەکرێت هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەو ئافرەتەدا سێکس بە پارە دەفرۆشێت چونکە بە هەردووکیان یەك شت ئەنجام دەدەن ••• بەڵام چونکە کۆمەلگای ئێمە لە بیرێکی قرچۆك و دواکەوتووەوە بۆ مەسەلەکان دەچێت ، ئەوا یەك لایەنی تەماشای رووداو و مەسەلەکان دەکات • پیاو سمێڵی با دەدا و ئافرەتیش سەری شۆڕ دەکات " ( ل ٤٣٨ ـ ٤٣٩ )

راستییەکەی ئەوەی زۆر ساویلکە بێ ، پێی وایە ژنێکی رووسپی کە لەشی خۆی بە پیاوێك دەفرۆشی ، لەگەڵ پیاوەکەدا ، هەردووکیان هەر یەك شت ئەنجام دەدەن • جەنابتان لە سادەبینی خۆتانەوە ئەم قسەیە دەکەن • دەزانن کە پیاوەکە و ژنەکە هەردووکیان لە نێو جێیەکدا پێکەوە دەنوون ، لەبەر ئەوە پێتان وایە یەك شت ئەنجام دەدەن نەخێر ••• شێخم ا ئەمانە دوو شتی زۆر جیاواز لەیەك ئەنجام دەدەن و دوو ئامانجی زۆر جیاوازیشیان هەیە • پیاوەکە سێکس دەکڕێ ، چونکە بە دووای لەزەتدا دەگەڕێ • جا لەبەر ئەوەی ئەو لەزەتەی بە خۆڕایی دەست ناکەوێ ، ئەوا دەچێ بە پارە دەیکڕێ • خۆ ئەگەر بە خۆڕایی دەستی بکەوتایە ، پارەی پێ نەدەدا • ژنە رووسپییەکە بە دووای لەزەتدا ناگەڕێ • بەڵکوو بە دووای پارەدا دەگەڕێ • چونکە ئەگەر لە پیاوەکە پارەی دەست نەکەوێ ، ئەوا لەگەڵی ناڕوا ، تەنانەت ئەگەر پیاوەکە قیت و قۆز و جوانیش بێ • جا ئەو پارەیەی ژنەکە

بە دووایدا دەگەڕێ شتێکی ماددیە ، بە پێچەوانەی لەزەتەکەوە کە پیاوەکە بە دووایدا دەگەڕێ ، کە شتێکی ناماددیە • ئەوجا سەبارەت بەوەی کۆمەڵگە پێی وایە کە پێوەندیی سێکسانەلە نێوان پیاو و ژندا دەبێ لە خۆشەویستی و دڵخوازیەوە بێ یان بۆ زاوزۆ دروست کردن بێ، نەك بۆ مادده بێ ، ئەوا لێرەدا پیاوەکە وەك ژنەکە ناکەوێتە بەر توانج و تەشەرە • ئەوەش هەر لە " کۆمەڵگەی بیر قرچۆك و دوواکەوتووە " ـەکەی شێخ ناسردا نییە ـ وەك دەفەرموون ـ بەڵکوو لە وولاتێکی وەك سوێدیش دا کە جەنابتان ماوەیەکە گەورەتان کردووە ، هەر وایە • ئەوەتە ئەگەر ژنێکی سوێدی بیست دۆست بگرێ و لەگەڵ هەموویان رابوێرێ بە خۆڕایی ، کەس پێی نالێ رووسپی • بەلام ئەگەر جارێك ، بەڵی تاقە جارێك ، بە پارە ئەو کارەی کرد و پێ زانرا ، ئەوا دەبێ خۆی وەك رووسپی لە لای دەزگەکانی میری نێو نووس بکات ، ئەگینا سزا دەدرێ • لە کۆمەڵگەی سوێدیشدا بەو پیاوەی سێکس بە پارە دەکڕێ ناگوترێ " رووسپی " ، بەلام جەنابتان دەتوانن ئەم پێشنیازە بدەن بە پەرلەمانی سوێد ، تا بیکاتە یاسا •

هەروەها سەرمایەدار و کرێکار ، با پێکیشەوە لە فابریقەیەکدا بەرهەم بهێنن ، بەلام یەك کار ئەنجام نادەن ، بەڵکوو دوو کاری جیاواز ئەنجام دەدەن بۆ دوو ئامانجی جیاواز : کرێکارەکە سەرمایەکە دروست دەکات ، بەلام سەرمایەدارەکە بۆ خۆی داگیری دەکات ، کرێکارەکە کار دەکات بۆ ئەوەی نانی رۆژانەی خۆی پەیدا بکات و نەمرێ لە برساندا ، بەلام سەرمایەدارەکە فابریقەکە دەبا بە رێوە ، بۆ ئەوەی گەشە بە سەرمایەکەی خۆی بدات و ئەگەر پێی کرا دەست بە سەر فابریقەکانی دیکەدا بگرێ •

هەر لەبەر ئەمانەی سەرەوە،جەنابتان لەوەشدا زۆر بە هەڵە چوون کە پێتان وایە " داگیرکەر و ژێردەستە هەردووکیان پێکەوە نائازادن "

و لەم رووەوە زۆر ساویلکانە نووسیوتانە :

" دەرچوون لە زانستەوە ئەوە دەگەیەنێت کە گەلانی سەردەست و گەلانی ژێردەست نائازادن " ( ل ٤٣٨ ) ·

بۆ پووچ کردنەوەی ئەم رەئی‌یەی سەرەوەتان پێویستە لە پێشەوە بپرسین بزانین پێناسەی ئازادی چی‌یە ؟

**ئازادی** دۆخ ( حالة ) و بار ( وضعیة ) ێکی تایبەتی‌ی هەڵسوکەوتی مرۆڤە کە ئەو هەڵسوکەوتە لە سنووری ئەو دۆخ و بارەدا لە لایەن کۆمەڵگەوە بەرپرسیاری ( مسؤولیة ) ی لە سەر نی‌یە · بۆ وێنە : لە ئەڵمانیا ــ جنابتان گوتەنی ــ " مەی‌خۆری " ئازادە ، ئەوەی بیخواتەوە بەرپرسیار نی‌یە لێ‌ی و سزا نادرێ ·

بەڵام **نائازادی** دۆخ و بارێکە پێچەوانەی " ئازادی "یە ، چونکە هەڵسوکەوتەکەی مرۆڤ لە سنووری ئەو نائازادی‌یەدا لە لایەن کۆمەڵگەوە بەرپرسیاری لە سەرە · بۆ وێنە : هەر ئەو " مەی‌خۆری "یەی کە لە ئەڵمانیا ئازادە ، لە ئێرانی ئەورۆدا ئازاد نی‌یە ، واتە بەرپرسیاری‌ی لە سەرە ، و ئەوی بیخواتەوە سزا دەدرێ ·

جا ئەوانەی لە رووبەکی تایبەتی‌یەوە **ئازادن** ، پێویستە لەو رووەوە هەموویان وەك یەك نابەرپرسیار ( غیر مسؤول )بن ، ئەوانەی لە رووبەکی تایبەتی‌یەوە **نائازادن** پێویستە لەو رووەوە هەموویان وەك یەك بەرپرسیار ( مسؤول ) بن · ئەوجا ئێستە ئەگەر بە قسەی ئێوە بێ و گەلانی ژێردەست و گەلانی سەردەست هەردووکیان **نائازادبن** ، دەبێ هەردووکیان لە یەك دۆخ و باردا بن و ئەو دۆخ و بارە وەك‌یەکەش هەر یەك جۆرە پێناسەی هەبێ کە ئەویش پێناسەی **بەرپرسیاری‌ی وەك یەکە** · چونکە **نائازادی** تەنێ یەك دۆخ و یەك بارە و یەك جۆرە پیناسە characteristic شی هەیە ، دوو دۆخ و دوو بار و دوو جۆرە پێناسەشی نی‌یە · جا چۆن مردن هەر مردنە و دوو جورە مردن ( زور مردن و کەم

مردن ) نی‌یه که له یه‌ك جیاواز بن ، پێناسه‌ی مردنیش هه‌ر یه‌ك پێناسه‌یه و دووان نی‌یه ٠ هه‌ر به‌و جۆره‌ش دوو جۆره **نائازادی ی جیاواز له یه‌ك** نی‌یه و نابێ ببێ ٠ به‌لام ئایه واقیعه‌که وایه ؟ ئایه گه‌لانی ژێرده‌سته و گه‌لانی سه‌رده‌سته هه‌ر وه‌ك یه‌ك نا ئازادن ؟ واته له یه‌ك دۆخ و له یه‌ك باردان و هه‌ردووکیان وه‌ك یه‌ك به‌رامبه‌ر هه‌ڵسوکه‌وتیان له لایه‌ن کۆمه‌ڵگه‌وه به‌رپرسیارن ؟

نه‌خێر و بێگومان نه‌خێر ٠٠٠ گه‌لی سه‌رده‌سته گه‌لێك جۆر سه‌ربه‌ستی هه‌یه و گه‌لی ژێرده‌سته‌ش گه‌لێك جۆر ناسه‌ربه‌ستی هه‌یه ٠ جا ئه‌مانه چۆن هه‌ردووکیان وه‌ك یه‌ك نائازادن ؟ به‌لام جه‌نابتان بۆ پینه کردنی ئه‌مه ده‌فه‌رموون :

" کاتێك گه‌لێك گه‌لێکی تر ده‌چه‌وسێنێته‌وه و ده‌سه‌لاتی خۆی به‌سه‌ردا ئه‌سه‌پێنێت ، ئه‌م گه‌له ده‌سه‌لاتداره ژێرده‌سته‌ی بیرێکی هه‌ڵه‌یه ، ژێرده‌سته‌ی شتێکه که ناسروشتییه ، ژێرده‌سته‌ی حاله‌تێك و بارێکی ناهه‌مواره ٠٠٠هتد " ( ل ٤٣٨ )

جا خۆ ئه‌گه‌ر ئه‌مه وابێ گه‌لی ده‌سه‌لاتدار ژێرده‌سته‌ی " بیرێکی هه‌ڵه " بێ ، ئه‌وا بێگومان گه‌لی بێ ده‌سه‌لات ژێرده‌سته‌ی " بیرێکی هه‌ڵه " نی‌یه ، به‌لکوو ژێرده‌سته‌ی ئه‌و له‌شکر و تۆپ و فرۆکه و گازی ژه‌هراوی و فروفێڵ و کوته‌که‌یه که گه‌لی سه‌رده‌سته **به هه‌موو سه‌ربه‌ستی‌یه‌که‌وه و بێ به‌رپرسیاری** له دژی‌به‌کاری ده‌هێنێ ٠ به‌لام گه‌له ژێرده‌سته‌که ده‌بێ له‌م کونه‌وه را بکات بۆ ئه‌و کون و خۆی له مردن بشارێته‌وه ، و به‌رامبه‌ر هه‌موو هه‌ڵسوکه‌وتێکیش **به‌رپرسیاره** ٠ ئه‌وه‌ش

دوو دۆخ و دوو بار و دوو پێناسه‌ی **زۆر** جیاوازن له یه‌ك ٠ به‌لام تۆ ئه‌م دوو دۆخ و دوو بار و دوو پێناسه‌یه هه‌ردووکیان به یه‌ك شت ، واته به **نائازادی** ده‌ده‌یته قه‌ڵه‌م ٠ ئه‌مه‌ش وه‌ك ئه‌وه‌یه که دووکه‌س له ماڵێکدا بوون ، یه‌کێکیان نه‌خۆش و ئه‌وی دی ته‌ندروست ، هه‌ردووکیان هه‌ر

به نەخۆش بدرێنە قەڵەم • لەبەر ئەوە کاکی برا ئەم قسانەی جەنابتان دەیکەن قسەی سەر تیژی و هی ئەوانەن کە پاش هەڵدانی دە پێك دەکەونە خەیاڵی خۆشی هەلەق و مەلەق ، یان وەك مامۆستا بەشیر موشیری بەهەشتی دەیگوت وەك کابرایەکی (بَطْران) وانە کە " گوو گێژی کردبێ " بۆیە شتی وا دەڵێن،ئەگەنا کەی ئەمانە قسەی زانستانە و بابەتانە و واقیع بینانەن • هەرچەندە خۆشتان بە فەریکە مارکسێتی‌یەوە با بدەن • سەیر ئەوەیە ئێوە لەم دووایی‌یەدا و لە لایەکەوە پەلاماری ئیسلام و ئیسلامەتی دەدەن ، و لە لایەکی دیکەشەوە قسەکانتان لاسایی کردنەوەی قسەی شێخێکی تەریقەتی موسوڵمانە • چونکە تەریقەتی دەروێشێتی هەموو جۆرە زۆرداری و بێ دادی‌یەك دەباتەوە سەر زاڵ بوونی " هەوای نەفس " • جا کە شەیتان زەفەری بە یەکێك برد ، ئەوا ئەو کەسە خودێی لە بیر دەچێتەوە و مردن و پرسیاری گۆڕ و قیامەتی لە خەیاڵدا نامێنێ و هەر بە دووای تەماعی خوێدا دەگەڕێ • لەبەر ئەوە هەموو شێخێکی تەریقەت بە دەروێشەکانی خۆی دەڵێ ئەوانەی تەماعکار و پارەدار و بوە و خۆشگوزەرانن ، ئەوانە شەیتان زاڵ بووە بە سەریاندا ، تۆ بڕۆ تەرکی دنیا بکە و نەیەڵیت شەیتان زاڵ ببێ بە سەرتدا "• جا ئەگەر تەریقەت خراپ بە کارهێنرا ، ئەوا شەیتان و زاڵ بوونی بە سەر مرۆڤی تەماعکاردا ، دەبێتە بیانوویەك بۆ مرۆڤی تەماعکار • چونکە ئەو حەلە تەماعکار گوناهی خۆی نابێ کە تەماعکارە ، بەڵکوو گوناهەکەی دەکەوێتە ملی شەیتان ، کە دەستی بە سەر ئەو کەسەدا گرتووە،کاری تێ کردووەولە خشتەی بردووە • جا لێرەشدا دەمەوێ دەست بۆ ئەوە رابکێشم ئەمە خراپ تێ گەیشتنە لە ئیسلام ، چونکە ئیسلامەتی‌ی راستەقینە نەك هەر باوەڕی بە بەربەرەکانێ‌ی راستەوخۆی زۆرداران هەیە ، بەڵکوو بە " واجب "یشی دەزانێ • بەڵام کە جەنابی شێخ ناسر و گۆڤاری دەستندەخۆری " پەیڤ" دەفەرموون " گەلە دەسەڵاتدارەکە ژێردەستەی

بیریکی هەڵەیە " و وەك گەلە ژێردەستەکە " نائازاد "ە ، ئا بەوە دەیانەوێ بە خشکەیی و ناڕاستەوخۆ پاکانە بۆ زۆردار و ملهوڕ و دیکتاتۆر و فاشیست بکەن • چونکە کە ئەوانیش هەر وەك ئەوانەی ژێردەستیان کردوون ، نائازاد بن و دیلی " بیریکی هەڵە " بن ، ئەوسا هەرچییەك بکەن گوناهی خۆیان نییە • چی بکەن فەقیرانە بوونەتە ژێردەستەی " بیریکی هەڵە " و ئەوانیش هەر وەك زۆرلیکراوان و چەوساوەکان **نائازادن** ، ئەوجا کە شێخ ناسر و گۆڤاری دەستندەخۆری " پەیڤ " رازی نەبن بەوەی گەلانی ژێردەستە دەسەلات پەیدا بکەن تا لەو ڕێیەوە بگەنە ئازادیی خۆیان ، هەر ئەوە دەمێنێتەوە کە دەستەونزا دابنیشین و چاوەڕوانی ئەوە بین کە ئەو " بیرە هەڵە " یە بەریان بدات ، و ئەوەش هەر ئەو شێخێتییە ساختە کۆنەیە کە لە کوردستاندا کاسپییان پێوە دەکرد و ئەوڕۆش لە ئەورووپا لە شێوەی مارکسێتییەکی زرکی ساختەدا بازرگانی پێوە دەکەن ، و خزمەتی داگیرکەرانی کوردستانی پێ دەکەن بۆ دەسکەوتی تایبەتی خۆیان •

هیچ کاتێك کابرایەکی مارکسیی راستەقینە نەیگوتووە و نالێ "سەرمایەدار و کرێکار هەردووکیان وەك یەك نائازادن " یان " وەك یەك خوێنی خەڵك دەمژن " • هیچ کاتێك کابرایەکی مارکسیی راستەقینە ئەو ناماقوولێیە ناکاو بلێ " سەرمایەدار ژێردەستەی بیریکی هەڵەیە " بەڵکوو دەڵێ " خوێنمژ و تاوانبار و مۆنۆپۆلیست ( احتکاری )یە • چونکە واقیعەکە دەبینێ و داوا لە پرۆلیتاریا دەکات کە سەرمایەدار لە سەر کار لابات و دەسەلاتی لێ بسێنێتەوە و بیخاتە دەست خۆی " • ئەوەی ئێوەش دەیرێسن زیانێکی زۆر گەورەیە کە بە نەتەوەی کورد و گەلانی ژێردەستەی دەگەیەنن ، لەبەر ئەوە پێوستی سەرشانی هەموو ئازادیخوازێکە لەبەر چاوی خەڵکی یەکا لاتان بکاتەوە و بە پەندتان بکات و رووی راستەقینەتان بەوانە پێشان بدات کە

هێشتا نەیانناسیون .

ئەمجا با بێینە سەر هەڵەقومەڵەقێکی دیکەی جەنابتان لەم رووەوە :

ئێوە لە لایەکەوە دەفەرموون : " گەلانی ژێردەست و گەلانی سەردەست " هەردووکیان " نائازادن " ( ل ٤٣٨ ) . کەچی لەلایەکی دیکەوە دەفەرموون : " مافی کورد دەبێ بسەندرێت " ( ل ٤٤٧ ) .

باشە ! کورد وەکوو گەلێکی ژێردەستە ، دەبێ - بە قسەی جەنابتان - " مافی ئازادیی خۆی بسێنێ " . زۆر باشە ! بەڵام لە کێی بسێنێ ؟ دیارە ئێوەیەك کە خۆتان لەم دووایی‌یەدا بە مەتریالیست دەدەنە قەڵەم ، ناتوانن بڵێن : کورد دەبێ بچێ بە رازونیاز و پاڕانەوە و حەیئەڵڵا لەبەر گۆڕی شێخ قادری سەرنەگیراودا " ئازادی "ی خۆی لە غەوسی گەیلانی داوا بکات ، بەڵکوو ناچارن بڵێن : کورد دەبێ " ئازادیی خۆی " لە داگیرکەرانی وولاتەکەی ، یان بە ووتەی ئێوە لە " گەلانی سەردەست " وەربگرێ . چاکە ! جا ئەگەر " گەلانی سەردەست " هەر وەکوو کوردی ژێردەست " نائازاد " بن - وەك ئێوە دەفەرموون - ئیدی " گەلانی سەردەست " کە خۆیان - بە قسەی ئێوە - " نائازاد " بن ، " ئازادی " چی بدەن بە کورد ، یان کورد چۆن " ئازادی "یان لێ بسێنێ ؟ یەکێك خۆی شتێکی نەبێ ، چۆن دەتوانێ ئەو شتە بدات بە یەکێکی دی ؟ تەنانەت ئەگەر بە دڵخوازی خۆشی نەیدات ، ئەوا بە زۆریش هەر لێی ناسێنرێ . کورد درۆیان نەکردووە کە گوتوویانە : " بە هەزار جەردە ناتوانن نابووتێك رووت بکەنەوە " .

جا ئەمەی سەرەوە تاقە نموونەیەکە لە جۆری ژیرپێژێتی ( منطق )یەکەی جەنابتان ، کە لە هەموو کون و کەلەبەرێکی ووتارەکەتاندا سەری زەقی هێناوەتە دەرێ . راستی‌یەکەی " ئازادی " ــ وەك لە نامیلکەکەمدا روونم کردووەتەوە ــ شتێکە وەك **تەندروستی** وایە ، نە دەدرێ و نە دەستێنرێ ، نە بە دڵخواز و نە بە زۆر ، نە بە کڕین و نە بە

فرۆشتن ، و نه به میرات بردن • ئەوەی دەیەوێ تەندروست بێ ، دەبێ خۆی لەگەڵ لەشی خۆی خەریك بێ و لە رێی بەرزکردنەوەی دەسەڵاتی بەربەرەکانێی ئەندامەکانی لەشی‌یەوە بەرامبەر نەخۆشی و دەردودوو ، خۆی تەندروست بکات • کە کۆمەڵێك خەڵکیش لە وولاتێکی ژێردەستەدا خۆیان رێك دەخەن ، و دەکەونە شۆرش دژی هێزی سەردەستە ، و لەئەنجامدا سەردەکەون و سەربەست دەبن ، ئەوا سەربەستی خۆیان لەو هێزە سەردەستەیە وەرناگرن ، بەڵکوو لە ماوەی شۆرشدا پەیدای دەکەن، لە رێی بەرزکردنەوەی پلەی دەسەڵاتی خۆیانەوە ، هوردە هوردە تا دەسەڵاتەکەیان دەگەیەننە رادەی دەسەڵاتی سەردەستەکان • ئەو دەمە پلەی ئازادیشیان هەر بەو پێیە بەرز دەبێتەوە ، جاری واش هەیە دەسەڵاتیان لە دەسەڵاتی هێزە سەردەستەکان بەرزتر دەبێ ، و ئەوسا ئەمان دەبنە سەردەستە ، و دەسەڵاتدارە کونەکان پلەی ئازادی‌یان نزم دەبێتەوە و دەبنە ژێردەستە • جا ئەگەر بێتوو ئەوانەی شۆرشیان هەڵگیرساندووە ، ئازادیخواز نەبن ، بەڵکوو هەر بۆ ئازادی ( سەربەستی ) ی خۆیان هەوڵ بدەن ، ئەوا ئەمانە جێی سەردەستە کۆنەکان دەگرنەوە ، نموونەی ئەمەش یەکجار زورە • زۆر شۆرش بوون کە لە لایەن ئەوانەوە هەڵگیرسێنراون ، کە ژێردەستەو نائازاد بوون ، بەلام کە دەسەڵاتیان پەیدا کردووە و گەیشتوونەتە ئازادی ، رێی هەموو دەسەڵاتێکیان لەوانە گرتووە کە لە خۆیان نەبوون • چونکە ئەوانە ئازادی‌یان هەر بۆ خۆیان ویستووە ، وەك لە نامیلکەکەمدا بە جوانی روونم کردووەتەوە •

## ٤ـ پەلاماردانی ئیسلام و نەزانینی عەرەبی و کوردی

ئەمجا نیوبراو بێ بۆنە ( مناسبة ) هەڵی کوتاوەتە سەر ئیسلام و ئیسلامەتی و دەستی کردووە بە بەردەبارانی ئیسلام ، بێ ئەوەی هیچ پێویستییەك هەبێ بۆ ئەمە ، ئەوە نەبێ کە بیەوێ لە رژێمی بەعسی عێراق خۆی نێزیك بکاتەوە و پەردەیەك بەسەر رابوردووی خێزانی و بنەماڵەیی خۆیدا دابداتەوە و سووراو و سپیاوی مارکسێتی و " پێشکەوتنخوازی " ی درۆزنە لە خۆی هەڵبسوێ • ئەمەش لەکوێ ؟ لە ئەورووپا ، لە سوێد • راستە کاتێك کە من لە رۆژهەلات بووم سەردەمێکی ژیانی خۆم بە خوێندنی ئیسلام و فیقهی ئیسلام و شەریعەت و مەنتیق و عیلمی کەلام و دەرز خوێندن لای ئەم مەلا و ئەو مەلا رابواردووە ، و هیچ لێشی پەرشیمان نیم • بەلام هیچ کاتێك نەچووم بە نێوی ئیسلامەتییەوە بازرگانی بکەم و نانی لێ بخۆم/ئەگەرچی هەلی زۆر لەباریشم بۆ هەڵکەوتووە بۆ ئەو کارە و دەسەلاتی زانایانەی ئەو مەیدانەشم هەیە • بەلام نەمکردووە • شێخ ناسری حەفید خۆی دەزانێ کە ئەز خاوەن دەروێش و تەپڵ و دەف و بەیاخ و زرگە و حەیئەڵڵا نەبووم و نیم • نوشتەشم بۆ هیچ ژنێك نەنووسیوە تا لای مێردەکەی خۆشەویست بێ یا سکی پڕ ببێ ، و ئیجازەی مارگرتنیشم نەداوە بە کەس ، و لەم دواییەشدا نەچووم لە ئێران بۆ " سیاسەت " بەبێ " دەستنوێژ " نوێژی جەماعەت بکەم ، و بە درۆ خۆم بە موسڵمان پێشان بدەم بە ئامانجی گەیشتنە تیکەی چەور • مێژووی ژیانی من ، بەوپەڕی شانازییەوە دەڵێم ، هیچ جۆرە هەلپەرستێتییەکی تێدا نییە • شێخ ناسر پێویست بوو ئەم قسانە بۆ من نەکات ، بەڵکوو بۆ خۆی و هاوتاکانی خۆی بکات ، بەلام وا دیارە شێخ لە کاتی گێڕ گۆڕینی ئەمجارەیدا رێگەکەی خۆیانی لێ تێك چووە • سەیر ئەوەیە ئەم رقەی کە شێخ ناسر

لەم دووایی‌یەدا بەرامبەر بە ئیسلامەتی پەیدای کردووە ، هۆیەکەی بەم جۆرەی خوارەوە لێك دەداتەوە کە دەڵێ :

" لە ژێر سایەی ئیسلامدا ( دەبێ ) کیژۆڵان پۆشتە و ملکەچی فەرمانی ئیسلام بن . مەی خۆری و زۆر لە چالاکی‌یە هونەرییەکان قەدەغەبن " ( ل ٤٤٢ ) .

جارێ با تەماشایەکی کوردی‌یە جوانەکەی شێخ ناسر بکەین : " کیژۆڵان پۆشتە ... بن " . " پۆشتە " لە زمانی کوردی‌دا بە کەسێك دەڵێن کە جلەکانی رێك و پێك و نەدڕاو و پاکوتەمیز بن . دەگوترێ فیسارەکەس " پۆشتە "یە‌یان " پۆشتە و پەرداخ "ە . بەلام شیخ ناسر مەبەستی ئەوە نی‌یە ، بەڵکوو مەبەستی ئەوەیە کە " کیژۆلان " سەرپۆشیان هەبێ و سەر و سنگ و گەردن و رانیان دابپۆشن جا ئەمە لەکوێ و " پۆشتە " ! لەکوێ . ئەمەش کوردی‌یە نایابەکەی شێخ ناسرە ، شێخ ناسری ئەندامی " دەستەی پشتگیری " ی گۆڤاری دەستندەخۆری " پەیڤ " . باشە ... بەلام ئیسلام لە سەرەتاوە هەر وا بووە ، نەك ئەوەتەی کۆماری ئیسلامی ئێران دامەزراوە ، و نەك ئەوەتەی شێخ ناسری حەفید هاتووەتە ئەورووپا و خۆی کردووە بە بنووس، وەك کوردەکە دەڵێ بە گەورەیی فێری پلاو خواردن بووە . ئەی بۆچی شێخ ناسر تا ئێستە لەم رووەوە ورتەی لە دەم نەهاتووەتە دەرێ ، بەتایبە- تی کە لە کوردستاندا لە دایك بووە و گەورە بووە و ژیاوە و خۆی و خێز- زانی سوودیان لە شێخایەتی و ئیسلامەتی وەرگرتووە ؟ دیارە ئێستە لە سوێدە و گیڕی گۆڕیوە ، بۆیە وا دەفەرموێ . بەلام ئایە بەم جۆرە کەسانە ناگوترێ " کوڕی رۆژ " ؟ . دووایی بۆچی دەبێ " مەی خۆری " شتێکی باش بێ . راستی‌یەکەی نامەوێ لە سەر ئیسلام بکەمەوە و ئیسلامە- تیش پێویستی بەوە نی‌یە ئەز لە سەری بکەمەوە ، بەلام بە هەموو باوەڕێکمەوە دەبێژم ، ئەگەر ئیسلامەتی تاقە کارێکی باشی کردبێ ،

قەدەغە کردنی " مەی خۆری "یە • ئیسلام پێش چوارده سەده " مەی خۆری " قەدەغە کردووە ، بەلاّم وولاّتیکی وەك سوێد و دانیمارك کە هیچ ئیسلامیش نین ، کەچی ئەوەتە لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا ئەوو هەموو بەرهەڵستەیان خستۆوەتە بەر " مەی خۆری " ، و دەستیشیان خۆش بێ ، و بە هەموو دڵنیایی‌یەکەوە دەڵێم ڕۆژێك دێ کە مەسەلەی " مەی خۆری " لە هەموو جیهاندا بەم جۆرەی ئەوڕۆی نەمێنێ •

ئەوجا با بزانین هەر ئەو ئیسلامەتی‌یەی کە شێخ ناسر تا دوێنی بوو لە کوردستاندا لە ژێر سایەی‌دا دەسەلاّتی بۆ خۆی پێدا دەکرد و نانی لێ دەخوارد ، ئەوڕۆش چۆن بۆ دەسکەوتی خۆی بێ ئینسافانە پەلاماری دەدا ،و لەم پەلاماردانەشدا چۆن کۆڵی سوارێتی‌ی خۆی لە زمانی عەرەبی و کوردی‌دا دەخاتە ڕوو • وا دیارە عەرەبی و کوردی زانینەکەی شێخ ناسری حەفید ، وەك ماتماتیك زانینەکەیەتی • گوێ بگرن بزانن ناسری حەفید چ دەنووسێ :

" ئیمام ( موسی الصدر ) دەڵێت : ( الانسان الذی لا یصبر امام المغریات و امام وسائل الضغط و امام الصدامات ، یستسلم للواقع الموجود ، و ینسجم مع الواقع المتخلف و یرکن للظالمین " ( ل ٤٤٢ )

ئەمجا وەرن بزانین نێوبراو چۆن لەمە گەیشتووە • ناسر حەفید دەنووسێ :

" واتە بە گوێرەی ئەم بۆچوونە ، نابێت بوونەکان بە سەریا سەرکەون و لەگەڵیاندا بڕوات ••• بەڵکوو دەبێت مرۆڤ بەرەنگاریان بێتەوە و دژایەتییان بکات • بە تەعبیرێکی فەلسەفی دەبێت کۆمەڵ لە خزمەتی باوەڕدا بێت ، دەبێت زەوی بە بالاّی باوەڕ دابتاشرێت " • ( ل ٤٤٢ ) •

ئەم بالۆرەی " تررِم – پررِم – پفف " ـەی کە شێخ ناســـر و دارودەستەی کولتوورچی بە نیّوی " بیّ تەرەفی "یەوە لیّی دەدەن و لەملا و لەولا دەیدەن بە بای گویّی خەڵکدا ، کە گوایە هەر " مۆدەیەکی نوێ " پەیدابوو ، یان شتیّکی تازە داهات ، دەبیّ خەڵکی برِوات با- وەش بکاتەوە بۆی ، و ئەوەی لەگەڵی نەرِوات ، ئەوا بە " کۆنەپەرست " دەدریّتە قەڵەم ، شتیّکی تازە داهاتوو نییە • بەڵکوو لە سەدەی رابور- دووەوە نۆکەر و دەستندەخۆرەکانی ئیمپریالیزمی رۆژاوا و فەرمەسۆ- نەکانی رۆژهەڵات دیعایەیان دەکرد بۆی • ئەمەش ریّبازیّکە پرِ بـــە پرِی بەرژەوەندیی ئیمپریالیزم و داگیرکەرانە • چونکە وا لە خەڵــك دەکات کە پشتی سارد ببیّتەوە و سەر بۆ واقیعی نارِەوا و زۆرداران شۆرِ بکات و بەربەرەکانیّیان نەکات و ئەمەشیان خزمەتیّکی گەورەیـە بۆ داگیرکەرانی کوردستان و بەرەی ملهورِان • چونکە ئاشکرایە هەموو شتیّکی نوێی باش نییە و هەموو شتیّکی کۆنیش خراپ نییە • مــرۆڤ نابیّ هەر مۆدەیەك داهات ، سەر شۆرِکات بۆی لە ترسی ئەوەی پـــیّی بڵیّن : کۆنەپەرست " •

ئەمە وا و ئیّستە با ببیّن بزانین کوردییە جوانەکەی شێخ ناســر چۆنە ، و ئەو رستەیەی ئیمام مووسای سەدری چۆن کردوەتە کوردی و چی لیّ تیّگەیشتووە : لیّرەدا دەبیّت بپرسین " نابیّت بوونەکان بە سەریـا سەرکەون و لەگەڵیاندا برِوات ••• " مانای چی ؟ بەرِاستی ئەم رستەیـە هەموو شتیّکە کوردی نەبیّ • ئەمە گوایە ناسری حەفید بەخیّریّ لــــە " دەستەی پشتگیر "ی " پەیڤ " ـە ، کەچی چووە " بوونەکان " ی لەجیا- تی " موجود "ی عەرەبی بەکارهیّناوە • " بوون " چاوگە ( مصدر )ـە و نیّو ( اسم ) ـە کە لە زمانی کوردیدا مانی " وجود "ی عەرەبی دەگریّتەوە، نەك " موجود " • " موجود " لەم رستەیەدا ئاوەڵنیّو ( صفة )ـە بـــۆ " وضع " لە رستەکەدا • لە زمانی عەرەبیدا " صفة و موصوف " پرِ بــە

پڕی یەك دەبن • دەستوورێكی ڕێزمانانەی عەرەبی هەیە دەبێژێ :
" الصفةُ تتبعُ الموصوفَ في الافرادِ و التثنيهِ و الجمعِ والتذكيرِ و التأنيثِ و الحركاتِ و السكناتِ و المعارفِ وَ النكراتِ " • لەبەر ئەوە " الوضع الموجود " بەو " دۆخانەی كەوا هەن " دەكرێتە كوردی ، نەك بە " بوونەكان " • ئەوەش كوردی و عەرەبی‌یەكەی كاكە شێخ ناسر • بە ڕاستی دەبێ بڵێین : شێخ مارفی نۆ دێ گۆڕ هەڵتەكێنە ، ئەمەت لە پاش بەجێ ما ! • ئەوجا ئەوەی ئیمام مووسای سەدر گوتوویەتی ، ماناكەی ئەمەی خوارەوەیە ، نەك ئەوەی ناسری حەفید لە نەزانی و دەروون ڕەشی‌یەوە بە دەمی‌یەوە هەڵبەستووە ، و بۆ كولۆلیش نێوی ناوە " تەعبیری فەلسەفی " هەی قوڕ بە سەر فەلسەفە كە بە دەست ناسری حەفید و گۆڤاری دەستندەخۆری " پەیڤ "ـەوە گۆڕەوشار دەدرێ •
مووسا سەدر گوتوویەتی :
" ئەو مرۆڤەی بەرگەی تامی‌تامی دان نەگرێ ، و لە بەردەم دەزگەی گوشار و بەربەرەكانێدا خۆی ڕانەگرێ ، ئەوا خۆی دەداتە دەست ئەو دۆخەی كە هەیە و لەگەڵ واقیعە دوواكەوتووەكەدا خۆی دەگونجێنێ و سەر بۆ زۆرداران شۆڕ دەكات " •
ئەوجا ئەمە لەكوێ كە ئیمام مووسای سەدر خەڵكی بانگ كردووە بو سەربەرزی و مل كەچنەكردن بۆ زۆرداران و بەربەرەكانێی ملهوڕان ، و ئەو تەعبیرە فەلسەفی "یەی شێخ ناسر لەكوێ كە دەڵێ " كۆمەڵ لە خزمەتی باوەڕدا بێت ، دەبێت زەوی بە با لای باوەڕ دابتاشرێت " •
بەڵێ ••• بە پێی كاك ناسر و داڕودەستەی كولتوورچی " پەیڤ " ، دەبێ هیچ جۆرە پێوانە و نرخ و سەنگ و تەرازوویەك لە كۆمەڵدا نەبێ • با لەكوێوە هات ، لەگەڵ تەوژمی با بڕۆیت بە ڕێوە • ڕۆژ لەكوێوە هەڵهات تۆش وەك گوڵەبەڕۆژە ڕوو بكەیتە ئەوێ • بەربەرەكانی زۆرداران نەكەیت ، سەر شۆڕ بكەیت بۆیان • لەگەڵ " بوونەكان " بڕۆیت بەڕێوە•

ئەم سەرشۆڕییەش دیارە پیشەی بێدەسەڵاتانە . ئەوەتا لێرەشدا ناسری حەفید بە ئاشکرا دژی دەسەڵات پەیداکردنە بەرامبەر دەسەڵاتی زۆرداران . بە سەرشۆڕی رازییە و ، وەکوو فارسەکە دەڵێ " هرچی بادا باد " . نەك بە دەسەڵاتداری . بەڵام باوەڕ ناکەم کەسێك رێزی خۆی بگرێ و بیەوێ وەك مرۆڤێکی ئازاد بژی ، بە حیزی و سەلامەتی رازی بێ . راستی یەکەی ئەم خۆدان بە دەست تەوژم ، و بێدەنگی و مل کەچی کردنە بۆ هەموو دیاردەیەکی " نوێ " کە لە کۆمەڵگەدا روودەدا ، و لەگەڵ لێشاوی تەووژمدا بەڕێوەچوون و دەردی شێخ ناسر گوتەنی " لەگەڵ بوونەکان بڕۆن بەڕێوە " ئاوێنەیەکی روونە بۆ ئەو رێبازە هەلپەرستانەیەی کە پاش هەرەسەکە کەوتە نێو ریزی هوردەبۆرژوای خوێندەواری کوردەوە ، و لە ئەورووپا بە نێوی " بێتەرەفی " و " کولتوورچێتی "یەوە خۆی دەردەخات ، و داگیرکەرانی کوردستانیش بە هەموو جۆرە یارمەتی و پارەیەك پشتگیری دەکەن . شایانی باسە شێخ ناسر هەر ئەم شتانەی کە لە " پەیڤ "دا بڵاوی کردوونەتەوە ، جارێکی دی بە نێوی " ناڵە "وە لەو چەند لاپەڕەیەشدا دووبارەی کردووەتەوە کە بە نێوی " لەدایكبوون "ەوە لە سوێد دەری کردوون و ئەمەش بە " فەلسەفە " دەزانێ . وا دیارە شێخ ناسر خەو بە فەلسەفەو ماتماتیکەوە دەبینێ . بەڵام بە داخەوە لە هەردووکیاندا گاگۆڵکێ دەکات . لەبەر ئەوە دەبێ جارێ لە پێشەوە فێریان ببێ ، ئەوجا خۆی بخاتە ئەو مەیدانەوە ، ئەگینا ئەوشتانەی ئەو نووسیونی " لەدایكبوون " نین بەڵکوو " لەبارچوون "ن .

ناسری حەفید لەبارەی شۆرشی ئیسلامییەوە لە ئێراندا دەنووسێ :

" لەم جۆرە کۆمەڵگایەدا ـ مەبەستی لە کۆمەڵگەی ئێرانە ـ دەشێت ئاسان بێت شۆرشی لەو جۆرە بکرێت ، بەڵام ئاسان نییە کەرەسەی بەردەوامبونی بۆ بخرێت " ( ل ٤٤٣ )

دوایی دەنووسێ :

" شۆرشی ئیسلامی ئێران ئەسپێکی ڕەسەنە لە سەر شەقامی قیر لەگەڵ ماشێن‌دا موسابەقە دەکات " ( هەر ئەویٚ )

جاریٚ هەر کەسێك نەختێك هۆش و ویژدانی ببیٚ ـ سا لەگەڵ شۆرشی ئیسلامی بیٚ ، یا دژی بیٚ ـ دەزانی کە سەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامی لە ئێرانی ساواك و سیادا و لەنێو زەریایەك دوژمنی نێوخۆ و دەرەوەدا ، و لە پاڵ ئەوەشدا حەوت ساڵ شەڕێکی هۆبەهۆ ، نەك شتێکی ئاسان نەبووە و نییە ، بەڵکوو زۆر زۆر گران بووە و گرانیشە • دووایی حەز دەکەم ناسری حەفید بەو ماموستایەی لەندەنی بڵیٚ کە ئەو ڕستەیەی سەرەوەی فیٚر کردووە : راستە شۆرشی ئیسلامی ئەسپێکی ڕەسەنە لە سەر شەقامی قیر لەگەڵ ماشێن‌دا موسابەقە دەکات " ، بەلاّم ئەوە هەیە کە ماشینەکە بەنزینی لیٚ بڕا ، دەستبەجیٚ لە کار دەکەویٚ • بەلاّم ئەسپە ڕەسەنەکە ماندووش ببیٚ ، هەر لە سەر ڕەوتی خۆی دەڕوا و پێش ماشێنە وەستاوە بەنزین لیٚ بڕاوەکە دەکەویٚ ، و ئەمەش ئەو جیاوازییەیە کە ئەوانەی خۆیان بە بیری مەتریالیستانەوە بەستووەتەوە ـ درۆ یا راست ـ تیٚی ناگەن و ناشتوانن تیٚی بگەن • چونکە ئەوی مەتریالیستە باوەڕی هەر بەمە دنیا هەیە و دووریی ئامانجەکانی لە چارچێوەی ئەمە دنیادا چەسپاون و بە مردنی کۆتاییان دیٚ ، بەلاّم ئەوەی " ڕەوان پەرستە " واتە باوەڕی بە بوونی یەزدانە ، دووریی ئامانجەکانی نەك هەر لە چارچێوەی ئەمە دنیادا نەچەسپاون و بە مردنی کۆتاییان نایەت ، بەڵکوو ژیانی راستەقینەی ئەو کەسە لە پاش مردنی دەست پیٚ دەکات • موسوڵمانی راستەقینە ئەوە دنیای بە نرخی ئەمە دنیای دەکڕیٚ ، و ئەم جۆری بیرکردنەوەیەش شێوازیی کار کردنی ڕۆژانەی بۆ دیاری دەکات ، و وای لیٚ دەکات کە هەر پشت بە خۆی ببەستیٚ و سەر بۆ هیچ خودێنەناسێك شۆڕ نەکات ،وریشی خۆی نەداتە دەست کەس • تۆ بزانە خومەینی ١٤/١٣ ساڵ لە عێراقدا ژیا ، لەو ماوەیەدا چەند ساڵێکی بەر ئەو کاتە

کەوت کە بەعسی‌یەکان و شای ئێران تیر و شیریان لەیەك دەسوو ، خومەـ
ینی و شای ئیرانیش هەر تیر و شیریان لەیەك دەسوو ، بەڵام خومەینی
لە دژی شای ئێران دەستی خۆی نەدایە دەست بەعسی‌یەکان ، بە پێچەواـ
نەی هوردەبۆرژوای خوێندەواری کوردەوە کە لە رقی بارزانی بوو بە
کوتەکی بەعسی‌یەکان لە سەر ئەو دەستووره رۆژهەڵاتی‌یە ناراستەی کە
دەبێژێ " دوژمنی دوژمنم دۆستمە " .
چونکە خومەینی موسڵمان لەو باوەڕەدا بوو کە پاڵدان بە پاڵی
ناموسوڵمانێکەوە نابێتە هۆی سەرخستنی ئیسلام . جا کە ئەمە دەڵێم
خۆشم تاقی کردنەوەیەکی تایبەتیم لەم بارەیەوە هەیە :
ساڵی ١٩٥٩ مامۆستای قوتابخانەی نێوەندی جەعفەری ئەهلی
بووم لە بەغدا . یەکێك لە ماموستاکانی زمانی عەرەبی ئاخوندێکی
موسڵمانی شیعەی خەڵکی نەجەف بوو ، نێوی شێخ عەبدولزەهرەی سەغیر
( شیخ عبدالزهرة الصغیر ) بوو ، کە بووبووینە دۆستی یەك . لە بەغدا
ماڵوحاڵم نەبوو ، سەڵت و قوڵت و بە تەنیا دەژیام . لەبەر ئەوە ژوورێکم
لە ئوتێل رەشید کە نێزیکی قوتابخانەکەمان بوو ، بە کرێ گرتبوو .
جارێکیان وا رێکەوت کە ٣ رۆژ لە سەریەك پشووی قوتابخانە بوو . رۆژـ
ێك پێش ئەوەی پشوو دەست پێ بکات شیخ عەبدولزەهرە لیمی پرسی :
جەمال ئەم چەند رۆژە چ دەکەیت ؟ گوتم باوەڕ بکە خۆشم نازانم . لە
پێشدا بە تەمابووم بچمەوە بۆ کوردستان ، بەڵام دووایی بیرم کردەوە ،
ماوەکە کەمە و ناهێنێ دوو رۆژ بەرێوە بم . لەبەر ئەوە هەر لێرە
دەمێنمەوە . گوتی : دە وەرە لەگەڵ من با بچین بۆ نەجەف و کەربەلا ،
و لەوێ لە نەجەف لە ماڵی ئێمە میوان بە . گوتم باشە و سوپاس . پێکەـ
وە کەوتینە رێ . لە نەجەف چووینە سەردانی پێشەوای شیعەکان لەو
سەردەمەدا کە بەهەشتی سەیید موحسین حەکیم ( سید محسن الحکیم ) بوو .
شێخ عەبدولزەهرە منی پێشکێش بە سەیید کرد : برای کوردمان جەمال

نەبەز ، ماموستای ماتماتیك لە قوتابخانەکەمان • سەیید بەو پیری یە و منیش بەو گەنجی‌یە ، لەبەرم هەستا و نێوچەوانمی ماچ کرد ، و لە تەنیشت خۆیەوە لە سەر بەرەکەی زانستگەی " منتدی النشر " کە لەوێ دەرزی دەگوتەوە دانیشتم • سەیید وەك نموونەی مرۆڤێکی بێ فیزی نوورانی دەستی کرد بە پرسیار کردن لێم لەبارەی حاڵی کوردەوە • پێشم وایە ئەز یەکەمین کورد بووم کە مەسەلەی کوردم لە سەیید گەیاندووە • لە کورتی بیبڕمەوە ، لەو کاتەدا کۆمۆنیستەکان ، بە هۆی سیاسەتی عەبدولکەریم قاسمەوە ، لە هەموو عێراقدا کەوتبوونە بەکارهێنانی زۆر و زۆنگ لە دژی ئەوانەی سەر بەوان نەبوون ، و لەو بوارەشدا هەوڵی ئەوەیان دەدا کە دەسەڵاتی مەلاکان بە تایبەتی مەلا شیعەکان نەهێڵن • جا ئەو رۆژە کە چوومە سەردانی سەیید ، دوکانداریێکی بەغدادیش هاتبووە سەردانی ، و لەکاتی باسکردنی پێوەندیی قاسم بە کۆمۆنیستەکانەوە هەڵی دایە و گوتی : " وا دیارە قاسم سیاسەتی خۆی بەرامبەر بە کۆمۆنیستەکان گۆڕیوە ، وا باشە لەم رۆژەدا پشتی قاسم بگیرێ بۆ لێدانی کۆمۆنیستەکان " • سەیید زۆر لە سەرخۆ و دڵنیا وەرامی دایەوە " الكفرُ مِلَّةٌ واحدةٌ " واتە " هەرچی سەر بە بەرەی کفرە یەك میللەتە " و ئەوەش هەموو وەرامەکەی بوو • بە کورتی سەیید وەك موسوڵمانێکی راستەقینە ، نەیدەویست پشت بە ناموسوڵمانێك ببەستێ بۆ لێدانی ناموسوڵمانێکی دی و لەو رێیەوە یەکێکیان سەربخا • چونکە مەسەلە بەلای سەییدەوە ــ بە پێچەوانەی هوردە بۆرژوای فەریکە مارکسی کوردەوە کە هەر دەسکەوتی خۆی دەوێ ــ مەسەلەی دوژمنایەتی‌ی کۆمۆنیستەکان و دەسکەوتی تایبەتی‌ی خۆی نەبوو ، بەڵکوو مەسەلە سەرخستنی ئیسلام بوو • ئەز کە ئەم قسەیە دەکەم و ئەم چیرۆکە وەك خۆی دەگێڕمەوە ، مەبەستم ئەوە نی‌یە لەسەر ئیسلام یا کۆماری ئیسلامی‌ی ئێران بکەمەوە ، هەر کەسێك شارەزای بیر و باوەڕی من و نووسینەکانی من و هەڵسوکەوتی

من بێ ، دەزانێ کە لە زارۆیی‌مەوە تا ئێستەم ماستاوم بۆ کەس سـارد نەکردووەتەوە و تەشی ڕێسی کەس نەبووم ، بەلام سوپاسی ئەو قوتابخانە-یەی لێی دەرچووم ، قوتابخانەی بیری ئازادیو یەکسانی،هێندە ناموسو مەردایەتیم تێدایە ، ئەگەر تەنانەت هاتوو باسی دوژمنێکی خۆشم کرد، بوختان نەکەم پێی و درۆ و دەلەسە هەلنەبەستم بۆی • هیچ نانێکیشـم بە هۆی ئیسلامەتی و شێخایەتی و تەپل و دەف و هایوهووی و حەیئەللاو دەرویشەوە نەخواردووە ، وەك ناسری حەفید • ناشمەوێ وەك ناسری حەفید و گۆڤاری دەستندەخۆری " پەیڤ " بۆ خۆدەرخستن و بەرچاوتەنگـی ، بوختان بە کەس بکەم ••• ئا لەبەر ئەو هۆیە بوو کە شۆرشی ئیسلامـی سەرکەوت وشۆرشی کورد سەرنەکەوت • چونکە سەرکردەی کلاسیك و هوردە بۆرژواکانی کورد پێیان وابوو بە پشتی داگیرکەرێکی کوردستان داگیر-کەرێکی دیکە ییخ دەدرێ • بەلام ئەوەی راستی بێ کە پیس و پاك لەگەل یەك تێکەل ببن ، ئەوا پیسەکە هەر بە پیسی خۆی دەمێنێتەوە ، و پاکـە-کەش پیس دەبێ •

## ٥- زانست ، یان ، قسەی هەلەقومەلەق

لە نامیلکەی " هێندێك لە کێشە بنەڕەتی‌یەکانی قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم "دا نووسیومە :

چونکە زانست خۆی بەشێکە لە بیرکردنەوەی ئادەمزاد و بەرهە-می بیرکردنەوەی ئادەمزادە ، دەبێ هەر لە خزمەتی ئازادیی ئادەمزادا بێ " ( ل ١١٧ ــ ١١٨ )

هەروەها هەر لە نامیلکەی نێوبراودا نووسیومە :

" ••• زانست راستە هەلوێستە ، بەلام هەلوێستێکی بابەتانە-یە • بۆ گەیشتنە ئەو هەلوێستە بابەتانەیەش دەبێ لێکۆلەرەوە لـە

سەرەتاوە بە سەنگ و تەرازووی لەوەپێش دروستکراوی هیچ چین و دەستە و کۆمەڵەیەك نەکەوێتە کێشانی بابەتەکە ، بەڵکوو بە " سەنگ و تەرازوو- یەکی ئازاد " بکەوێتە کار تا دەگاتە ئەنجام • سەنگ و تەرازوویەکەش کاتێك ئازاد دەبێ : کە یەکسانی چینایەتیی ئابووری و رۆشنبیری کردبێتە پێوانەی خۆی و هەر لەوەشەوە دەست پێ بکات " ( ل ١١٩ ) •

ناسری حەفید نیوەرۆکی ئەمانەی سەرەوەی لە من وەرگرتووە ، بەلام بەم جورەی خوارەوە نووسیوێتییەوە کە مەبەستەکانیشی نەپێکاوە :

" هیچ جۆرە چەوساندنەوەیەك ، هیچ جۆرە داگیرکردن و ماف نەدانێك نییە کە زانست پشتی بگرێت ، ئەوجا کە زانست یەکسان بێت بە راستی و راستی زانست بێت ، ئەوا هەموو بۆچوونێکی گشتی کە شێوە پراکتیکەکەی لە نەخشە و پرۆژەی چەوساندنەوە و ماف رەتکردنەوەدا خۆی دەربڕی ، بۆچوونێکی هەڵەیە " ( ل ٤٣٥ )

من گوتوومە " سەنگ " و تەرازوویەکی ( زانستانە ) کاتێك ئازاد دەبێ کە : یەکسانی چینایەتیی ئابووری و رۆشنبیریی کردبێتە پێوانەی خۆی و هەر لەوەشەوە دەست پێ بکات • جا کە سەنگ و تەرازوو- یەك وابێ ، واتە یەکسانی کردبێتە پێوانەی خۆی ، دیارە هیچ جۆرە داگیرکردن و چەوساندنەوەیەکی تێدا نابی • بەلام ئەوەی کە ناسری حەفید لێی تێك چووە و لەگەڵ یەك تێکەڵی کردووە ، " زانست " و " بەکارهێنانی زانستە " کە ئەمانە دوو شتی جیاوازن لە یەك •

**زانست ، خۆی لە خۆیدا ، نە ئازادیخوازە و نە دژ بە ئازای • زانست دەتوانرێ بۆ خزمەتی ئازادیخوازی ، واتە بۆ خزمەتی یەکسانیی مرۆڤ بەکاربهێنرێ ، دەشتوانرێ لە دژی مرۆڤ ، واتە دژی یەکسانیی مرۆڤ بەکاربهێنرێ • کەواتە کارەنجامی زانست بە پێی ئەو سەنگ و تەرازووە دەگۆڕێ کە پێی دەکێشرێ و پێی دەپێورێ •** جەنابتان نووسیوتانە : "زانست یەکسانە لەگەڵ راستی" • نازانم مەبەستتان لە " راستی " چییە •

هەرچی چۆنێك بێ راستی لە کاتوشوێنێکی تایبەتی دا شتێکی رێژەیی (نسبی )یە نەك نارێژەیی ( مطلق ) • زانست هەزاران جۆرە شێوەی تەکنیك و دەرمانی داهێناوە ، کە ئەمانە دەتوانرێن بخرێنە خزمەتی مرۆڤەوە و دەشتوانرێن بکرێنە کوتەکێك لە دژی مرۆڤ • هیچ کاتێکیش ناتوانیت بڵێیت ئەو کەسەی ئەم دەرمانەی دروست کردووە یا ئەم تەکنیکانەی داهێناوە ، زانستانە بیری نەکردووەتەوە • بۆ وێنە : ئەو کەسەی فڕۆکەی دروستکردووە زانستانە بیری کردووەتەوە ، و فڕۆکەش بەرهەمی زانستە • بەلام فڕۆکەکە هەر بۆ گواستنەوەی خەڵك بەکارناهێنرێ ، بەڵکوو بۆ بۆردومانکردنی خەڵکیش بەکاردێ • ئەوەی فڕۆکەکە واش و واش بەکاردەهێنێ مرۆڤە ، نەك زانستەکە خۆی • هەروەها پێنووس ( قلم ) بەرهەمێکی زانستانەیە ، بەلام ئەوەتە تۆ بۆ مەبەستی درۆکردن و خۆهەڵکێشان و بوختان و خراپەکاری بەکاریدێنیت ، یەکێکی دیش بو ئامانجی پێچەوانەی تۆ • ئەوەی من گوتوومە لە بارەی زانستەوە ، ئێوە ناشیانە وەرتانگرتووە و گوتووتانە " زانست راستی "یە • ئەوەش قسەیەکی پف هەڵدراوە • هەموو " راستی "یەك کە مرۆڤ لە رێ بیرکردنەوەی زانستانەوە دەیگاتێ ، بە پێی کات و شوێن دەگۆڕێ • زۆر تیۆری و بەرهەمی بیری زانستانەی پزیشکی ( طب ) و تەکنیکی کە لە کاتی خۆیدا وەك **راستی** مامەڵەیان لەگەڵ کراوە ، دوایی دەرکەوتووە لەگەڵ " راستی " ناگونجێن • جا لەبەر ئەوەی جەنابتان ئەم بنەرەتەتان لێ تێکچووە ، ئەوا هەر خۆتان خۆتان بە درۆ دەخەنەوە • چونکە لە شوێنێکی دی ووتارەکەتاندا دەنووسن :

" داگیرکردن و ژێردەست کردنی گەلی کورد لە لایەن رژێمی سەدداموە هەڵویستێکی هەڵە و لێتێکچوون نییە ، بەڵکوو جوو لانەوەیەکە رەگەکانی ( خصائص ) ئەو رژێمە دەسنیشان دەکات ••• هتد " ( ل • ٤٤٤ ــ ٤٤٥ ) •

جا ئەوەتە وەك خۆتان دەڵێن ئەگەر ئەو "هەڵوێستە هەڵە و لێتێکچو-
ون " نەبێ ، دیارە " راست "ە و لەگەڵ " راستی " دەچەسپێ • جا
لەبەر ئەوەی بە قسەی جەنابتان " راستی و زانست یەکسان "ن ، دیارە
ئەم هەڵوێستەی رژێمی بەعس بەرامبەر بە کورد ، هەر بە قسەی خۆتان
زانستانەیە ، و لەبەر ئەوە ئەو ئەنجامەی ئێوە لە سەرەوە پێی گەیشتوون
هەر لە بنەڕەتەوە هەڵەیە • و ئەوەی کە نووسیوتانە " هەرچی زانست بێ
راستە و هەرچی راستیش بێ زانستانەیە " قسەیەکی بۆشی پف هەڵدراوە •
چونکە زانست دەبێ هەر لە سەرەتاوە سەنگ و تەرازوو و پێوانەی خۆی
بخاتە بەرچاو • ئەگەنا ئەوەتە وەك خۆتان بە دەمی خوتان دەڵێن
" هەڵوێستی رژێمی سەددام لە داگیرکردن و ژێردەستکردنی گەلی کورد
هەڵوێستێکی هەڵە و لێتێکچوون نییە " و ئەمەش مانای وایە پڕ بە پڕی
ئەو بۆچوونەیە کە ئەو رژێمە زانستی پێ دەخاتە کار و ئەنجامی ئەو
سەنگ و تەرازوو و پێوانەیەیە کە ئەو رژێمە ( زانست )ی پێ دەپێوێ •
کەواتە مەسەلە مەسەلەی ئەو سەنگ و تەرازوو و پێوانەیەیە کە لە زانست
دا بەکاردەهێنرێ ، نەك زانست خۆی •

هەرچی قوتابخانەی بیری ئازادی و یەکسانییە بنچینەیەکی
فەلسەفەیی بۆ " زانست " و ئامانجی بەکارهێنانی زانست داناوە ، و
بە قسەی زلی هەلەقومەلەق و " زانست راستییە " و " راستی زانستە "
مەسەلەکەی نەبڕاندووەتەوە • ئەم قوتابخانەیە دەبێژی " زانست
بەرهەمی بیری مرۆڤە و بەشێکە جیا ناکرێتەوە لە مرۆڤ خۆی • جا لەبەر
ئەوەی مرۆڤ بە پێی سروشت ، نابێ دژی ئازادیی خۆی بێ ، دیارە بەر-
هەمی بیری خۆشی نابێ دژ بە ئازادیی خۆی بێ • واتە زانست نابێ
لە دژی ئازادیی مرۆڤ بێ • ئەوجا ئازادی کاتێك دەتوانێت مانای ببێ
کە پلە پلە نەکرێ و کەموزۆری نەبێ ، بەڵکوو یەکسان بێ ــ وەك لەمە-
وبەر روونم کردەوە ، و ئەمەش هەر لەوەدا دێتە دی کە دەسەڵاتی مرۆڤ

لە دۆخ و بارێکی یەکسان دا بێ ، ئەو یەکسانی یەی کە جەنابتان بە پێی سروشت و بیری دەرەبەگانەی خۆتان لێی تۆقیون ٠

**٦ - باسکردنی " مافی ژنان " لە ئەورووپا ــ بە گەورەیی فێری پلاوخواردن بوون**

ناسری حەفید ، وەك هەموو هەلپەرستێك ، هەوڵ دەدا خۆی لەگەڵ کۆمەڵگەی سوێد و ئەورووپادا بگونجێنێ ٠ لەبەر ئەوە دەیەوێ دیشکەم لە رابوردووی خۆی بکات ، و ئەوە بوو لە پێشەوە کەوتە پەلامار-دانی ئاینی ئیسلام ، ئەو ئاینەی کە خۆی و خێزانی لە کوردستان پێی پەروەردەکراون و کاسپی یان پێوە کردووە ٠ بەوەشەوە ناوەستی ، بەڵکوو دەیەوێ حاشاکردنەکەی لە رابوردووی خۆی خەستتربکاتەوە ٠ لەبەر ئەوە ، و بێ ئەوەی هیچ بۆنەیەك هەبێ باز دەداتە سەر مەسەلەی ژن و هەر لە پاڵ پەلاماردانی ئیسلامدا ، بە رواڵەت دەکەوێتە لەسەرکردنەوەی مافی ژن ، وەك ئەوەی شێخ ناسر و داروودەستەی گۆڤاری دەستندەخۆری " پەیڤ " یشی لەگەڵ لە کوردستان هەر پارێزەری مافی ژن بووبن ٠ دیارە ئەم هەڵویستەی ئەورۆیان لە ئەورووپا شتێکی تاك هەڵکەوتوو نی یە ٠ چونکە زۆر لە بیردەرەبەگ و هوردەبۆرژوا و خلتەی کۆنەپەرستی ی رۆژهەلات کە دێنە ئەورووپا ، ئەوجا دەکەونە باسی مافی ژنان ، یان وەك ناسری حەفید باسی " کیژۆلان " دەکەن ٠ و ئەم شێوە دەربرینەش دەری دەخات کە مەبەستەکەی بەراستی " کیژۆلان "ە نەك بەرگری لە مافی ژنان بە گشتی ، و ئەمەشیان هەر بە قسە نەك بە کردەوە ٠ وەك لە پێشەوەگوتم ، شێخ ناسر لەم هەڵوێستە هەلپەرستانەیەدا ، تەنیا نی یە ٠ باوەڕ بکەن هی وام دیوە بە دەم لە نێو خەڵکیدا ــ وەك کوردەکە دەڵی لەسەر ژن سەری شەش شەشی

بڕیوه ــ ، و گوتوویەتی دەبێ " کۆمەڵەی مافی ژنانی کورد " لە ئەورووپا دابمەزرێ ، کەچی هەر ئەو کەسە خۆی لە کوردستان دەزگیرانی بووە و پاش ئەوەی هاتووەتە ئەورووپا ، لێرە ژنی ئەورووپایی هێناوە و شەش ساڵی ڕەبەق ئەو کچە کوردەی بە تەما کردووە بیهێنێ ، و دووایی نەشی هێناوە و پێشی نەگوتووە کە لە ئەورووپا ژنی هێناوە ٠ بێجگە لەمەش لەگەڵ ژنە ئەورووپایی‌یەکەدا زۆر تاوانبارانە جووڵاوەتەوە ، تا ئیشی پێی بووە بە سەرزاری ، ڕووی خۆش بووە لەگەڵی و کە ئیشی پێی نەماوە لە پێش چاوی خەڵك لێی‌داوە ، و بە دوو سی مانگ جارێکیش نەچووە بە لایدا ٠ شێخ ناسر دەبێ ئەوە بزانێ کە مافی ژن بە قسەی ڕووتی پف هەڵدراو نی‌یە و بەوەی " کیژۆڵان " ڕووت بن نایەتە دی ٠ مەسەلەی ئازادیی ژن بەستراوە بە مەسەلەی جیاوازی بوونی دەسەڵاتەوە لە لای پیاو و ژن ، و هەتا ئەو دەسەڵاتە یەکسان نەکرێ ، ئەوا ئەم بەشخوراوی‌یەی ژن هەر وەك خۆی دەمێنێتەوە ٠

شێخ ناسر و گۆڤاری دەستندەخۆری " پەیڤ " مەسەلەی مافی ژنان ــ یا بە قسەی شێخ " کیژۆڵان " هەر بە مەسەلەی "خۆنەپێچانەوە"ی ژن تێگەیشتوون ، کە ئەمەش لەبەر کوردی نەزانی شێخ ناسر بە " پۆشتە " بوون دراوەتە قەڵەم ٠ شێخ ناسر نووسیویێتی : = . ئیسلام پێویستی بەوەیە کە کیژۆڵان **پۆشتە** و ملکەچی فەرمانی ئیسلام بن " ( ل ٤٤٢ ) ئەم قسەیەش قسەی ئێستەیەتی کە لە سوێد دەژی ٠ ئەگەنا لە کوردستاندا ئەوەی بە خەیاڵی‌دا نەهاتبێ مافی ژنان بووە ٠ دووایی مەسەلەی مافی ژن هەر مەسەلەی پێچە و عەبا نی‌یە ، بەڵکوو زۆر شتە ٠ زۆر ژن هەن لەم ئەورووپایەدا کە نەك هەر پێچە و عەبایان نی‌یە ، بەڵکوو نیوەڕووتێکیشن و بە تەواوی بە دڵی شێخ ناسرن ، بەلام هیچ جۆرە مافێکیشیان نی‌یە و لە سەر جاددە دەرۆزە دەکەن ، و هێندێکیشیان تا مردن ئاخوداخی تەنیایی و بێکەسی هەڵدەکێشن و گەشکە دەیانگرێ کە یەکێك دوو قسەی

خۆشیان لەگەڵ بکات و لەو دۆزە ( جهنم ) ی تەنیاییە ، تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ ، دەریان بهێنێ . دووایی هەر خۆتان بچن بپرسن بزانن لە وولاتە پیشەسازەکانی ئەورووپادا ، سەددی چەندی وەزیرەکان و مامۆستاکانی زانستگەکان و بەڕێوەبەرانی ڤابریقەکان و حاکمەکانی دادگەکان و کاربەدەستە مەزنەکانی میری ژنن ؟ لە گەلی وولاتی ئەورووپادا ژن ــ هەر بۆ ئەو کارەی کە پیاو دەیکات ، و هەر بۆ ئەو کاتەی کە پیاوەکە دەیباتە سەر ــ مز ( اجرة ) کەمتر وەردەگرێ لە پیاو . ئەمانە هەمووی بە ستاتیستیك و لیستە و لێکۆڵینەوەی زانستانە ئیسپات کراون و بلاو کراونەتەوە . مەسەلەی ژن بەستراوە بە مان یا نەمانی کۆمەڵگەی نایەکسانەوە . مەسەلەی عەبا و پێچە و سەرپۆش و ئەم جۆرە شتانە رووبەرێکی رواڵەتی مەسەلەکەن ، و ئەوانەی سادەکارانە و ساویلکانە لاسایی ئەورووپایی‌یەکان دەکەنەوە ،یان‌هەر لە باری سەرنجی سێکسەوە دەروانئە مەسەلەکە ، هەر باسی پێچە و سەرپۆش دەکەن . خۆ ئەگەر مەسەلەی مافی ژن هەر مەسەلەی لابردنی پێچە و عەبا بوایە ، و لابردنی پێچە و عەبا بەتەنێ ، یا بە کوردی‌یە نایابەکەی شێخ ناسر " ناپۆشتە "ی ژن ، پێشکەوتنخوازی بووایە ، ئەوا ئەتاتورك و رەزا شا کە دوو نموونەی دیکتاتۆرێتی و ملهوڕی بوون،هێندە لە سەر ئەوە سوور نەدەبوون کە ژن پێچە نەگرنەوە و دەبێ فڕێی بدەن . ئەوەتە جنەرال ئیڤرەنی سەرکۆماری تورکیا بە ئاشکرا بە وەزیرەکانی دەڵێ هەر کچێك بە عەبا و سەرپۆشەوە بێتە زانستگە ، یان دەزگەی دەوڵەتی ، مەیەڵن بێتە ژوورەوە ، و لە رۆژی ١٢ای نیسانی ئەمساڵدا کە لە ئالاشەهیری ناوچەی ئیزمیر پەردەی لە رووی پەیکەرێکی خۆی لادەبرد ، دیسانەوە لە دژی سەرپۆش و رووپۆشی کچانی زانستگە وەستایەوە . ئێستە باشە ، ئایە ئەتاتورك و رەزا شا لە پێشکەوتنخوازی‌یان بوو ئەمەیان دەکرد ! ئایە ئێڤرەن لە پێشکەوتنخوازی‌یەتی ئەمە دەکات ؟ . ئەمەی جنابیشتان هەر لاسایی یەکی ئەتاتورك و

ڕەزاخان و ئێڤرەنە ، چونکە پێشکەوتنخوازیەکەی جضابیشتان هەر وەك پێشکەوتنخوازیەکەی ئەوانە • ئەوجا کاکە شێخ ! مافی ژن کاتێك دێتە دی کە ژن ، نەك وەك ژن ، بەڵکوو وەك مرۆڤ هەڵسوکەوت بکرێ لەگەڵی دەوری کارەکەرێتی یماڵی پێ نەبینرێ ، و جۆرە پێوەندیەکی نوێ لە نیوان ژن و پیاودا دروست ببێ لەسەر بنچینەی ڕێزی بەرامبەر و دابەشکردنی ئیشوکار بە یەکسانی • ئەگەنا مافی ژن هەر بەوەی " کیژۆڵان پۆشتە " نەبن ، نایەتە دی • با هەر نموونەیەکی سادەت پێشان‌دەم :

ئەگەر هاتوو پیرێژنێکی هەژاری کوڵۆڵی بێ‌کەس وای لێ هات ، ناچار بوو لە ماڵەکەتدا بە کارەکەرێنی و نانەسکی بژی ، ئەوا با پێویستی سەرشانی ئەو بەدبەختە ئەوە نەبێ ، ماڵیش پاك بکاتەوە و ببێتە لەلەی منداڵیش و جلکیش بشوا و نانی بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارەش ئامادە بکات ، و کە شەوی لێ‌هات و سەری شەکەتی کردە سەر سەرین ، تۆش رابکەیت بۆ " مەی خۆری " ، و کە سەعات دووسێ‌ی پاش نیوەشەو لەگەڵ چضد برادەرێکتدابە سەرخۆشی گەڕایتەوە ماڵەوە ، پیرێژنەکە لە خەو ڕاپەڕێنیت ، قوبووڵی ربضارتان بۆ دروست بکات • ئەمە تەنێ نموونەیەکە لە نیو هەزاران نموونەدا کە هەموو رۆژێك لە نیو کۆمەڵگەی هوردە بۆرژوای خوێندەواری کورددا دووپات دەبێتەوە ، تەنانەت لێرەش لە ئەورووپا •

بۆ ئەوەی ژنان بە مافی خۆیان بگەن ، پێویستە کۆمەڵگە لە کۆمەڵگەی پیاوفەرمانیەوە بکرێتە کۆمەڵگەی مرۆڤ‌فەرمانی واتە دەسەڵاتی ژنیش هێندەی دەسەڵاتی پیاوی لێ‌بێ • هەر لە گۆشەی ئەم تێڕوانینەوە لە نامیلکەی " هێندێك لە کێشە بنەڕەتی‌یەکانی قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم " دا نووسیومە :

" ••• بۆچی ژنێك ناتوانێ بڵێ پیاو چی دەکات و چۆن دەژی ، منیش دەمەوێ وا بکەم و وا بژیم ؟ چونکە ژنەکە " دەسەڵات "ی نی‌یە لە رووی پیاودا وەربگەڕێتەوە ، کۆمەڵگە کۆمەڵگەیەکی پیاوفەرمانی‌یە "ل ٣٠

هەروەها لە شوینێکی دیکەی هەمان بەرهەمدا نووسیومە :

" ... هەروەها لابردنی پەچەی سەر رووی ژنان بە فەرمانێکی کوتوپڕی کاربەدەستان ، وەك ئەوەی رەزاخان لە ئێران و ئەتاتورك لە تورکیا کردیان و ئەمەش لە دوو کۆمەڵگەی پیاوفەرمانی و دوواکەوتوودا ، کارێکی رووالەتە . ژن لە هەموو وولاتێکی جیهاندا ، تەنانەت لەو جێیانەدا کە زۆر خۆیان بە پێشکەوتوو دادەنێن ، مافی وەك مافی پیاو نی‌یە و سا بە جۆرێك لە جۆران بەشخوراو و چەوساوەیە . تۆیەك کە پەچە لە رووی ژن بە زۆر دادەگریت و ئەوەش لە کۆمەڵگەیەکدا کە هەزاران ساڵە کۆمەڵگەی پیاو فەرمانی‌یە ، بێ ئەوەی پێش ئەوە هیچ کارێکت کردبێ کە لەو ڕێبەوە شێوەی پەروەرکردنی پیاوت گۆڕیبێ کە بە یەکسانی و وەك یەکی خۆی و ژن رازی بێ و بێ ئەوەی ژنیشت وا لێ کردبێ ئەوەندەی زات پەیدا کردبێ کە بتوانێ لەسەر مافی خۆی هەڵبداتێ و بێ ئەوەی کۆمەڵگەت وا لێ کردبێ کە پشتی ژن بگرێ و لەسەر مافەکانی بە دەنگ بێ ، دیارە ئەو دەمە بە لابردنی پەچە هەر کوێرەوەری و بەلات بۆ ژنی بەسەزمان دروست کردووە و هیچی دی . لەبەر ئەوە کە لە ئێمە بپرسن " ژن پەچە بگرێتەوە یا بە زۆر پێی لا ببرێ ؟ " دەڵێین : لای ئێمە مەسەلەکە بەم رووالەتە نی‌یە و بنچینەیی‌یە . لای ئێمە ژن و پیاو نی‌یە لای ئێمە تەنیا مرۆڤ هەیە و بەس ، ژنیش مرۆڤێکە وەك پیاو ، دەبێ هەر وەك پیاو بڕیاری چارەنووسی خۆی بە دەست خۆی بێ . هەرچی‌یەك لە کۆمەڵگەیەکی ئازادی یەکساندا بۆ پیاو باشە و بە پیاو رەوایە ، دەبێ بۆ ژنیش باش بێ و پێی رەوا بێ و ئەوەی بۆ ژن خراپە و نارەوایە ، دەبێ بۆ پیاویش خراپ بێ و نارەوا بێ . نە بۆ پیاو هەیە ببێتە زۆردار و کەڵەگای ژن و نە بۆ ژنیش هەیە ببێتە زوردار و چەوسێنەرەوەی پیاو . ئێمە باوەڕمان بە کۆمەڵگەیەکی یەکسانە و هەر بۆ ئەوەش تێ دەکۆشین .

ئێمە ناڵێین " ژن و پیاو " بەڵکوو دەڵێین " کۆمەڵگە " .

ئەمجا با جارێکی دی بگەڕێینەوە سەر باسی ئەو ژنە رووسپی‌یانەی لەشی خۆیان بە پارە دەفرۆشن ، و کەچی کۆمەڵگە هەر ژنەکە بە سەرشۆڕ دەزانێ و پیاوەکە وەك بەرزەکی بانان بۆی دەردەچێ ، و لەمەوپێش ئەمەم روون کردەوە • بەلام لێرەشدا جەنابتان هەر رووبەرانە و ترسنۆکانە و هەلپەرستانە بۆ مەسەلەکە دەچن ، و هەر یەك لایی لێی دەدوون ، هەرچەندە بە دەم لافی ئەوە لێ دەدەن کە " دوولایی " بۆ مەسەلەکان دەچن • شێخ ناسر : " رووسپی " هەر رووسپی لەش فرۆشنی‌یە ، و رووسپێتی هەر لەش فرۆشی نی‌یە • بەلام ئێوە هەر باسی ئەم جۆرەیان دەکەن ، و چاو لە جۆرەکانی دیکەی دەپۆشن • فەرموو با باسی جۆرە رووسپی‌یەکی دیکە بکەم بۆت :

دەبینیت کابرایەکی لادێی نەخوێندەواری ، هەژاری ،پێ پەتی ، برسی ، رەشوڕووت ، سا یا لە بێ‌نانی‌یە ، یا لە نەزانی‌یە ، یا لە ترسدایە ، یا رقیان هەستاندووە ، یا ژنەکەیان لێ داگیرکردووە ، یا لەبەر هەر شتێکە هەیە ، پێی هەڵدەخلیسکێ و خۆی دەخاتە خزمەتی داگیرکەرانی کوردستانەوە ، و ئەو حەلە خەڵکی پێی دەڵێن " جاش " و کە کوژراش دەگوترێ " جاشێك کوژرا " • جا ئەو حەلە دەرودراوسێ و ناسیاو ناچن بە پرسەیەوە چونکە " جاشێك " کوژراوە ، و ماڵ و مناڵەکانیشی لەتاو شەرم و ئابڕووی خۆیان ، لە کوردستان بار دەکەن و ئەگەر کچی ببێ ، ئەوا کچەکانی بەزۆرێ‌دەبنە ئەو رووسپی‌یە لەشەی کە جەنابت لە گەلێك شوێندا باست کردووە و لە سەرت نووسیوە • ئەمە بۆ هەژارە لادێی‌یە نەخوێندەوارەکە وایە ، بەلام ئەوانەی کە لە زانستگە دەرچوون و پارە و شەهادەتنامەیان هەیە و دەست رۆیشتوون ، ئەوا بۆیان هەیە هەر دەمە ببنە جاشی دەوڵەتێك و رژێمێك ، و هەر دەمەش بکەونە جنێودان بەو لایەی کە خۆیان لەوەبەر جاشێتی‌یان کردووە ، و هەر کەسێکیش سەر بەو لایە بی کە خۆیان تا دوێنی لەگەڵی بوون ، بە جاش بیدەنە قەڵەم ، و ئە‌ـ

گەر دەستیشیان بکەوێ بیکوژن ٠ ئەوجا خەڵکی هەلپەرست و کوڕی ڕۆژ و هەڵمەتەکاسە هیچ کاتێك باسی ئەم جاش ئەنتەرناشانە ناکەن ، و ئەم جاش ئەنتەرناشێتی‌یەیان بە " سیاسەت " بۆ دەدەنە قەڵەم ، و هەتا بەرژەوەندی‌یان لەگەڵیان بگونجێ ، هەزاران تاوانیش بکەن ، بۆیان دەشارنەوە و بۆیان پاساو دەدەن ٠ خۆ ئەگەر دەسەلاتیان نەما ئەوا دەستبەجێ لێیان جیا دەبنەوە و دەکەونە ڕەخنە و ڕەخنەکاری لێیان ، و هەزاران نەبوونەکراویشیان بۆ هەڵدەبەستن ٠ بۆ نموونە : ئەگەر ڕۆژی کوڕەکانی بەهەشتی مەلا مستەفای بارزانی دەستیان ڕۆی ، ئەوا هەر ئەوان سەرگەورەی کورد و کوردستانن و هەر ئەوانن کە ڕزگاری دەکەن ٠ خۆ ئەگەر جەلال تاڵەبانی لە برەودا بوو ، ئەوا جەلال هەڵکەوتووترین پیاوی کورد و ڕۆژهەلاتە ٠ خۆ ئەگەر ڕۆژێك هات و دەستی نەڕۆی ، ئەوا جاشی شەستوشەش و حەفتاوشەش و هەشتاوشەشە ، ئەوجا ئەو حەلە دوکتۆر مەحموود عەلی عوسمانەکە دەبێتە بلیمەتترین ڕۆڵەی کورد ٠ کاتێکیش دوکتۆر مەحموود دەستی کورت بوو ، ئەوا ترسنۆك و خۆڕی و چی و چی‌یە ، و چاوێك بەملاوبەولا دەگێڕن ، بزانن سامی ڕەحمانی‌یەکە لە کوێیە و چەندی پێ هەڵدەستێ ٠ خۆ ئەگەر ڕێشیان کەوتە ئەورووپا ، ئەوا لە پێشەوە بەهۆی ماستاوساردکردنەوە بۆ ئەم ڕێکخراو و ئەو ڕێکخراو خۆیان دەکەنە پەنابەری سیاسی ، و بەو هۆیەوە پەنابەرێتی بە ناهەق وەردەگرن و کە ئەوەشیان دەستکەوت ، ئەوجا دیشکەم لە هەموو " لایەك " دەکەن و خۆیان دەکەنە " بێ‌لایەن " ، واتە " بێ‌تەرەف " ٠ بۆ ئەوەی ئەمجا لە هەموو لایەك هەر بخۆن ٠

تووسەری خۆتان کاك ناسر و کاك کەمالی میراودەلی ، ئەگەر یەکێك ڕەوشتوخووی وابێ ، هەڵناگرێ پێی بگوترێ " قەحبەی سیاسی " ؟ ٠ یان ئەگەر هاتوو یەکێك خۆی بە خوێنی سەری کۆمونیست و مارکسیستینوو بوو ، بەلام بۆ شوێنەوونی و بازرگانی کردن خۆی و نووسینەکانی سۆرباو کرد ، ئەوا ئەو زەلامە وەك ئەو رووسپی‌یە نی‌یە کە کەسی خۆش

ناوێ ، بەڵکوو بۆ پارە پەیداکردن لیوی خۆی سۆر دەکات تا بازرگانیی پێوە بکات ؟ چ جیاوازییەك هەیە لە نێوی ئەوانەدا کە بۆ پارە لیوی خۆیان سۆر دەکەن و ئەوانەی کە نووسینەکانیان بۆ دەسکەوتی خۆیان سۆر دەکەن ؟ ئایە ئەوانەی لە هەزار ئاویان داوە و قول و چڕوچاویان بە هەزار میزاو تەڕ بووە ، و ئێستەش هاتوونەتە ئەورووپا و باسی " بێ تەرەفی " دەکەن ، ئەوەش نەك لە باوەڕهێنانەوە ، بەڵکوو لەبەر هەلپەرستێتی ، ئایە ئەمانە قەحبەی سیاسی نین • ئایە ئەو جۆرە بێ تەرەفییە بێ شەرەفی نییە ؟ ئێوە بۆچی نایەنە سەر ئەو باسە و هەر بە لاشیدا ناڕۆن ، بەلام بە بوختان و درۆ و دەلەسە قاپی منتان گرتووە ؟ ئێوە بزانن ئەمە سی سال ( ٣٠ سال ) پترە چەندین دەور هاتو و چوو ، لە تەنگانەترین کاتی ژیانمدا سەرم بۆ هیچ زوردار و ملهوڕێك شۆڕ نەکرد ، بێ هەلپەرستی و ماستاوساردکردنەوە و کلکەلەقێ بۆ کەس ، تا ئەوڕۆ بە رەنجی شان و ئارەقی نێوچەوانی خۆم و بە سەربەرزی ژیاوم و دەژیم ، و تا پێم کرابێ و لە ووزەی خۆشم بەدەر ، لەسەر بەرەی بەشخوراوانم کردووەتەوە ، سا سەر بە هەر گەلێك بووبن • کەچی ئێوەش بە هەموو بێ شەرمییەکەوە نووسیوتانە گوایە من " زیانم بە کورد گەیاندووە " ؟ پێتان وایە ئێوە بەم قسە قوڕ و بوختان و درۆ و دەلەسانەی کە بە پیلانی داگیرکەرانی کوردستان و بە ئامانجی خزمەتکردنیان ساز کراون ، دەتوانن راستیی مەسەلەکە بگۆڕن ؟ • ئەوڕۆ هەزاران کەس لە کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا ، بەرهەمی بیری من دەخوێننەوە • سەرە دەگرن بۆ دەسکەوتنی نووسینەکانم ، کە لە ترسی داگیرکەران و جاشە کوردەکانیان بە دزییەوە دەیخوێننەوە • باوەڕ بکەن خەڵك هێندە سادە نین تا نەتوانن زێڕ و زەرد لە یەك جیا بکەنەوە • تۆزێك شەرم بکەن شەرم • ئەم لقەفرتێیەتان هیچ سوودێك ناگەیەنێ نە بە خۆتان ، نە بەوانەی هانیان داون • جەلال تالەبانی لە سالێك زێتر خەریکی وتوویژ بوو لەگەڵ رژێمی بەعس

، ئێوه ئەو کاته قوڕوقەپتان لێ کرد و یەك ووشەتان نەنووسی ، و چاوەڕ-
وانی ئەوە بوون وتووێژەکە سەربگرێ تا سوودێکتان پێ بگات ، ئێستە
کە جەلال رووی لە رژێمی بەعس وەرگێڕاوە و رووی کردووەتە رژێمی
ئیسلامی ، تازە بەخێرێ هەلوێستەکەی بە " هەلە " بۆ حسێب دەکەن ،
و ئەمەش لە هەلپەرستێتی بەولاوە چی دی نییە ٠ دووایی راستە ئەو
نێزیك بوونەوەیەی جەلال و سەددام گەلێك هۆکاری هەبوو ، دەستی
دەرەوەشی تێدا بوو ، و لە کاتی خۆیدا لێکۆلینەوەیەکی دووردرێژم
لەسەر نووسی و بەسەر هاوبیراندا بلاوم کردەوە ، و لە گەلێك سەمینارە-
کانمدا ئازایانە پەنجەم بۆ راکێشا ، بڕۆن تەماشای " دۆزی ناسیۆنالی
کورد " بکەن ٠ بەلام دەبێ ئەوە بزانین کە ژمارەیەکی زۆر لەوانەی پاش
سەرنەگرتنی وتووێژەکە رەخنە لە جەلال دەگرن و هەموو گۆتا وەکە دەهێنن
بە ملی جەلالدا ، درۆ دەکەن و ساختەچین ٠ چلکاوخۆران و کاسەلێسان
وایان دەزانی کە بە ڕاستی ١١ی مارت دووبارە دەبێتەوە و ٣ ــ ٤ سالێك
دەتوانن لرفی لێ بدەن ٠ لەبەر ئەوە لە کۆبوونەوەیەکی جێژنی نەورۆزی
سالی ١٩٨٤ دا لە سووورداش و کاتێك هێشتا وتووێژ لە کایەدا بوو :
نێزیکەی سەدهەزار کەسێك پوورەیان لە جەلال بەستبوو ٠ خۆ ئەمانە
هەموو بەکرێگیراوی بەعس و پیاوی ئەمن و سەددام نەبوون ٠ نەخێر ٠
زۆر کوردی هەلپەرست و کوڕیڕۆژیشی تێدا بوو کە چاوەڕوانی پاررووی
چەوریان دەکرد ٠ هی واش هەبوو بەتەمای ئەرزی تەخت ، کەسوکاری
خۆی لە سوێدەوە ناردەوە بۆ عێراق ، تا بزانن " لە دیوەخان چ باسە "
بەلام کە بۆیان دەرکەوت باسەکە بریتی بوو لە یەك کەوچکی بێ کاسە ،
و جەلالیش ناماقوولی بۆ مایەوە و چەند ملیۆنێکی لە بەعس پێ وەرنە-
گیرا تا دابەشی بکات بەسەر ئەم هەلپەرست و کوڕیڕۆژانەدا و دەمیان
بئاخنێ ، ئەوجا کەوتنە جنێو پێدانی و روو لێ وەرگێڕانی ٠ چونکە
هیچ هەلپەرستێك نایەت وەك مەردی مەردان بلێ : ئێمەش لەگەل جەلال

بووین و بەتەمای بەشێکی کاسە ماستەکە بووین ، کەچی دێن تفونەحلەتی جەلال دەکەن • جا کە ئەمە دەڵێم مەبەستم لەسەرکردنەوەی جەلال نییە • مەبەستم خستنەڕووی راستییە ، ئەو راستییەی کە هەموو هەلپەرستێك بە دوژمنی باوەکوشتەی خۆی دەزانێ • ئەگەنا وەنەبێ هەڵوێستی ئەوڕۆی جەلالم لە هەڵوێستی دوێنێی پێ باشتر بێ • چونکە مەسەلەی کورد دەبێ هەمووی بە حسێب و کتێب بێ • ئەگەر یەکێك دوژمنت نەبوو ، مانای وا نییە دۆستتە ، یان ئەگەر دوستت نەبوو ، مانای وا نییە دوژمنتە ، بەلام ئەوەی لە تۆ نەبوو ، ئەوا لە تۆ نییە ، و دیارە ئەو حەلەش هەموو پێوەندییەکت لەگەڵی ، دەبێ لەسەر بنچینەی دەستیاو ( مقابلة بالمثل ) بێ • دەستیاویش مانای کڕین و فرۆشتنە بێ کەموزیاد • هیچ دوکاندارێك نییە تۆ بچیت دەست بدەیتەبە پشتی دا و پێی بڵێیت : تۆ پیاوی باشیت و بەرچاو تێریت ، دەست ببا هەرچییەکی هەیە بەخۆڕایی بتداتێ • قەلاچۆکردنی کورد و وێرانکردنی کوردستان و بەربەرەکانێی رژێمێکی وەك بەعس کە حەوت ساڵە بە سوپای ئێران ناکەوێ ، ئەگەر سبەینێ بە پشتی کورد کەوت ، نابێ ئەنجامەکەی ئەوە بێ بڵێین : کەرێکمان دا بە کەرێ ، سندان لە بناگوێی دەربێ • لەبەر ئەوە پێویستە هەر لە ئێستەوە بزانرێ کوردەکە چی دەست دەکەوێ ، دەسکەوتیش دەبێ بەقەد گرنگیی دەوری بینراو و قوربانیی دراو بێ ، خۆ ئەگەر وانەبێ ، ئەوا ئەوی کارەکە دەکات تاوانبارە • ئەو عێراقییەی باوەڕی بەوە نییە کە کوردستان وولاتێکی جیاوازە و مافی جیابوونەوەی هەیە لە عێراق ، دەبێ هەر لە ئێستەوە ئەوەی پێ بسەلمێنرێ ، ئەو کەسەی بە خوێنی خۆی رژێمی ئەوڕۆی عێراق دەگۆڕێ ، هەر ئەو کەسەیە سبەینێ مافی فەرمانڕەوایی هەیە لە عێراقدا ، سا ئێدی ئەو کەسە عەرەبە ، یا کوردە ، سوننییە یا شیعەیە ، هەرچییەکە گرنگ نییە • کە مەسەلە هاتە سەر عێراقێتی ، ئەو حەلە ناکرێ بگوترێ ژمارەی کورد لە دەستەی

بەڕێوەبەرێتی عێراقدا ، دەبێ لە ژمارەی عەرەب کەمتر بێ • چونکە ئەو دەمە دەبێتە بانیك و دوو هەوا • یان ئەوەتە کورد وەك نەتەوەیەکی جیاواز تەماشا بکرێ و مافی بڕیاری چارەنووسی ببێ ، یان وەك عێراقی و لەسەر بنچینەی تێکوشانی بۆ رزگارکردنی عێراق مافی خۆی بدرێتێ • دیارە کێش هەوڵی زێتر دابوو ،و قوربانی پتر دابوو ، و زیانی زۆرتر لێ کەوتبوو ، دەبێ ئەو کەسە لە پێشتر بی •

## ٧ـ باسی بەیننامەی ( ١١ ) یمارت و خزمەتی داگیرکەرانی کوردستان

ناسری حەفید لە نامیلکەی " دۆزی ناسیۆنالی کورد "ەوە ئەم کۆپلەیەی خوارەوەی وەرگرتووە کە نووسیومە :

" دەتوانین بێژین کە ئیمزاکردنی پەیمانی " ئۆتۆنۆمی " کە بە رێکەوتنی ١١ی ئازار نێوی رۆیی وە ، لە لایەن کاربەدەستانی شۆرشەوە ، و بەو شێوەیەی کە کرا ، گەورەترین هەڵەیەك بوو کە شۆرشی کورد تا ئێستە کردوویەتی ، و گەورەترین سەرکەوتنێك بوو بۆ حیزبی بەعس و هەموو دوژمنانی نەتەوەی کورد " ( دۆزی ناسیۆنالی کورد ل ٦٢ ـ ٦٣ )

ناسری حەفید لەم بارەیەوە دەڵێ :

" هەموو کەسێك گرنگی و سوودبەخشی ئەو چوار ساڵەی ئاشتی دەزانێت • ١١ی ئازار بارێکی لەباری دروست کرد بۆ مەسەلەی کورد ، ئینجا هەتا چ رادەیەك سوودی لێ وەرگیرا ئەوە مەسەلەیەکی ترە • ١١ی ئازار ئەگەر شەربوونەوە و نوقتەی ئاش بەتاڵ رای نەماڵیبایە بناغەیەکی بەهێزی دادەنا بۆ مەسەلەی کورد • قورسایی ئاش بەتال کێشی ئەو چوار ساڵەیە " (ل ٤٤٧ ) •

هەر پاش ئەمەش دەڵێ :

" بیرکردنەوەی زانستیانە بە چاوی دوێنێ سەیری ئەمڕۆ و سبەینێ ناکات هەموو شتێك لە زەمەنی خۆیدا دەبینیت " ( هەر ئەوێ )

راستی‌یەکەی ئەوەی کە " بیرکردنەوەی زانستیانە بە چـــاوی دوێنێ سەیری ئەمڕۆ و سبەینێ ناکات و هەموو شتێك لە سەردەمی خۆیدا دەبینێت " دەمێکە گوتوومە و پێڕەویم کردووە ( تەماشای کتێبی " کورد-ستان و شۆڕشەکەی " تەرجەمەی کوردۆ عەلی ، بنکەی چاپەمەنی‌ی ئازاد/ سوێد ۱۹۸۵ ل ۳۸۷ بکە ) ٠ ئەوجا ئەم بنەمایەشم بەسەر ئەو سەرنجەمـــدا چەسپاندووە کە لە بارەی پەیمانی ئۆتۆنۆمی ۱۱ی مارتەوە دەربڕیوە ٠

لەبەر ئەوە ئەم سەرنجەم قسەی ئەو ڕۆژەم نەبووە کە سەمیناری دۆزی ناسیۆ-نالی کوردم لە ۱۹۸۵/۵/۱۱ دالە ستۆکهۆڵم پێشکێش کردووە ، بەڵکـــوو هەر دەستبەجێ پاش بڵاوبوونەوەی بەیاننامەی ۱۱ی مارت لە کۆبوونـــەوەی " یەکێتی‌ی نەتەوەیی‌ی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا ( نوکسە ) دا لە-گەڵ هاوبیر بروسکە ئیبراهیم باسمان کردووە و لە ژمارە ( ١٤)ی ڕۆژنامە-کەماندا ( کوردستان ئینفۆرماسیون ) کە زمانی حاڵی نوکسە بوو و بـــە ئەڵمانی چاپمان دەکرد ، لە ڕۆژی ۲۱ مارتی ۱۹۷۰ دا بڵاومان کردووەتەوە واتە ( ۱۰ ) - دە - ڕۆژ دوای بەیانی مارت ٠ ئەم هەواڵەشم هەر لـــــــە " دۆزی ناسیۆنالی کورددا " خستووەتە بەرچاو ( ل ٦٣ ی دۆزی ناسیۆنا-لی کورد ) ٠ بەلام ناسری حەفید و گۆڤاری دەستندەخۆری " پەیڤ " کـــە دەوری بوختان کردن و ساختەکارێتی دەبینن ، چاویان لەوە پۆشیوە ٠ کە-واتە ئەم رەئی‌یەی من بەرامبەر پەیمانی ئۆتۆنۆمی ۱۱ی مارت هی سەردە-می خۆیەتی نەك ئێستە ، بەلام من چونکە هەر بە چەند مانگ جارێ گێـــر ناگۆڕم ، لە سەر بیروڕاو سەرنجی خۆم ماوم ٠ لەمەش بترازێ من گوتوومە " ڕێکەوتنی ۱۱ی ئازار **بەو شێوەیەی کە کرا** ،گەورەترین هەڵەیەك بـــوو کە شۆڕشی کورد تا ئێستە کردوویەتی " ٠ لەوانەبوو ئەگەر بە شێوەیەکی

دیکه بکرایه ، ئەنجامی وا خراپی لێ نەوەشایەتەوە • دووایی ئەو ڕۆژەش و ئەمڕۆش لەو باوەڕەدابووم و لەو باوەڕەدام ، ئەگەر ئەو ڕێککەوتنە نەبووایە ، ڕژێمی بەعس بەرگەی نەدەگرت ، و ئەم مەسەلەیەشم بە خەستی و قووڵی لە سەمیناری " دۆزی ناسیۆنالی کورد " دا روون کردووەتەوە و لێرەدا بە پێویستی نازانم بچمەوە سەری • دووایی مەرج نییە ئۆتۆنۆمی هەنگاوێك بێ بەرەو پلەیەکی بەرزتر ، بۆ وێنە : بەرەو سەربەخۆیی ، وەك ناسری حەفید تێی گەیشتووە چونکە ئەوەتا دەڵێ : " مافی کورد دەبیت بسەنرێت و کوردیش دەبێت داوای ئەوە بکات کە بۆی دەسەنرێت • چونکە هەر ئەو سەنراوە ، هەر ئەو هەنگاوە ، دەبێتە سەرەتای شتێکی تر ، سەرەتای هەنگاوێکی تر " ( ل ٤٤٧ ) • ئەوجا ئەوەی کە ناسری حەفید دەڵێ " هەموو کەسێك گرنگی و سوودبەخشی ئەو چوار ساڵ ئاشتییە دەزانێت " پێمان ناڵێ ئەو گرنگی و سوودبەخشییەی ئەو چوار ساڵ شەڕ وەستاندنە چی بوو ؟ و کێ سوودی لێ وەرگرت • بەڵێ راستە ، زۆر هەلپەرست و هوردەبۆرژواو کوڕی ڕۆژ سوودیان لێ وەرگرت ، بەڵام ئەنجامەکەی ماڵ و- یرانی و دەربەدەری و لەنێوچوونی هەزاران خێزانی هەژاری کورد بوو ، پاشان سەیر ئەوەیە کە ناسری حەفید دەڵێ " ئەگەر نوقتەی ئاش بەتاڵ رای نەمالیبایە بناغەیەکی بەهێزی دادەنا بۆ مەسەلەی کورد " • بەڕاستی کورد جوانی گوتووە " ئەگەر پووریش گونی ببوایە ، دەبوو بە مام " و ئەو حەڵە پێیان دەگوت " ئاپۆ " • بەڵام چی بکەین ، نییەتی.بەڵام ئایە ئەگەر ئەو ڕێکەوتنە نەبووایە ، و هیچ نەبێ بەو شێوەیە نەبووایە ، ئەو ئاش بەتاڵە دەبوو ؟؟؟؟

ڕێکەوتنی ١١ی مارت ، بەو شێوەیەی کە کرا ، ئەنجامێکی خۆزاییی ئارەزووی بارزانی نەبوو ، بەڵکوو زرووفی نێوەوەی وولات ( بە- ربەرەکانی کردنی شۆرش لە لایەن جەلالییەکانەوە بە چەك ، هەلپەرستێ- تی و ژێنەهاتێتیی هاوکارەکانی بارزانی ) ، هەروەها زرووفی دەرەوەی

وولات ( زۆر هێنان و گوشاری یەکێتی سۆڤیێت بۆ سەر بارزانی بە نیازی وەستاندنی شەڕ تا هەلومەرجێك دروست بێ بۆ بازرگانی کردن لەگەڵ ڕژێمی بەعسی عێراق)و هێندیك هۆکاری دی ئەو پەیمانەیان بە سەر بارزانی دا سەپاند • جا کە ئەو پەیمانە بەو جۆرە سەپێندرا ، چەندایەتی و چۆنایەتی‌ی شۆرشی کوردیش ئەوە بوو کە هەبوو ، دیارە شتێکی سەیریش نەبوو کە سوود لەو چوار ساڵ ئاشتی‌یە وەرنەگیرا و ئەو ئاشبەتاڵەی لێ دەرچوو • حیزبی بەعس لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا خۆی دروست کرد ، ئەگەنا لە سەرەتای ساڵی حەفتادا وەك سڵقی رووت وابوو • ئەو کارەسا- تانەی پاش ساڵی حەفتا و تا حەفتاوچوار ( کاتی هەڵگیرسانەوەی شۆرش ) روویان دا ، بەڵگەن بۆ ئەم قسانەی من • لە دووای ئەمانەش ئەو ئاشبەتاڵە زیانی بۆ هەموو کوردێك نەبوو ، وەك ئێوە دەفەرموون • فەرموو چ زیانێکی هەبوو بۆ جەنابتان ، لە سوود پتر ؟ زیانەکەی بۆ لادیی و جۆتکار و هەژار و شاری‌ی خاوەن هەڵوێست بوو • بە پێچەوانەی قسەی جەنابتانەوە ئاشبەتاڵەکە خێریکی خودێ بوو بۆ ئەو هەلپەرستانەی کە ١٢ ساڵ پاش ئاشبەتاڵەکە کەوتوونەتە قسەی زل لە ئەورووپا و رەخنە لە بەهەشتی بارزانی دەگرن کە پێوەندی بووە لەگەڵ ئەمریکا و شای ئێران ( ل ٤٥١ ) • ئەم قسانەی کە ئێوە ١٢ ساڵ پاش ئاشبەتاڵەکە دەیکەن ، ئێمە چارەکە چەرخێك لەمەوبەر گوتوومانە " بزوتنەوەی کوردایەتی دەبێ هەرپشت بە کوردەکە خۆی ببەستێ‌هەرچەندە ئێمە لەم رووەوە دەست پێشکەر بووین ، کەچی ئەوەتا ئێوە قسەی چارەکە چەرخێك لەمەوبەری ئێمە کاوێژ دەکەنەوە و سەرەڕای ئەوەش پیاوخراپمان دەکەن • سەیر ئەوەیە جەنابتان هەموو چەند دێڕێك لەمەوبەر گوتتان " بیری زانستانە هەموو شتێك لە زەمەنی خۆیدا دەبینێت " • ئێوەش دەبوو لە " زەمەنی " خۆیدا ئەم قسەیەتان بکردایە یان بە چاوی ١٩٧٤ تەماشای مەسەلەکەتان بکردایە • بەلام ئێمە لە کاتی گرمەی شۆرشدا ئەم رەخنانە مان لە سەرکردەیەتی شۆرش گرتووە

، ئەوجا نەك بۆ خراپەكاری ، بەڵكوو لە دڵسۆزیەوە • بڕۆن كتێبـــــی كوردستان و شورشەكەی بخوێننەوە كە سەمینارێكی ٤٠٠ لاپەڕەییـــە و ١٧ سال لەمەوبەر بە زمانی ئەڵمانی لە بەردەم سەدان ئەڵمانی و عەرەب و تورك و فارس و كورددا ••• هتد پێشكێشم كردووە ، بزانن چەند رەخنە-ی دڵسۆزانەم لە شۆرش گرتووە ، و هەروەها بە چ جۆرێك لەسەر شۆرشـی كوردم كردووەتەوە • ئەمەش هەمووی لە ویژدانی مرۆڤ دۆستانەی خۆمـەوە هاتووەتە دەرێ • ئەگەنا هێندێك لە سەركردەكانی ئەو دەمەی شۆرش وەك ئەمرۆی شێخ ناسری حەفید و داروەستەی گۆڤاری دەستندەخۆری " پەیڤ " پێیان بە سێبەری سەرمدا دەنا ، و تەنانەت كە لە ساڵی ١٩٦٩ دا ویستم بگەرێمەوە كوردستان ، رێی گەڕانەوەمیان نەدا • جا لەبەر ئەوە كـــــە رێكەوتننامەی ١١ی مارت هاتە پێشەوە ، ئەوسا خۆم نەگەڕامەوە وولات ، هەرچەند و بەقەد یەك دنیا حەزم بە بینینەوەی وولات و هیچ نەبێ كەسوكار و دوست و ناسیاوم دەكرد ، بەلام ئەو بڕیارەم دا ، نەبا بگوترێ " هاتوو-ەتەوە دەسكەوتی شۆرش بەش دەكات لەگەڵمان " • پاش ئەوەش و سەرەرای هەموو بەدگومانییەكم لە رێككەوتنیی ١١ی مارت هێشتا لە كانی دڵمەوە حەزم كردووە سەربگرێ و شەر نەقەومێتەوە ، ئەوەش لە سەمیناری " كور-دستان و شۆرشەكەی " دا بە ئاشكرا دیارە • هەر چەندێكیش خراپـــەم لەگەڵ كرابێ ، نەچووم هەڵویستی خۆم بگۆڕم • چونكە من لەسەر كـورد و مافی كورد ناكەمەوە لەبەر ئەوەی خۆم كوردم • كوربوونی من شتێكــــی رێكەوتە و لەبەر ئەوە نییە كە " خۆم " بە " كوردیكی تۆخ دەزانـــم " وەك جەنابتان فەرمووتانە • راستییەكەی ئەگەر هۆی سەرەكیی لەســەر-كردنەوەی كورد ئەوە بوایە كە خۆم پێوەنداری كوردم ، باوەڕ بكـــەن نەمدەكرد ، چونكە هێندە خراپەكاری و دوژمنایەتی و نامەردێتیم لـــە كوردی هەلپەرست و خۆڕی و چڵكاوخۆر دیووە ، هەر كەسێكی دی بـووایە لە جیاتی من پشتی سارد دەبووەوە • بەلام ئەز لە گۆشەی مرۆڤایەتـی و

بیری ئازادی و یەکسانیی مرۆڤەوە تەماشای مەسەلەی کورد دەکەم . کورد وەك کۆمەڵگەیەك بەشخوراون و خۆم بەرپرسیار دەزانم لە ئاستیان .

ئەمجا با بێینە سەر شتێکی دی ، تۆ لە لایەکە پشتگیری بەیاننامەی ١١ی مارتی ١٩٧٠ دەکەیت و بە شتێکی باشی دەزانیت لە کاتێکدا ئەو بەیاننامەیە لە ئەنجامی وتووێژی نێوان بارزانی و رژێمی بەعسەوە هاتە دی . کەچی ئەوڕۆ پاش ساڵێك زێتر دوای سەرنەگرتنی وتووێژی نیوان جەلال تاڵەبانی و رژێمی بەعس ، هەڵویستی جەلال بە " هەڵە " دەدەیتە قەڵەم و دەڵێیت چونکە هەوڵی داوە لەگەڵ بەعس رێك بکەویّ . لیرەشدا بە ئاشکرا هەلپەرستێتیی خۆت دەخەیتە روو :

" ریکەوتن لەگەل سەددام یانی چوونە ناو کەشتییەکی شکاوەوە . ئەوەی لەگەڵ رژیمدا رێکبکەوێت یانی ژێرکەوتن و کارەسات لەگەل سەددام دا بەش دەکات ، دەنا ئەم رژێمە جگە لە کارەسات هیچی تری پیّ نیە بەشی دۆستی خۆی لیّ بدات " ( ل ٤٤٨ )

بەلام ئافەرمت لیّبیّ ، بە ئاشکرا دەرت ختووە کە سەددام ئەوڕۆ لە کارەسات پتر " هیچی تری پیّ نیە بەشی دۆستی خۆی لیّ بدات " . وادیا- رە هەستت بەوە کردووە کە سەددام بەرەو رووخان دەچیّ لەبەر ئەوە ناتەویّ " ژێرکەوتن و کارەسات لەگەڵ سەددام دا بەش بکەیت " ، چونکە جەنابتا- ن هەر فێری بەش کردنی خێر و بیرّن لەگەڵ خەڵك و دەتانەویّ بۆ پاشەرۆژ شتێکی تێدابهیلنەوە . لەبەر ئەوە بەرەی ئێران کە بە ئۆتۆنۆمی کورد رازی نابیّ بە چیّتر دا دەنییت بۆ کورد وەك لە بەعس ، ئەگەرچی ناشویرّیت بە ئاشکرا نیّوی " ئیّران " ببەیت نەبا حسیّبەکە راست دەرنە- چیّ . لیرّەدا دەڵیّیت : " هەر وەکو چۆن رێکنەکەوتن لەگەڵ ئەم رژێمەدا بە قازانج دەگەڕێتەوە رەنگە لەگەڵ رژێمێکی تردا ، کە زۆر کەمتر لە ئۆتۆنۆمی بێتە پێشەوە ، بە قازانجی کورد بگەڕێتەوە ، رەنگە تەنها خۆنەخستنە دژایەتی رژێمێك لە رژێمەکانەوە تاکە شت بێت کە لە بەرژە-

وەندی جوولانەوەکە بیت • دەشێت ئەم ڕاوەستانە جوولانەوە بێت • دژایە-
تی و چەك هەڵگرتن دژی ئەو ڕژێمە زیان بەخش بێت " ( ل ٤٤٩ ) •

بەڵی ئەمەی ئێستە جەنابتان وا لە تەمومژدا دەینووسن ، من لــە کاتی وتوویژی جەلالدا ، واتە ٣ ساڵ لەمەوبەر بە ئاشکرا و بێ پێچوپەنا نووسیومە و بڵاوم کردووەتەوە و نووسینەکانیش ماون •

لە لیدوانیکدا کە لە ٦ /١/١٩٨٤ دا لە ژیر سەرنیوی " جرتوفرتی ئەم دوواییەی جەلال تالەبانی بۆ ریککەوتن لەگەڵ بەعسیەکانی بەغداد دا " بڵاوم کردووەتەوە ، تا ئەو ئەندازەیەی پیوەندی بە کۆماری ئیسلامی ئێران و مەسەلەی کوردەوە هەبی ، ئەم کۆپلانەی خوارەوە لەو لیکۆڵینەوەیە دەخەمە بەرچاو :

" شایانی باسە کە سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئیراندا ڕووداویکی بیهاوتا یا کەم هاوتایە لە میژوودا • خۆ ئەگەر بیژیت سەرکردە موسوڵ-مانەکانی بزووتنەوەی ١٩٧٩/١٩٧٨ ی ئیران ، یا بزووتنەوەکە خــۆی ، لە بنەڕەتدا ، بۆ زاڵبوونی لە مەیدانی شۆڕش و ڕووخاندنی ڕژێمــــی شایەتیدا ، سوودی لە هەڵویستی شلوشیواو یا فرتوفیڵی دۆست و هاوپە-یمانە رۆژاواییەکانی شا وەرگرتبی ، بیگومان ئەم " سوودوەرگرتنــە " دەوریکی وای نەبووە لە هەڵتەکاندنی داودەزگای شادا ، خۆ ئەگــــەر بووبیتیشی ئەوا ئەو دەورە دەوریکی لاتەنیشت و لاوەکی بووە • ئیدۆلۆ-ژیی ئیسلامی شیعەیەتی ڕەگوڕیشەی بەقووڵداچووی دیریکی ( عریق ) خۆی هەیە لە ئێراندا و بزووتنەوەی شیعەیەتی دەستکردی بیگانە نیيە ، وەك ئەوەی ئەمڕۆ هێندێك لە شاپەرستەکان و لایەنگیرەکانی بەرەی روژاوا و هێندیك ساویلکە و نەزان و تەنگەتیلکە دەیانەوێ بیسوون بەسەریدا • ئەمە کە دان بەم ڕاستییەدا دەنیم بۆ بەرگری کردن لە شیعەیەتی و لەسەرکردنە-وەی ڕژێمی ئیسلامی نیيە ، بەڵکوو تەنێ لەبەر ئەوەیە کە پیم وایە ئێمە وەك کورد پتر لە هەموو گەلێکی دی،و ئێمە وەك هەڵگرانی بیری قوتابخا-

نەی کوردیی سۆسیالیزم پتر لە هەموو لایەکی دی پێویستیمان بە شی کرد-
نەوە و توێژینەوەی بابەتانە و ڕەسەنانەی رووداوەکانە و دەبێ لەگەڵ خۆما-
ندا ڕاست بین ، ئەگەنا ناگەینە ڕاستی • جا لەبەر ئەوە دەبێ بەر لە
هەموو شتێك بزانین کە ئیدولوژیی ئیسلامیی شیعەیەتی ، ئیدۆلۆژیەکی
ئینتەرناسیونالستانەیە،زۆر بە تایبەتی ، ئەمجارە ، چونکە بەڕێوەبەرانی
داودەزگە ئیسلامیەکەش عەرەبەکە خۆی نییە کە داهێنەری ئیسلامە ،
بەڵکوو گەلێکی ناعەرەبە و فارسە ، دیارە ئەم شۆڕشە ئیسلامییەی ئێران
دەورێکیمەزنی هەیە و دەبێ لە بێ هێزکردن و بگرە تەفروتووناکردنی
شۆڤێنزمی عەرەب و تورك و فارسدا ، کە ئەمانە هەرسێکیان سێ مەترسی
گەورەن بۆ سەر نەتەوەی کورد •

ئیدۆلۆژی ئیسلامیی شیعەیەتی ، هەر پاش سەرکەوتنی لە
ئێراندا ، نەك هەر دەسەڵاتی بەرەی رۆژاوای بە سەرۆکایەتی ئەمریکای
هاوپەیمانی داگیرکەرە هەرە گەورەکەی کوردستان ( واتە تورکیا ) ی لە
ئێراندا بەجاری نەهێشت ، و کارێکی وای کرد کە ـ بە پێی هەواڵێك
کە گۆڤاری ( دیرشپیگل )ی ئەڵمانی لە ڕۆژی ۱۹۸٤/۱/۲ دا (ل ۱۰۰ ) بلا-
وی کردبووەوە ـ ئەمریکا ناچار بوو وێستگەی گوێڕاگرتن و چاوەچاوکردن
و جاسووسێتیی دژ بە سۆڤیێت لە ئێرانەوە بگوێزێتەوە بۆ سنووری چین و
سۆڤیێت ، بەڵکوو بە پێچەوانەی شۆڕشی پان عەرەبیزمی عەفلەقییەوە ،
نەیهێشت و ناهێڵی ئەو بۆشاییەی کە لە ئەنجامی دەرکردنی دەسەڵاتی
ئیمپریالیستی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پەیدا بووە ، بە
دەسەڵاتی سۆڤیێت پڕببێتەوە ( بۆ ئەمەش سەرنجی هاوبیران بۆ چارەنووسی
جاسووسە توودەییەکانی سۆڤیێت لە ئێراندا ڕادەکێشم ) • ئێرانی
ئیسلامیی شیعەیەتی بەم هەنگاوەی کە نای ، ئەو پێودانگە کۆنەی هەڵوە-
شاندەوە کە بڕانەوەی هەموو مەسەلە و کێشەیەکی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست
دا بەستبوو بە ڕێکەوتنی سۆڤیێت و ئەمریکاوە • جا ئەگەر ئەوەش بهێنینە

بەرچاوی خۆمان کە ئیدۆلۆژیی ئیسلامی لە سەرێکەوە نە چاولێکەری بیری سەرمایەدارانەی ڕۆژاواییە و نە قۆپیی بیری سۆسیال تۆتالیتێری بەرەی ڕۆژهەلاتە ، و لە سەرێکی دیەوە و بە پێچەوانەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی عەفلەقی یەوە ــ کە لە هێندێك ڕووەوە و بە تایبەتی لە مەیدانی مودێرن‌کردنی دەزگای دەولەتدا ــ لاسایی بیرۆکراتیی ڕۆژاوا دەکاتەوە ، ئیدۆلۆژیی ئیسلامی دژی هەموو جۆرە پرنسیپێکی کولتووری ڕۆژاوایە • کە ئەمەشمان زانی دەتوانین لەوەش بگەین کە " مساومەکردن" لە فەرهەنگی ئیدۆلۆژیی ئیسلامیی بنچینەگر ( السلفیة ) دا نییە و بە پێچەوانەی ناسیۆنالیزمی شۆڤێنیانەی هوردە بۆرژوای عەرەبەوە ، ئەم هەلوێستەی ئیدۆلۆژیی ئیسلامی ، هەلومەرجێکی لەباری وای دروست کرد- ووە کە بزووتنەوەی کوردایەتی ــ تا ئەو ئەندازەیەی کە کوردایەتی سەربەخۆیە و پێبەندی هیچ هێزیکی دەرەوە نییە ــ بە تایبەتی بزووتنەوەی نەتەوەییی هەلگری بیری ئازادی و یەکسانی ــ بتوانێ تروسکەیەکی ڕزگا- ری بەدی بکات •

ڕەنگە ئێستە هاوبیری وا هەبن کە لەم قسەیە دابچلەکێن و ئەوە بدەنەوە بە چاومدا و بێژن کە پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا کورد دەکوژن • لێرەدا بەوانە دەلێم کە من نەمگو- تووە " شۆڕشی ئیسلامی شۆڕشێکی کوردایەتییە " ، بەلام ئایە ئەو عەبدولکەریم قاسمەی کە لە ئەیلوولی سالی ( ١٩٦١ )ەوە تا شوباتی سالی ( ١٩٦٣ ) ــواتە لە هەلگیرسانی شۆڕشی کوردەوە تا ئەو ڕۆژەی بە دەستی بەعسییەکان کوژرا ــ بە تۆپ و فڕوکە کوردستانی کاول کرد ، ئەی ئەو قاسمە هەر ئەو قاسمە نەبوو کە بە ڕووخاندنی ڕژێمی شافەیسەل و ڕماندنی پەیمانی سەنتۆ و تێکدانی یەکێتیی داگیرکەرانی کوردستان خزمەتێکی یەکجار گەورەی کوردی کرد• بەلێ قاسم دۆستی کورد نەبوو ــ وەك نووسەری ئەم ووتارە لە یەکەمین ڕۆژی کودەتاکەیەوە ناسیبووی ، بە

پێچەوانەی ئەوانەوە کە هەر لە یەکەمین ڕۆژەوە پێیان دەگوت " کاکە کەریم "ـ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کردەوەکانی قاسم خزمەتێکی زۆر گەورە بوون بۆ کوردایەتی . ئێمە وەك لەمەوبەر گوتم نابێ ساکارانە بڕوانینە هیچ شتێك . هەر بەو جۆرەش دەبێ بزانین کە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران خزمەتێکی یەکجار مەزنی پێشکێش بە مەسەلەی کوردایەتی کردووە کە دیارە ئەنجامەکەی هەروا زوو دەرناکەوێ و تا ئێستەش لەبەر پچڕپچڕی و لاوازیی بزووتنەوەی کوردایەتی سوودێکی ئەوتۆ وەرنەگیراوە لێی مەرج نییە خزمەت گەیاندن هەر ڕاستەوخۆ و دەست بەدەست بێ .

شایانی باس ئەوەیە کە ئامانجی ئیدۆلۆژیی شیعەیەتیی لەنێو-بردنی هیچ گەلێك و هیچ زمانێك و هیچ وڵاتێك نییە . لەبەر ئەوەوە و هەرچەندە ئیدۆلۆژیی ئیسلامی بەربەرەکانێی بیری کوردایەتی و سەربەخۆبوونی کوردستان دەکات ، بەڵام کورد وەك گەلێك و بەپێی نەخشەیەکی کێشراو و لەوەپێش دانراو لەنێو نابات ، بە پێچەوانەی ئیدۆلۆژیی فارسیزمی شاهەنشاهی و تورکیزمی کەمالی و تورکەشی و عەرەبیزمی عەفلەقییەوە ، کە ئامانجیان لەنێوبردنی کورد و کوردستانە ، چ بە زۆر و چ بە سیاسەت . ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی دیکەوە ،بوونی دەوڵەتێکی ئیسلامی لە عیراق و لە ئێراندا ، جۆرە نیزیکی و هاودەنگییەك لە نێوان کوردی ڕۆژهەلات و خواروو و ڕۆژاوای کوردستانیشدا دروست دەکات و سنوورە دەستکردەکانی کوردستان تا ئەندازەیەك ناهێڵێ و تێکەڵی لە نێوان کوردی ئەو سێ بەشەدا پەیدا دەکات و ئەو حەلەش ئیدۆلۆژیی ئیس-لامی لە لایەك و نەتەوەی کورد لە لایەکی دیکەوە ، هەلێکی باشتر و لەبارتر هەڵ دەکەوێ بۆیان کە یەخەگیری ئیدۆلۆژیی تورکیزمی کەمالی بین . بە نەمان یا بێهێزبوونی خەتەری تورکیزم و تۆرانیزم مولگە هەرە گەورەکەی لەشکری دوژمنانی کورد و کوردایەتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەشکێ **و ئەوسا بزووتنەوەی کوردایەتی لەباتی ئەوەی بەرامبەر چەند**

**ئیدۆلۆژییەکی فەرمانڕەوای جۆرجۆری کوردلەنێوبەر ، بوەستێ ، بەرامبەر تاکە یەك ئیدۆلۆژیی دژ بە کوردایەتی ، نەك دژ بە کورد ، دەوەستێ ٠**

لێرەدا پێویستە **دوژمنانی کورد** لە **دوژمنانی بیری کوردایەتی** جیابکەینەوە ٠ ئەمەش زۆر گرنگە ٠ هەرچی دوژمنانی کوردن ئەوا دەیانەوێ **کورد وەك گەلێك نەمێنێ** و خاکەکەی لە دەست بچێ و لە نێو بێگانەی عەرەب و تورك و فارسدا بتوێتەوە ٠ هەرچی دوژمنی بیری کوردایەتیشە ، ئەوا تەنێ بەربەرەکانێی بیرێکی سیاسی دەکات ، نەك هەوڵدان بۆ لەنێوبردنی گەلێك و نەهێشتنی هەتەروپەتەری ٠ بەربەرەکانێ کردنی بیرێکی سیاسیش بەستراوە بە هەلومەرجی تایبەتی خۆیەوە و کە ئەو هەلومەرجە نەما ، ئەوا ئەو بەربەرەکانێیەش نامێنێ ٠ لەبەر ئەوە کە گەلەکە خۆی ما ، ئەوا بێگومان دەتوانێ بیرەکەش زیندوو ڕابگری ٠ بەلاّم کە گەلەکە خۆی نەما ، ئەوسا بیرەکە ئەگەر لە هەموو کتێبخانەیەکیشدا بە ئاشکرا بخوێنرێتەوە ، سوودی هەر نابێ ٠

سەددام لەو ووتارەیدا کە بە نێوی " خندق واحد ام خندقان "ە دەبێژی : دەبێ کارێکی وا بکەین کە کورد نە لە باری ( مادی ) یەوە و نە لە باری ( معنوی ) یەوە ، نە ئێستە و نە لە پاشەڕۆژدا ، دەسەلاّتی ئەوەی نەبی لە عێراق جیا ببێتەوە ٠ دیارە ئەمە مانای وایە کە دەبێ کورد وا لێ بکرێ ئەرزەکەی نەمێنێ و لە نێو عەرەبدا ئاوەکی بکرێ بە جۆری کە بیر لەوە نەکاتەوە گەلێکی سەربەخۆیە ٠ واتە نەخشەیەك دەبێ بخرێتە کار کە هەزاران ساڵی دیش کوردستانێك درووست نەبێ ٠ بەلاّم خومەینی دەڵێ : دەبێ هەوڵ بدەین لە کوردستاندا کافر نەمێنێ و کورد بەرەو ئیسلامەتی ببەین ٠ جا ئەگەر بێتوو ئەم دوو ئامانجە بە تەرازووی سیاسەت بپێوین ، **یەکەمیان : دوژمنایەتییە لەگەڵ کورد و دووەمیان : دوژمنایەتییە لەگەڵ بیری کوردایەتی ٠ جا لەبەر ئەوە و سەبارەت بەوەی مەسەلەی ئەمڕۆی کورد مەسەلەی مان و نەمانە ، دیارە ئێمە دەبێ مەترسیی دوژمنانی**

**کوردایەتی و بیری سیاسی کورد لە مەترسی دوژمنانی کورد و کوردبـوون بە کەمتر بزانین •"**

بەڵێ، ئەمەی کە من چەند ساڵ لەمەوبەر وا ڕەپوڕاست نووسیومە تازە ناسری حەفید بە ترسولەرزێکەوە لاسایی دەکاتەوە و بۆ پاشەڕۆژی تێدا دەهێڵێتەوە • جا ئەگەر ئێران بردیەوە ، کە بە زۆری بەرەو ئـــەوە دەچێ کە ئێران بیباتەوە و ڕژێمی بەعس لەسەر کار لابچێ ، ئەوجا ناسری حەفید لەو لرفە سوود وەربگرێ • لەمەشدا هەر هەلپەرستانە بیر دەکاتەوە، چونکە ئەوەتا ناوێری بە ئاشکرا نێوی " ئێران " بهێنێ • بۆ ئەوەی ئـەـ گەر یەکێکی سەر بە عێراق لێی پرسی ، ئەوە گوتووتە چی ئەوسا بلـــێ :
" مەبەستم ئێران نەبووە ، قسەکەم گشتی‌یە • ئەوەنی‌یە لە دژی ئیسلام شتم نووسیوە " • باشە ئەگەر وا نی‌یە بۆچی نێوی " ڕژێمەکەی‌تر " بە ئاشکرا نابات ؟ ئەو ڕژێمەی کە " زور کەمتر لە ئۆتۆنۆمی بێتە پێشەوە " ــ وەك شێخ ناسر دەڵێ دیارە هەر ئێرانە ، خۆ تورکیا و سووریا باسی ئۆتۆنۆمی ناکەن •

**٨ـ تاقمیکی دی قسەی زلی بەر سێبەر**

ئەمجا ناسری حەفید و گۆڤاری دەستندەخۆری " پەیڤ " خۆیـان دەکەنە ئامۆژگاری‌کەری کورد ، و تاقمێك قسەی گوومرگ لەسەرنەبـــووی دۆنکیشۆتانە دەردەفرتێنن کەخۆشیان نازانن مەبەستیان چی‌یە • بۆ وێنـــە دەنووسن :
" جولانەوەی سیاسی زانستانەی گەلی کورد دەبێت لە شێوەی کۆن دەرچێت ، خۆی نەخاتە بەر شەپۆلی جەماوەری‌داگیرکەرانی ، وەکـــــو هیندییە سورەکانی ئەمریکا ، وەکو مووش خۆی دا نەکات و خۆی دابـــڕ نەکات ، بەڵکوو دەبێت ناوەوەیی بجووڵێتەوە و هەوڵ بدات دەستی لە دڵ و

سییەکانی دەسەڵاتدارەکان گیر ببێت " ( ل ٤٤٩ ) ٠

جارێ ئەوی کەمێك شارەزای مێژوو بێ ، دەزانێ کە هیندۆکە سۆرەکانی ئەمریکا خۆیان نەخستبووە " بەر شەپۆلی جەماوەریی داگیرکەرانی " ووڵاتەکیان ٠ داگیرکەرە سپی پێستە ئەورووپاییەکان کە پێیان نایە ئەمریکاوە ، دەستیان کرد بە داگیرکردنی زەویەکە لە دانیشتووانی ، جا لەبەر ئەوەی سپی پێستە ئەورووپاییەکان چەکی قورس و تەکنیکی پێشکەوتوویان هەبوو ، هیندۆکە سۆرەکانیش هەر تیروکەوانیان هەبوو ، ئەوەیان بەسەرهات کە بەسەریان هات ٠ بە کورتی گوناهیان نەبوو ، شەڕ هات و یەخەی گرتن ٠ ئەوجا کوردەکەش هێندە کەر نین بچن خۆیان بخەنە " بەر شەپۆلی جەماوەریی داگیرکەران " ، وەك ناسری حەفید و گۆڤاری " پەیڤ " پێیان وایە ٠ داگیرکەرانی کوردستان دەیانەوێ خاکەکە لە دەست کورد دەربهێنن ٠ چما هەموو ئەو گوندانەی کە بە بۆمبای ناپاڵم و بۆمبای گازی ژەهراوی و تۆپ لەگەڵ زەوی تەخت کران ، دانیشتووەکانیان هەموو پیشمەرگە بوون ؟ نەخێر ٠ چما کە حکوومەتی تورکیا بڕیاری داوە ٩ ملیۆن کورد لە ژووررووی کوردستانەوە بگوێزێتەوە بو ڕۆژاوای تورکیا ، ئەم ٩ ملیۆنە هەموو ئەندامی پ ٠ کێ ٠ کێ ن یان پێشمەرگەن ؟ نەخێر. ئەوەی جەنابتان دەلێن بوختانێکە و بە کوردی دەکەن ٠ ئەمە وەك ئەوە وایە کورد چووبێ شەڕی بە داگیرکەرانی کوردستان فرۆشتبێ و دەرەقەت نەهاتبێ ٠ جا ئەگەر هێندێك حیزب و کۆمەڵی سیاسی کوردی هەبن ، بێ حسێب و بێ لێکدانەوەی هەلومەرجی ووڵاتەکە و نەتەوەکە ، دەست بکەن بە بزووتنەوەی چەکدارانە ، ئەوە گوناهی نەتەوەیەکی ٢٠ ـ ٢٥ ملیۆنی کوردی تێدا نییە ٠ هەموو حیزب و ڕێکخراو و کۆمەڵەکانی کوردستان ٥٪ ی کورد ناگرنە خۆیان ٠ بەڵام کوردەکە چی بکات ، خۆ ناچێ لەسەر داگیرکەرەکە بکاتەوە و بچێ بەگژ چەکدارە کوردەکاندا ٠ لەسەر حیزبە کوردییەکان پێویستە کە توانای خۆیان لێك بدەنەوە و خۆیان ئامادە بکەن

و ئەوجا بە پشتی خۆیان و گەلەکەیان بکەونە کار • ئەمەش شتێکی تـــازە نی‌یە کە ناسری حەفید یان گۆڤاری " پەیڤ " دایان هێنابێ • لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولدا کاژیك چەند بـــــەیاننامەیەك و لێکۆڵینەوەیەکـــی دەرکرد لەسەر ئەوەی کە بزووتنەوەی چەکدارانە دەبێ بە حسێب بێ و زۆر بیری لێ بکرێتەوە و جارێ ( واتە ئەو کاتە ) کاتی نی‌یە ، و پێویستـــــــە هەڵبگیرێ بۆ هەلومەرجێکی لەبار • ئەم بەیاننامانە لە ساڵی ١٩٦٨ دا و بۆ جاری دووەم لە ڕۆژنامەی " بانگی کاژیکدا " بڵاو کراونەتەوە •

دووایی کورد دەبێ " ناوەوەیی بجووڵێتەوە و هەوڵ بدات دەستی لە دڵ و سییەکانی دەسەڵاتدارەکانی گیر بێت " مانای چـی ؟ " ناوەوەیی جووڵانەوە " چی‌یە ؟ تکایە ئەم قسە تڕڕم - پڕڕم - پفانە واز لێ بێنـــن هێندە هەلپەرست مەبن ، تۆزێك بە ئاشکرا بکەونە قسە • ئەگەر مەبەست لە " ناوەوەیی جووڵانەوە " هاوکاری کردنە لەگەڵ ڕژێمە داگیرکەرەکـــان بە نیازی کار تێ‌کردنیان ، ئەوا ئەمە چەند جار تاقیکراوەتەوە ، بـــەڵام هیچی لێ دەرنەچووە • چونکە ئەگەر یەکێك بەتەما بێت مێزێك لە جێی خۆی بجووڵێنێ ، نابێ بچێتە سەر مێزەکە دانیشێ و هەوڵی جووڵاندنـــی بدات ، بەڵکوو دەبێ جارێ خۆی لە مێزەکە جیا بکاتەوە ، ئەوسا هەوڵـــی جووڵاندنی بدات ، لەبەر ئەوە بوونە بەعسی هیچ ئەنجامێکی لێ دەرناچێ • تەنانەت ڕژێمی بەعس خۆی باوەڕی بەو کوردانە نی‌یە کە بوونەتە بەعسی و لە دەزگەکەیدا کاردەکەن و کردوونی بە پارێزگەر ( محافظ ) و ئەندامـــی ( مەجلیسی تەشریعی و تەنفیذی ) و بە چاوێکی زۆر سووك تەماشایـــان دەکات و متمانەیان پێ ناکات و خۆشت ئەمە لە هەموو کەسێکی دی چێتر دەزانیت • خۆ ئەگەر مەبەست لە " ناوەوەیی جووڵانەوە "بە نهێنی کار- کردن و خۆ خستنە ڕیزی دوژمن و خۆڕاگرتنە تا ڕۆژی خۆی ، ئەوا کاژیـــك زێتر لە چارەکە چەرخێك لەمەوبەر و لە کوردستانی ئەو ڕۆژەدا باســـی ئەمەی کردووە ، نەك لە ١٩٨٦ دا لە سوێد • فەرموون بچن بەیانەکانـــی

کاژیك لە سەرەتای دەست پێ‌کردنی شۆڕشدا بخوێننەوە کە هەموویان سەر-لەنوێ لە ژمارە یەك تا ژمارە پێنجی " بانگی کاژیك " دا بڵاوکراونەتەوە و هەروەها ئەو دوو نامیلکەیەی خوارەوە تەماشا بکەن :

١- چۆن هاوبیرێك بۆ کاژیك وەدەست دەهێنیت ، کوردستان ١٩٦١

٢- ئامانجەکانی کاژیك و شێوازی هێنانە دی ئەو ئامانجانە ، کوردستان-١٩٦١

دیارە ئەمەش کارێکی هەروا ئاسان نی‌یە بە هەڵمی دەم بێتە بەرهەم • هە-رچی چۆنێك بێ جەنابتان بیرێکی تازەتان دانەهیناوە تا خۆتانی پێـــوە بابدەن • ئەوجا ئەم قسە زلە دۆنکیشۆتانەیە " دەست لە دڵ و سیبەکانـــی داگیرکەران گیر بێت " • وا دیارە پێتان وایە دەسەڵاتدارانی کوردستـــان دەردی ماموّستا بەشیر موشیر دەیگوت هێندە " ناقص العقل " ن ، هەروا بە ئاسانی دەوەستن ، تا " زائد العقل " یکی وەك جەنابتان دەستی لـــە سییەکانیان گیر دەکات •

هەر پاش چەند دێرێك ناسری حەفید نموونەیەك لەم " دەست-گیربوونە لە سییەکانی داگیرکەران " پێشان دەدات کە ئێمەش بە هەمـــوو هەڵە زمانەوانی‌یەکانی‌یەوە دەیگوێزینەوە ئێرە :

" ••• سیاسەتی‌پاککردنەوەی سوپای عێراقی لە کورد ، نەك بەرەنگاری نەکرا ، بەڵکوو بەگشتی خەڵکەکە پێی شاگەشکە بوو ، کە لە دەست سەر-بازی رزگاری دەبێت • هەر بۆیە وەکو میری بیانووی ( تخلف لە عسکری ) کردە هۆی تەسریح بوون لە سەربازی ، خەڵکەکەش بە پەلە ئەو بیانووەی بۆ خۆی دروست دەکرد و پێی تەسریح دەبوو • دیارە ڕژێم گرنگی سەربازی کردنی دەزانی و کیشی چەکداری کورددا • بەلام میللەتێکی دواکەوتووی وەکو ئێمە دەبێت چی پاڵی پێوە بنێت بۆ ئەوەی خۆی ماندوو بکات ؟! • وەکو خەڵکەکە خۆی ئامادە بوو بۆ جێ‌بەجێ کردنی ئەم سیاسەتەی میری ، ڕێکخراوە سیاسییەکانیش نەك هانی خەڵکەکەیان نەدەدا بو سوودوەرگرتن

لە مەشقی سەربازی و بەکارهێنانی چەك و ... بەلکو ئەوەندەی بۆیان کرابێت یارمەتی خەڵکیان داوە بۆ نەکردنی سەربازی و ، ئەو سیاسەتەی میری بە هیچ جۆرێك جێگای سەرنج و گرنگیان نەبووە " (ل ٤٥٠)

زۆربەی ئەوانەی کە نەدەچوون بۆ سەربازی و خۆیان " تەسریح " دەکرد ، لە نەزانی و ساویلکەیی‌یانەوە نەبوو ، تا ناچاربن عمقل لە ناسری حەفید وەربگرن . ناسری حەفید کە خۆی دەڵی هیچ شتێك یەك لایەنی نی‌یە ، کەچی هەر خۆی خۆی بە درۆدەخاتەوە ، چونکە ئەوانەی نەدەچوون بۆ سەربازی بە جۆریکی دی بۆ مەسەلەکە دەچوون : دەیانگوت ئێمە چەند ساڵ پێشمەرگە بووین و دوژمنایەتی ئەم رژێمەمان کردووە ، ئێستە ببینە سەرباز و بچینە بەردەستی ، بە کلاوێك دەمان گرێ . قسەکەشیان ژیربێژی‌یەکی تێدا بوو . چونکە زۆر کەس لەو رێیەوە لەنێوبران .

ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە جەنابتان بۆ بنچینەی مەسەلەکە ناچن و خۆتان بە دیاردەی لاتەنیشتانەوە دەبەستنەوە . بنچینەی مەسەلەکە ڕێککەوتننامەی ١١ی مارت بوو **کە بەو شێوەیە و لەو کاتە ناسکەدا بەسترا وەك لەمەوبەر گوتم** . جا ئەو شتانەی کە لە پاش ئەوە روویان‌دا ، هەموو دیاردەی لاتەنیشتانەی ئەو دەردە بوون . کە یەکێك چاویەشەی تووش بوو ، سەریشی دێشیٚ و ئاوی لووتیشی بەردەبیٚ . بە قووتدانی حەبێکی ئەسپرین بۆ سەریەشە و بە چەند دڵۆپێك ئاوی کالیپتۆس کە بکرێتە لووتی ، نە سەریەشەکە چاك‌دەبێتەوە نە ئاوی لووت دەوەستێتەوە . لەبەر ئەوە دەبێ بەر لە هەموو شتێك بیر لە چاویەشەکە بکرێتەوە . لە کۆتایی‌ی ساڵی ١٩٦٩ دا هەلومەرجێك لە عێراق و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهاندا درووست بوو بوو ، کە ماوەی ژیانی ڕژێمی بەعس زۆر تەسك بوو بووەوە ، و وەکوو کوردەکە دەڵێ لەسەر تڕێك بەند بوو ، بەڵام ڕێککەوتننامەی ١١ی مارت ماوەی ژیان و مانی بۆ ئامادە کرد . ئەوەش ــ وەك لەمەوبەر باسم کرد و لە نووسینەکانی دیکەمدا لیٚی دوواوم ــ گوناهی بارزانی تێدا نەبوو

بەڵکوو ئۆباڵی ئەو ڕێککەوتننامەیە و ئەنجامەکانی بە ئەستۆی هوردە بۆ- ڕژوای خوێندەواری کورد بوو • چونکە ئەو بەشە هوردەبۆرژوایەی کە خۆی لە شۆڕش دابڕیبوو ، چووبووە باوەشی بەعسی‌یەکانەوە و بە چەك شەڕی پێشمەرگەی دەکرد و پێشمەرگە کوشتنی بە شانازی دادەنا بۆ خۆی و سڵاو- اتی لە دیاری بەعس دەدا • ئەو بەشە هوردەبۆرژوایەی کە خۆی خستبووە نێو شۆڕشەوە ، ئەویش هەر بە دووای دەسکەوتی تایبەتی خۆی‌دا دەگەرا لە لایەکەوە و لە ڕێی شۆڕشەوە پێوەندیی باشی لەگەل ڕژێمی شای ئێران و ئەمریکا و ئیسرائیل پەیدا کردبوو ، و لە لایەکی دیکەشەوە لە فەریکە مارکسیێتی‌ی خوی نەدەکەوت ، و لە ترسی کۆمۆنیستەکان زور بەتەنگ ئەوەوە بوو کە کارێك نەکات دڵی یەکێتی‌ی سۆڤیێت بیەشێ و ئەوە بوو بارزانی ناچار کرد کە بەو ڕێککەوتننامەیە و بەو شێوەیە رازی بێ • ئە- مەش سەبارەت بەوە بوو کە هوردەبۆرژوای فەریکە مارکسی کورد دەیزانی کە خۆی هیچ زیانێکی لێ ناکەوی • چونکە ئامانجی ئەم دەستەیە دامەزرا- ندنی کوردستانیکی ئازاد و مشوورخواردن بۆ پاشەڕۆژی نەتەوەی کورد نی‌یە بەڵکوو خۆژیاندنە لە سایەی ڕژێمە داگیرکەرەکاندا ، بەرامبەر بە بەشدار بوونی لە گێڕانی کاروباری دەوڵەتی‌ی داگیرکەراندا • ئەگەنا بارزانی خۆی لە بەستنی ئەو ڕێککەوتننامەیەدا گوناهی نەبوو ، و بەتەماش نەبوو ئەوە بکات • لێرەدا حەز دەکەم بۆ مێژوو شتێك بگێڕمەوە کە ساڵی ١٩٧٠ لە بەهەشتی ئەمیر کامەران بەدرخانم بیست ، کە لام وایە ئەم چیرۆکە هەڵوێستی ڕاستەقینەی بارزانی بەرامبەر ئەو ڕێککەوتننامەیە و هەڵوێستی هێندێك لە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهان بەرامبەر ڕژێمی بەعس لەو ڕۆژەدا بە تەواوی ئاشکرا دەکات •

لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٠ دا ئەمیر کامەران لە پاریسەوە چوو بۆ عیراق و لەوێوە بۆ کوردستان تا لە هەشتەمین کۆنگرەی پارتی‌دا بەشداری بکات کە لە یەکی تەمووزی ١٩٧٠ دا لە ناوپردان بەسترا • لە

گەڕانەوەیدا بۆ پاریس جارێکی دی بە بەغدادا تێپەڕ نەبووەوە ، بەڵکوو هەر لە ڕێی کوردستانەوە چووبووە تاران و لەوێ چاوی بە شا کەوتبوو · شایانی باسە کە ئەمیر هەر لە کۆنەوە شای دەناسی و دۆستایەتی هەبوو لەگەڵی ، و چوونی ئەمجارەشی و بەو ڕێیەدا بە ڕەزامەندی بارزانی بوو ، چونکە ـ وەك ئەمیر گێڕایەوە ـ بارزانی خۆی بە ئەمیری گوتبوو ـ کە لەو پەیماننامەیەی مارت رازی نەبووە ، و نەیویستووە شەڕ بوەستێ ، بەڵام سۆڤیێتەکان زۆریان لێ کردووە و هاوکارەکانی لە نێو شۆڕشدا نایانەوێ کارێك بکەن کە دڵی سۆڤیێت بیەشێ · هەرچی چۆنێك بێ ئەمیر گوتی کە چوومە لای شا ، یەکسەر بە لالووتیێکەوە گوتی : ها مەلامستەفا چ دەکات ؟ ئەمیر گوتی : منیش گوتم : " زۆر سڵاوت لێ دەکات و دوعای خێرت بۆ دەکات و دەڵێ بەڕاستی لە ڕێککەوتندا لەگەڵ بەعسییەکان چارم نەبوو و ڕێیەکی دی نەمابووەوە بۆم " · ئەمیر گوتی شا بە سەربادانێکەوە گوتی : " مەلا زۆر سەیرە · ئەوە هەمووی ماوەیەکی کورت لەمەوبەر پێمی ڕاگەیاند کە بە هیچ جۆرێك نایەوێ لەگەڵ بەعسییەکان ڕێك بکەوێ ، چونکە ئاگام لەوە هەبوو کە سۆڤیێت دەیانەوێ مەلامستەفا و بەعسییەکان ئاشت بکەنەوە · لەبەر ئەوە کە هەڵوێستی مەلام زانی ، دەستبەجێ کەوتمە خۆم و هەموو دۆست و هاوپەیمانەکانی ئێرانم تێ گەیاند کە مەلامستەفا پیاوێکی خراپ نییە و داری دەستی سۆڤیێت نییە ، و پێویستە یارمەتی بدرێ بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس ، چونکە ئەم ڕژێمە خەتەرناکترین ڕژێمە بۆ ئێران ، و هیچ دووریش نییە عێراق بکاتە جێپێیەك بۆ سۆڤیێت ، و ئەوحەلە ببێتە مەترسییەکی گەورە نەك هەر بۆ ئێران بەڵکوو بۆ هەموو ناوچەی خلیجی فارس و دۆست و هاوپەیمانەعەرەبەکانیشمان لەم هەرێمەدا بخاتە مەترسییەوە · بەڵام ئێستە کە مەسەلەکە وای لێهات ، نازانرێ بەرەو کوێ دەڕوات و دووریش نییە بەعسییەکان مەلا بکەنە کوتەکی دەستی خۆیان دژی ئێران " · ئەمیر گوتی منیش لە وەرامدا گوتم : " باوەڕ بفە-

رموون ـ ئا لاحەزرەت ـ مەلامستەفا هیچ رقێکی لە ئێران نی‌یە و دڵسۆزی ئا لاحەزرەتە • بەڵام گوناهی نی‌یە • هەر هێندەی لەدەست دێ • پێشمەرگە زۆر بێ پارە و چەك و تفاقە و چاوەڕوانی لوتفی ئا لاحەزرەتن " • کە لە ئەمیرم پرسی ئەی کاردانەوەی شا چۆن بوو بەرامبەر بەو قسەیەی جەنابتان ، گوتی : " شا کەمێك بێدەنگ بوو ، ئەوجا گوتی : ئێمە دەمانەوێ ئیمپراتۆریەتی ئێران بپارێزین و ئەوەش بەلامانەوە لە هەموو شتێك گرنگترە • رژێمی بەعس دەیەوێ ئیمپراتۆریەتی ئێران پارچەپارچە بکات و نەیهێڵێ و ئەوەتە هەموو توودەیی‌یەکانی گرتووەتە خۆی و بە هەموو جۆرێك پشتگیری‌یان دەکات لە دژی ئێمە • ئەوی خۆی بە دۆستی ئێران بزانێ نابێ ببێتە هاوکاری رژێمی بەعس • ئێمە یارمەتی هەموو دۆستێك دەدەین ، بەڵام هەموو یارمەتی‌یەکیش لە ئەنجامی متمانەکردنەوە بەو کەسە دەبێ کە یارمەتی دەدرێ " •

مەبەستم لە گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە ئەوەبوو کە بەهێزترین ڕژێمی ئەو سەردەمەی ناوچەکە ، واتە ڕژێمی شای ئێران • ڕژێمی بەعسی بە دوژمنی هەرە گەورەی خۆی دادەنا و دەیویست بکەوێ • ڕژێمی عەرەبستانی سەعوودی هێندە دوژمنی رژێمی بەعس بوو ، کە لە مارتی ١٩٧٤ دا شەڕ تازە بووەوە ، بە ملیۆن دیناری نارد بۆ شۆرشی کورد • هەڵوێستی دەوڵەتەکانی دیکەی ناوچەکە و دەوڵەتە ڕۆژاوایی‌یەکان بەرامبەر بەعس یان نادۆستانە یان پڕ لە گومان بوو • تاقە دەوڵەتێك کە دەیویست لە ڕژێمی بەعس نێزیك بکەوێتەوە ڕژێمی سۆڤێت بوو ، کە ئەو دەمە هێشتا لەگەڵ بەعسی‌یەکان هیچ نێوانێکی ڕەسمی بۆ بازرگانی‌ی گەورە و بەستنی پەیمانی دووقۆڵی نەبوو • رژێمی بەعس ئەودەمە بە ئاسانی دەکەوت • بەڵام رێککەوتننامەی ئازار دەرگەی ژیانی کردەوە بۆی • لەبەر ئەوە و بە پێچەوانەی قسەی جەنابتانەوە کە دەڵێن " ١١ی ئازار بارێکی لەباری دروست کرد بۆ مەسەلەی کورد " ، خەڵکەکە بە چاوی خۆیان دیان و

دەبینن کە وا نی‌یە ، و ئەم هەموو قوڕبەسەرییەی بەسەر کورد هات و دێ لە ئەنجامی ئەو " لەدایك بوون "ی ١١ی ئازارەوە بوو ، کە " لەدایك بوون " و " لەبارچوون "ی پێکەوە بوو ، چونکە هەموو " لەدایك بوون "ێکی ناخۆڕسکی " لەبارچوون "ە ، وەك چۆن ئەو چەند لاپەڕەیەی کە جەنابتان بە نیۆی " لەدایك بوون "ەوە دەری دەکەن " لەبارچوون "ی ئەو ئامانجەیە کە جەنابتان هەولی بۆ دەدەن ٠

هیچ خشتەکی بالۆرەی تڕڕم - پڕڕم - پفـف

و

جووزەلەی باندی کولتوورچی کورد لە ئەورووپا

ئوفف ... ئوفف ... ئوفف
تڕڕم ... پڕڕم ... پفف
تف لە شەرەف ... تفـف
پارە پارەی ســـــــرف
قوڵفی بگـرە قوڵـــــف
لـرف ... لـرف ... لرف
بێ‌تەرەف ، مێ تەرەف ، کفف
تڕڕم ... پڕڕم ... پفـف

## Hîçxiştekî balorey Tif̂f̂-m Pif̂f̂-im Piff-f
## ŭ
## Cûzeley bandî kultûrçî kurd le Ewrûpa

Uff ... Uff ... Uff
Tif̂f̂-im...Pif̂f̂-m...Piff-f
Tif le şeref ... Tiff-f
Pare,parey sirf
Qulfî bigre qulf
Lirf ... Lirf ... Lirf
Bêteref...Mêteref...Kiff-f
Tif̂f̂-im...Pif̂f̂-im...Piff-f

هیچ خشتەکی بالۆرەی تریڕم - بیڕم - بفف

و

جووزەلەی باندی کولتوورچی کورد لە ئەورووپا

ئوفف ... ئوفف ... ئوفف

تریڕم ... بیڕم ... پفف

تف لە شەرەف ... تفف

پارە پارەی ـــــــرف

قوڵفی بگرە قوڵـــف

لـرف ... لـرف ... لرف

بیٚ‌تەرەف ، میٚ تەرەف ، کففف

تریڕم ... بیڕم ... پفـف

٢٥٩٩ ك ــ ١٩٨٧ ف